دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٧١

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

یەك شەممە ● ١٥ی ڕەزبەری ١٣٨٦ ● ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## ناڕەزایەتی دەربڕین بە دژی سزای ئیعدام لە ئێران دا

٧ ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ (فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ (FIDH)، کۆمەڵەی مافی مرۆڤی فەرانسە (LDH)، یەکگرتنی جیهانی بە دژی سزای ئیعدام، هەواڵنووسانی بێ سنوور (RSF)، ڕێکخراوی "هەموومان بە دژی سزای ئیعدام" (ECPM)، ڕێکخراوی خەبات بە دژی ئەشکەنجەو ئیعدام (ACAT)، کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی مرۆڤ لە ئێران (LDDHI) بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازێك‌و بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین دژی ئیعدامەکان لە ئێران، داوایان لەهەموو موخالیفانی سزای ئیعدام کردوە ڕۆژی چوارشەممە ١٠ ئۆکتۆبر (١٨ی ڕەزبەر)، بەرامبەر لە گەڵ ڕۆژی جیهانیی دژایەتی لەگەڵ سزای ئیعدام، بە جلوبەرگی ڕەش لە کۆبوونەوەیەك دا لە بەرامبەر ئۆپێرای Bastille لە پاریس کۆ ببنەوە. ماڵپەری: اخبار روز






# کۆنگرەی ئەمریکا: سوپای پاسداران هێزێکی تێرۆریستییە

ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بۆ زیاتر فشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زۆرینەی دەنگ سپای پاسدارانی بە هێزێکی تێرۆریست ناوزەد کردو بەپێی ئەو بڕیارە هەر دامەزراوەیەك کە پێوەندی بە سپای پاسدارانەوە هەبێ لەلایەن ئەمریکاوە تەریك دەکەوێتەوەو هەروەها پارلمان داوای لە دەوڵەتی ئامریکا کردوە کە دەوڵەتان‌و بانکە جیهانی‌یەکان هان بدا کە سەرمایەکانیان لە ئێران بەرنە دەرەوە.

ئەو بڕیارە بە دوای دەستێوەردان‌و هاوکاریی هێزە تێرۆریستەکانی عێراق‌و ئەفغانستان لەلایەن هێزی قودسی سوپای پاسدارانەوە پەسند کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو گەڵاڵە پەسند کراوەدا هاتوە کە ئەو کۆمپانییە دەرەکییانەی لە ئێران، بە تایبەت لە بەشی نەوت‌وگازدا سەرمایەگوزاری دەکەن لە یارمەتیی دەوڵەتی ئەمریکا بێبەش دەبن‌و هەروەها دەوڵەتی ئەمریکا هاوکاریی ناوکیی ئەو وڵاتانە ناکا کە پشتیوانی لە پرۆژەی ناوکیی ئێران دەکەن.

شایانی باسە ئەحمەدی‌نەژاد پێشترو لە کاتی شەڕی ئێران‌و عێراق دا لە سوپای پاسداران دا ئەندام بووە. پێویستە بگوترێ سوپای پاسداران جگە لە چالاکیی نیزامی، لە بواری ئابووری‌و سەنعەتیش دا چالاکەو پرۆژەی گەورەی ڕێ‌و بان، بەنداو سازی‌و خانووسازی لە ئێران دا بەڕێوە دەبا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی اخبار روز




## هەڵوێستمان لە بارەی لێکدابڕان لەکۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا

سەرەنجام پاش چەند مانگ ململانێی نێوخۆیی لەنێو کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران داو، بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکان بۆ ڕێککەوتن و پێکەوە بوون، لێکدابڕان لەم ڕێکخراوەدا ڕووی داو،"ڕێبەرایەتیی ڕەوتی گەشەو چاکسازی"ی نێو کۆمەڵە، لە ڕاگەیەندراوێك دا کە ڕۆژی ٢٢|٩|٢٠٠٧ بڵاوی کردەوە ڕای گەیاند کە لە مەودوا وەك حیزبێکی جیاواز کاری خۆی دەکا.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم پێوەندییەدا بە پێویست دەزانێ ڕایگەیەنێ:

١ـ لێکدابڕان و لەتبوون لە نێو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بە زیانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ئازادیخوازی لە کوردستانە و، ئەو هەمووە پارچە پارچە بوونەی ئەوان بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هۆیەکە بۆ لاواز بوونی بزووتنەوە و پەرەگرتنی نیگەرانی لە نێو ئۆگران و پشتیوانانی خەباتی ئازادیخوازانە، هەر نەبێ لە کورتخایەندا. هەوڵدانی کەمایەتیی ڕێبەرایەتیی حدکا بۆ گەڕاندنەوەی یەکیەتی و یەکریزی بۆ نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوای کۆنگرەی سێزدەهەم، کە بە داخەوە سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا لەم تێگەیشتنەوە سەرچاوەی دەگرت.

٢ـ دیاردەی لێکدابڕان و لەتبوون کە بەداخەوە هەموو حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی لاواز بوونی کولتووری پێکەوەکارکردنە. هەمووان لەم بارەیەوە چ وەك حیزب و ڕێکخراو و چ وەك باڵ و لایەنەکانی پێکهێنەری ئەو ڕێکخراوانە کەم و زۆر ڕەخنەیان لەسەرە. تەنیا، گۆڕانی بنەڕەتی و بەخۆداچوونەوەی جیددی لە هەر کام لەو حیزب و ڕێکخراوانەدایە کە دەتوانێ هەلومەرجێکی لەبار بۆ پێکەوە کارکردن و پاراستنی یەکیەتی و یەکگرتوویی دڵخوازانەی نێو ئەوان بهێنێتە کایەوە.

٣ـ لە گەڵ هەموو زیان و شوێنەوارە نالەبارەکانی، لێکدابڕان و لەتبوون لە پێکەوەبوونی ڕواڵەتی کە هەموو هێزو تواناکان بۆ دژایەتیی یەکتر تەرخان بکرێن، باشترە. بەو مەرجەی ئەگەر لایەنەکان نەیانتوانیوە یان ناتوانن پێکەوە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێك دا کار بکەن. وەك دوو حیزبی جیاواز پێوەندییەکی سالم و دۆستانەیان هەبێ و لەمەش زیاتر ئامادە بن،

٢

## ئەمریکا، دژایەتیی لەگەڵ ئازاد کردنی ئەو ئێرانیانە کرد کە لە عێراق دەستبەسەر کراون

### فەرهادی یەکێك لە فەرماندەرەکانی سوپای قودسە



ئیسنا: ژێنراڵێکی ئەمریکایی دەڵێ: مەحمود فەرهادی، کاربەدەستی ئێرانی کە لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە لە ناوچەی کوردستان گیراوە، ماوەی زیاتر لە دە ساڵە دەستی لە "چالاکییە سیخورییەکانی تاران لە عێراق دا هەیە".

بە گوێرەی هەواڵدەریی فەرانسە: ژێنراڵ کوین بێرگنێر، وتەبێژی ئەرتەشی ئەمریکا ڕۆژی چوارشەممە لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی دا لە بەغدا بە پێداگرتن لە سەر ئەوەی کە فەرهادی یەکێك لە ئەندامانی پایەبەرزی سوپای قودسە، گوتی: ناوبراو بەرپرسی یەکێك لە سێ لکە سەرەکییەکەی سوپای قودسەو بەرپرسایەتیی چالاکییەکانی ئەو سوپایەی بۆ وێنە گوازتنەوەی چەك‌و چۆڵ، هێزو پارە لەو دیوی سنووری ئێرانەوە بۆ نێو خاکی عێراق لە ئەستۆ بووە. هەروەها لە درێژەی قسەکانی خۆی دا گوتی: ئێمە بێجگە لەوە دەزانین ناوبراو بۆ ماوەی زیاتر لە دەیەیەك دەستی لە چالاکیی سیخوری ئێران لە عێراقدا بووە.

ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست بڵاوی کردۆتەوە کە فەرماندەی چالاکییە ڕۆژانەکانی ئەمریکا لە عێراق گوتوویەتی دەیهەوێ کاتێك پەروەندەی ئەو پێنج بەرپرسە ئێرانییەی کە لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە مانگی ژانویە لە هەرێمی کوردستان گیراون لەم مانگە دا تاوتوێ دەکرێ پێشنیار، دەکا ئازاد نەکرێن.

لە ڕاپۆرتەکەی واشینگتۆن پۆست دا هاتووە: بارودۆخی گیراوان بە ڕادەیەك هەستیارە کە تەنیا پەروەندەی دەستبەسەرکراوە دەرەکییەکانە کە بڕیارە لە کۆشکی سپی دا تاوتوێ بکرێ. ژێنراڵ ڕیمۆند ئەدیرنۆ، گەورە فەرماندەری ئەمریکایی چالاکییە ڕۆژانەکانی ئەمریکا لە عێراق دا لەو بارەوە گوتی: لە بواری سەربازییەوە نابێ [ئەوانە] ئازاد بکرێن.

ئەو ڕۆژنامەیە لە درێژەدا نووسی: ڕوانگەی ئەدیرنۆ نیشانەی توند بوونی تووڕەیی پێنتاگۆن‌و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە سەبارەت بە هاوکاری نەکردنی ئێران لە پێك هاتنی سەقامگیری لە عێراق داو ئەوەش لە حالێکدایە کە یەکەم دانوستانە دوو لایەنەکانی ئێران‌و ئەمریکا دوای بیست‌و هەشت ساڵ بە ئاشکرا لە مانگی مارس لە بەغدا بەڕێوە چوو.

## نابێ کەسانێك لە خۆیانەوە لەسەر بەرنامەی ناوەکی وتووێژ بکەن

ڕادیۆ فەردا: مەحمود ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری ئێران، ڕۆژی هەینی ٣ی ڕەزبەر، دوای بەشداری کردن لە ڕێپێوانی دژی‌ئیسرائیلیی "ڕۆژی قودس" لە زانکۆی تاران ئاماژەی بە ناکۆکیی نێوخۆیی لە سەر پرسی ناوکی کردو گوتی: نابێ هێندێك کەس لە خۆیانەوە سەبارەت بە پرسی ناوکیی بیانهەوێ هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن‌و وتووێژ بکەن"

ئەحمەدی نژاد بە ئاشکرا ناوی کەسی نەهێنا، بەڵام وێدەچێ مەبەستی حەسەن ڕوحانی، سەرۆکی پێشووی دەستەی وتوێژکاری ئێرانی لە پێوەندی دەگەڵ کێشەی ناوکی دا بێ. ڕوحانی، لەم دواییانەدا لە سەفەرێك بۆ ئورووپا دەگەڵ بەرپرسانی ئالمان وتووێژی کرد. بڕیار بوو هەر لەو سەفەرەدا لەگەڵ خاوێر سۆلانا بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپاش کۆبێتەوە، بەڵام پاش ئەوەی ئەو کۆبوونەوەیە لە بەر هۆکار گەلی ناروون تێکچوو بە تەلەفون پێکەوە دوان.

ئەو کارەی ڕوحانی دەگەڵ ڕەخنەی گرووپە بونیادگەراکانی پشتیوانی ئەحمەدی نژاد بەرەوروو بۆوە، بەڵام ڕوحانیش پاش گەڕانەوەی لە چاوپێکەوتن دەگەڵ بەرێوەبەرو بەرپرسانی ڕۆژنامەکان، داکۆکیی لە سەفەرەکەو کارەکانی خۆی لەو سەفەرە دا کردو هەروەها ڕەخنەی لە بەرپرسانی ئێستای پرسی ناوکیی کۆماری ئیسلامی گرت شایانی باسە ئەحمەدی نژاد هەروەها گوتی: ئێران ئامادە نیە لە بارەی مافی سەلمێندراوی ناوکیی خۆی دەگەڵ "زل هێزەکان وتووێژ بکا. ئەو قسانەی ئەحمەدی نژاد دوو ڕۆژ دوای ئەوە دەکرێن کە بوش، سەرۆك کۆماری ئەمریکا، بە ئاماژە بە ئیستراتیژیی وڵاتەکەی سەبارەت بە پەروەندەی "کۆریای باکوور دەتوانێ نموونەیەك بۆ ئێران بێ".




سەرۆك کۆماری ئەمریکا ڕۆژی چوارشەممە پێداگریی کردبۆوە کە ئەگەر ئێران چالاکییە ناوکییەکانی ڕاگرێ ئەگەری وتووێژی ڕاستەوخۆ نێوان دوو وڵات هەیە. ئەوە لە حالێکدایە دەوڵەتی فەرانسە داوای لە یەکیەتیی ئورووپا کردوە کە گەمارۆی زیاتر دژی ئێران پەسند بکا. بریتانیاش پشتیوانیی لەو پێشنیارەی فەرانسە کردوە.


ئەگەرەکانی هێرش بۆ سەر ئێران و هەڵوێستی هێندێك لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری ٢


دیدارو کۆبوونەوەکانی مامۆستا حەسەن زادە لە دەرەوەی وڵات ٤


لە بیست ساڵەی شەهید بوونی خدرە سووردا ٥


ڕاپۆرتێك لە شاری "وان"ەوە ٥


پردی ئەجەل ٨


قەیران لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دا ١٠

## هەڵوێستمان لە بارەی لێکدابڕان لەکۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا

لە چوارچێوەی بەرەیەك یا ئیئتیلافێك لە حیزبە جۆراوجۆرەکاندا یەك بگرن و هێز و تواناکانیان بۆ هێنانە دیی ئامانجە هاوبەشەکان بخەنە سەر یەك.

٤ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان وێرای بە داخبوون لە لێکدابڕان لە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دا، هەر وەك پێشتر ئامادەیی خۆی بۆ لێك نزیك کردنەوەی هەر دوو لایەنی نێو کۆمەڵە ڕاگەیاندبوو، لە مەودواش ئامادەیە بۆ لێك نزیك کردنەوە و پێکهێنانی پێوەندییەکی دۆستانە لە نێوانیان دا هەنگاو بنێ. حیزبی ئێمە هەموو کۆمەڵەکان بە دۆستی خۆی و خۆی بە دۆستی هەموانیان دەزانێ و، درێژەدانی پێوەندیی دۆستانە و هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ ئەوان بە ئەرکی خۆی دادەنێ. ئارەزووشمان ئەوەیە لەتبوون و لێکدابرانی ئەم دوایانە لە جیاتی پرژوبلاویی زیاتری ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ببن بە سەرەتایەك بۆ بە خۆداچوونەوە و گۆڕانی پۆزەتیف لە نێو هەموو لایەنەکان دا و، قۆناغێکی نوێ لە هاوکاری و هاوخەباتی و پێشبڕکێی سالم لە سەر داهێنانی بەرنامەو پرۆژەو مێتۆدی نوێیان لێ بکەوێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی

٢٠٠٧/٩/٢٨
١٣٨٦/٧/٦

# ئەگەرەکانی هێرش بۆ سەر ئێران و هەڵوێستی هێندێك لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری

هەژیر عەبدوڵڵاپوور

ئەگەر هەر بەو جۆرەی کە وێدەچێ ئابڵۆقە و بایکۆتەکان لەسەر رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەنجامێکی لێ شین نەبێتەوە و بەرپرسە کەللەڕەقەکانی ئەو رێژیمە هەروا لەسەر درێژەدان بە پیتاندنی ئۆرانیۆم و هەڵخراندنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پێداگری بکەن، ئەو کات بەربژێری خۆف هێن و نەخوازراوی شەڕ داوێنی ئەم وڵاتە دەگرێتەوە و هەروەك لە ئێستا ڕا دیارە مانگ بە مانگ و حەوتوو بە حەوتوو و ڕۆژ بە ڕۆژ، تارمایی شەڕ و هێرشی سەربازی بۆ سەر رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەشێوەیەکی ترسناکتر لە هەواڵ و وتەکان دا خۆدەنوێنێ و ئەم چەشنە ئاخاوتنانە هەر ئەو مانگ و ڕۆژانەمان دەخەنەوە بیری کە بەر لە هێرش بۆ سەر وڵاتانی ئەفغانستان و ئێراق لە میدیا و ڕاگەیاندنەکانەوە بەر گوێ دەکەوتن و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە بە لێکدانەوەی هەڵە و هاتوهاوار و فڕوفیشاڵ و بە جیددی نەگرتنی هەڕەشەکانی خۆراوا، ویراژ و مانۆڕی قەبەیان لێدەدا و لەراستیدا هیچکام لەو هاشوهووش و بەناو تاکتیکانەش بە فریایان نەکەوتن و پاش چەند حەوتوو بەرگری و خۆڕاگریی دەستەوەستانانە، ئەو دوو رێژیمەش تێك قرمان و بە تەواوی لێکهەڵوەشان و پووکانەوە.

ڕێبەرانی ئێستای کۆماری ئیسلامیش لەمبارەوە بەڕواڵەت هیچ چەشنە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەك لەخۆ نیشان نادەن و ئەم مەسەلەیە بە جیددی ناگرن. خامەنەیی و سەرۆك کۆمار لەو بڕوایە دان کە "نە ئەمریکا و نە هیچ هێزێکیتر زاتی ئەوەیان نیە هورووژم بکەنە سەر ئێران و ئەگەر وەها شاڵاوێکیش بکرێتە سەر رێژیمەکەیان، هێرشبەران لە لایەن هێزە تەکووز و ناتەکووزەکانی ئێرانەوە وەها زەبرێکیان بەر دەکەوێ کە لە کردەوەی خۆیان پەشیمان ببنەوە"! و بە جیهانیان ڕاگەیاندوە کە "دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران داخراوە"! وێدەچێ دەسەڵاتدارانی رێژیم بەم لێکدانەوە و لێدوانە سەقەتانەیان بە ئەرخەیانی پاڵیان لێدابێتەوە و سەرینی خاترجەمیان نابێتە ژێرسەر و پێیان وابێ کە ئەمریکا بە دەرگیربوون لە دوو بەرەی شەڕ ناتوانێ بەرەیەکی دیکەی شەڕ، ئەویش دەگەڵ ئەوان بکاتەوە و ئەوان هەروا دەتوانن درێژە بە سیاسەت و کردەوەی ناتەبا دەگەڵ نۆرم و بەها ئەمڕۆیی و جیهانییەکان بدەن و دەسەڵات و هێژموونی خۆیان بپارێزن. ئەگەریش کەسانێك لە دەسەڵات دا هەبن کە هەستیان بەو مەترسیە کردبێ و پەرۆشی وەزعی خۆیان و رێژیمەکەیان بن یان بێدەنگییان هەڵبژاردوە و یان دەست ڕۆیشتوویی و برشتێکی ئەوتۆیان لە داڕشتنی سیاسەتەکانی رێژیمەکەیان‌دا نیە.

هەرچۆنێك بێ، ئەمڕۆکە سەردێڕی زۆربەی هەواڵ و ڕاپۆرت و لێدوانەکان باس لە ئاڵۆزی و گرژی ڕوولەزیادبوونی نێوان ئەمریکا و ئێران دەکەن و لەم کێشمەکێشەش دا بریتانیا و فەرانسە و ئەڵمان و هولەندیش کەموزۆر دەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەمریکا هاوڕاییان کردوە و تەنانەت هێندێ لە بەرپرسانی ئەمریکا و ئیسراییل بەربژێری نیزامی بە دوایین ڕێگەچارە دەزانن و بەشێك لە داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا باس لەوە دەکەن کە "دیپلۆماسی هەرەسی هێناوە و دەبێ ڕێگەچارەی نیزامی دژی ئێران تاوتوێ بکرێ". هەڕەشەی کوشنێر« وەزیری دەرەوەی فەڕانسەش هەروا بە ختوخۆڕایی و هەڵەیەکی زمانی نەبووە کاتێ کە دوو حەوتوو لەمەوبەر گوتی"ئێمە دەبێ خۆمان بۆ خراپترین بارودۆخ کە وێدەچێ شەڕیش بێ، ئامادە بکەین" و، هەر چەند ڕۆژ دواتر لۆسیاکۆف جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسییەش دوای وتووێژ دەگەڵ کوشنێر بە هۆی مەترسیی سەرهەڵدانی شەڕ ڕایگەیاند کە ئێمە "بە نیازین پسپۆڕەکانمان لە ئێران بەرینە دەرێ". لە وەها دۆخێکدا کە حکوومەتی ڕووسیە وەك نزیکترین دۆستی کۆماری ئیسلامی هەستی بە مەترسیی هەڵایسانی شەڕ کردوە، بەڵام دەسەڵاتبەدەستانی ئێران وەك کەو سەریان لە بەفری ڕۆکردوە و بێجگە لە دانی دروشم و درۆ و دەلەسە بە کردەوە هەنگاوێکی ئەوتۆیان بۆ ڕەواندنەوەی مۆتەکەی شەڕ نەناوە. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەو کۆڕایی (اجماع نظر)ەی کە تا ئێستا ئەمریکا دەگەڵ وڵاتە بەهێزەکان دژی ئێران ڕێکیخستوە، تەنانەت تا کاتی لێدان بە دژی عێراقیش وەدەستی نەخستبوو و هەر ئێستاکە زۆرێك لە وڵاتانی بەهێزی ئورووپایی خوازیاری گەمارۆ و بایکۆتی زیاتری ئێران لە دەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایشن و ئەمەش خاڵێکی بەهێزە بۆ ئەمریکا کە بە پاڵپشتی و پشتیوانیی ئەو هێزانە بتوانێ لە پلان و نەخشەکانی بە دژی کۆماری ئیسلامی لە ئێستا و داهاتوودا کەڵك وەربگرێ و ڕەوایی زیاتر بە کردەوەکانی لە دژی ئەو ڕێژیمە بدا.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە هەرچەند سیناریۆی ئەگەری هێرشکردنە سەر ئێران بەو ئەزموون و دەرنجامانەی کە ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان وەدەستی خستوە، بە تەواوی جیاواز دەبێ و ئەمریکا تاکتیك و سیناریۆیەك بەڕێوەدەبا کە کەمترین زیان و کێشەی بۆ ئەو وڵاتە بەدواوە بێ و نایهەوێ زۆنگاوێکیتری وەکوو عێراق بۆ خۆی بخولقێنێ، بەڵام بەسەرنجدان بە بەربڵاویی خاکی ئێران، بوونی زیاتر لە هەزار شار و شارۆچکە، حەشیمەتی حەفتا میلیۆنی، فرەنەتەوەبوونی ئەم وڵاتە و پەرەم پەرەم بوون و پەرتەوازەیی ئۆپۆزیسیۆن و بوونی هەزاران کەسی خۆکوژی سەر بەو ڕێژیمە و ... بە دەسپێکردنی هەر چەشنە شەڕێك، ئێران دەبێتە گۆڕەپانی کێشمەکێشی نەتەوەیی، ئایینی و سیاسی و بگرە شەڕی تایفی و نێوخۆیی و لە ئەنجامدا بێسەرەوبەرەیی و بشێوی تەواوی وڵات دادەگرێ و چاوەڕوانی زۆر ڕووداوی دڵتەزێن و ناخۆشیشی لێبەدی دەکرێ. هەرچەند وەزیرانی دەرەوەی گرووپی ٥+١ لە ٢٨ی سێپتامبر دا جەختیان لەسەر پێویستیی وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ناوکیی ئێران کردوە، بەڵام بەوحاڵەش و بەڕەچاوکردنی ئەو لێکدانەوەو تێبینییانەی سەرەوەش گوشار و ئابڵۆقە خستنەسەر ڕێژیم و هەڕەشە لە دژی ئەو ڕێژیمە لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە هەروا بەردەوامە.

لەراستیدا، هەرچی کات تێدەپەڕێ، ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕیش نزیکتر دەبێتەوە، کۆماری ئیسلامیش تاکوو ئێستا نەیتوانیوە خۆراوا ڕازی بکا بەوەیکە بەرنامە ناوکییەکەی ئاشتییانەیە و لەم پێوەندییەدا سیاسەتی کات بەخت کردن و بێنەوبەرە پێکردنی ڕەچاو کردوە و ئەمە جیا لەوەشە کە بووش لە قسەکانی خۆیدا لە ڕۆژی ٢٨ی سێپتامبر لە بەرامبەر نیزامییەکان دا ئێرانی وەك گەورەترین دابینکەری دارایی تیرۆریزم لە جیهان‌دا ناساند و بەڵێنی‌دا کە دەگەڵ چالاکییە مەرگ خولقێنەکانی ئەو وڵاتەدا بەربەرەکانی بکا. لە بەرامبەریش‌دا ڕێژیم تاکوو ئێستاش تێگەیشتنێکی دروستی لە واقیعی هەنووکەیی نەخستۆتەڕوو و تەنانەت ڕێبەرەکەی لە نوێژی هەینی‌دا ڕووهەڵماڵاوانە مزگێنیی ئەوە بە نوێژکەران دەدا کە گۆیا بەم زووانە ئاغای بووش دەداتە دادگایەکی نێونەتەوەیی!! لە وەها بارودۆخێکدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دەربازبوون لە تێوەگلان لە شەڕێکدا کە ئاکام و ئاسەوارەکانی ڕوونە، ئەم دوو ڕێگایەی لەبەردەم دایە: ١) داخوازە ڕوون و دیارەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی واتە هەڵپەساردنی پیتاندنی ئۆرانیۆم وەك بیانووی سەرەکیی هێرشی نیزامی بۆ سەر خۆی، جێبەجێ بکا. ٢) ملدان بە ڕیفۆرم و کردنەوەی کەشی سیاسیی ئێران و بەشداریپێکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە گۆڕان و دیمۆکراتیزەکردنی وڵات تاکوو لەم ڕێگەیەشەوە بتوانێ متمانەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وەدەست بێنێ و سەرەنجام نیگەرانیی خۆراوا سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی برەوێنێتەوە.

لەم هەلومەرجە ناسکەدا، ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم زیاتر لە پێشوو پەرەمپەرەم و پرشوبڵاوە و سیاسەتێکی ڕوون و یەکگرتووی لەم هەلومەرجە ناسکەدا نەگرتۆتەبەر و بەشی هەرەزۆری ئەم بەرهەڵستکارانە لە ڕووخاندنی ڕێژیم بەدەست خۆیان هیوابڕاو بوون و وەها بەدەست ناکۆکی ئیدئۆلۆژیکی، گرووپی و سیاسییەوە دەناڵێنن کە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ بەمزووانەش شاهیدی بەرەیەکی یەکگرتوو کە خاوەنی بەرنامە و ستراتیژییەکی ڕوون بۆ چۆنیەتی ڕووخاندنی ڕێژیم و یا خود بەڕێوەبردنی وڵات لە داهاتوودا بێ، ببین. ئۆپۆزیسیۆن و زۆرێك لە خاوەنڕایان لەو بڕوایە دان کە بۆ تێکەوەپێچان و هەڵوەشاندنەوەی ڕێژیمێکی تۆتالیتێر و سەرەڕۆی وەك کۆماری ئیسلامیش یان دەبێ ئەرتەش وەخۆکەوێ و کودەتا بکا یا خود شۆڕشی سەرانسەری نەتەوەکانی ئێران بارگەوبنەی ڕێژیم تێکەوەپێچێ و یان سەرەنجام هێزێکی دەرەکی بە زەبری هێرشی نیزامی کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە بێنێ. ئەگەر بێین ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە دوو بەشی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و ناسەرانسەری زمان دابەش بکەین، کە مەبەستی ئێمە لێرەدا ئۆپۆزیسۆنی سەرانسەرییە، دەبێ بڵێین کە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لە تەواوەتی خۆیدا لەگەڵ هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران نین و دەڵێن ئەم پرۆسەیە وەك وڵاتی ئێراق تەقینەوە و پشێوی و بێسەروبەرەییەکی کۆنترۆڵنەکراوی لێدەکەوێتەوەو دیمۆکراسی و ئاشتەوایی بەدوای خۆیدا ناهێنێ و هەمان پلانی باڵکانیزەکردن و سەرەنجام پارچەپارچەبوونی وڵاتی بەدوادا دێ!! بگرە هێندێك لەم بەناو ئۆپۆزیسیۆنانە ڕایانگەیاندوە کە ئەولەوییەت بۆ ئەوان پاراستنی ئێرانە و هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران مەترسییەکە کە لێکهەڵوەشانی ئێران وەك نەتەوەیەك!!ی بەدوادادێ و "مەبەستی نگریسی هێزە جیاییخوازەکان دێتەدی" و بێتو هێرشی نیزامی بکرێتە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوان پاڵ بە ڕێژیمەوە دەدەن و دژی هێرشبەران ڕادەوەستن! بێگومان گرتنەبەری ئەم چەشنە هەڵوێستە هیچ کاریگەرییەکی لە پێشگرتن لە هەڵایسانی شەڕ نابێ و نە تەنیا کەلێن دەخاتە ناو هاوپێوەندیی نێوان نەتەوەکانەوە بەڵکوو ئەو ئەگەرەش بۆ ڕێژیم دەڕەخسێنێ کە بە دنیای دەرەوە وا بنوێنێ کە بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی لەگەڵ دایە.

هەروەها بەشی زۆری ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن بە بیانووی ئەوەی خەباتێکی جەماوەری سەراسەری تاکوو ئێستا لە ئارادا نیە و هیچ هێزێکی سەرانسەریش نیە کە دینامیزمی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە وەگەڕ بخا و ڕێبەریی بکا و هەروەها بەهۆی ترس لە بەلارێدابردنی شۆڕشی سەرانسەری و سەرکوتی بێبەزەییانەی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، دەگەڵ شۆڕشی سەرانسەری نەتەوەکانی ئێران نین و تەنیا بەپارێزەوە و بەڕەچاوکردنی تێبینی سەیروسەمەرە و دڵخوازی خۆیان دەگەڵ ئەم پرۆسەیە دەکەون و زیاتر جەخت لەسەر ڕێگەچارەی شۆڕشی نەرم (انقلاب مخملی) ئەویش بە مەرجێك کە خۆیان ڕێکخەر و ڕێبەر و دەسەڵاتداری یەکەم بن، دەکەنەوە و لەم سۆنگەیەوە دەبێ نەتەوەکانی (دیارە بە قەولی ئەوان "قوم"ەکانی) دیکەی ئێران هەروا وەك پلە دوو بمێننەوە و لە مافە نەتەوایەتی و سیاسی و کولتوورییەکانیان بێبەری بن، نەوەکوو خوای نەخواستە بە دەستەبەربوونی ئەم مافانە ئێران تووشی پارچەپارچەبوون بێ!! هەرچەند تاکوو ئێستا هیچکام لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران دروشمی سەربەخۆییان هەڵنەگرتوە ـ ئەگەر وەها دروشمێکیش بەرز بکەنەوە شتێکی سروشتییە و تاوان نیەـ و بەزۆرینە خوازیاری دامەزراندنی وڵاتێکی دێمۆکرات و پلۆراڵ بە بوونی مافی وەك یەکەوەن، بەڵام دەبێ ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن ئەم واقعییەتە بسەلمێنن کە بە دابین بوونی مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکانی سەرجەم نەتەوەکانی ئێران و بەشداریی نوێنەرانی گشت لایەنە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی وڵات دایە کە شیمانەی پارچەپارچە بوونی وڵات ـ واتە ئەو بیرۆکەیەی کە تەنیا لە زەین و خەیاڵی ئەوان دایە ــ بۆ هەمیشە دەڕەوێتەوە و لە وەها حاڵەتێك دایە کە نەتەوەکانی ئێرانیش پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان (منافع ملی) لە ئەولەوییەت دادەنێن.

هەروەها ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن ڕێگەچارەی هەڵگەڕانەوە(کودەتا)ش بەهۆی کۆنترۆڵ و لەبەردەست دا بوونی

**لە راستیدا، هەرچی کات تێدەپەڕێ، ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕیش نزیکتر دەبێتەوە، کۆماری ئیسلامیش تاکوو ئێستا نەیتوانیوە خۆراوا ڕازی بکا بەوەیکە بەرنامە ناوکییەکەی ئاشتییانەیە و لەم پێوەندییەدا سیاسەتی کات بەخت کردن و بێنەوبەرە پێکردنی ڕەچاو کردوە**

تەواوی دامودەزگا هەستیارەکان لە دەست تاقمێکی بچووك لە دەسەڵاتداران بە شتێکی مەحاڵ دەزانن و تەنانەت دەڵێن ئەگەر شتی واش ڕوویدا تەنیا دیکتاتۆریی نیزامی جێگەی دیکتاتۆری ئیسلامی دەگرێتەوە و شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، کە ئەمەش گریمانەیەکە کە ناکرێ بە ڕوونی پێشبینی بکرێ کە چ ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە.

بە کورتی سەردەمی ئەمڕۆ، سەردەمی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ئارەزوومەندانەی نەتەوەکانە و مافی دیاریکردنی چارەنووسیش مافی بێئەملاوئەولای گشت نەتەوەکانە و نەتەوەی کوردیش مافی خۆیەتی بە شێوەی ئاشتییانە و بە کەمترین تێچوو ڕێگەی دیمۆکراسی و ئازادی بپێوێ و بە مافەکانی شاد بێ.

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیک لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

**سنە:**

## ئاکۆ کوردنەسەب، ٣ ساڵی زیندانی بۆ دەرچوو

ڕێکەوتی ٣١ی خەرمانان، لقی یەکی دادگای شۆڕشی سنە دوایی نزیک بە دوو مانگ لە دەست بەسەرکرانی ئاکۆ کوردنەسەب هەواڵنێری حەوتوونامەی "کەرەفتوو" حوکمی ٣ ساڵ زیندانی تەعزیری بەسەردا سەپاند. پێویستە بگوترێ ناوبراو بەهۆی هێندێ تۆمەتی بێبەڵگەوە کە دادگای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی داوێتە پاڵی دەستبەسەر کراوە.

## تەقینەوەی دوو بۆمب لە پێشانگەی حەوتووی "دفاع مقدس" لە شاری سنە

ڕۆژی دووشەممە (١٣٨٦/٧/٢) دوو بۆمبی دەست ساز لە پێشانگەیەکی تایبەت کە بە بۆنەی حەوتووی "دفاع مقدس" لە گۆڕەپانی ئازادی (اقبال)ی شاری سنە بەرپا کرابوو تەقینەوەو لە ئاکامی ئەو تەقینەوانەدا کەلوپەلی پێشانگەکە کە بریتی بوون لە کۆمەڵێک کتێبی ئایینیو هەروەها هێما ئایینییەکان، سووتانو هەروەها دوو کەسیش بریندار بوونو ڕەوانەی نەخۆشخانە کران.

بەدوای ئەو ڕووداوەدا هێزەکانی ئینتیزامیو ئیتلاعات ڕژانە گۆڕەپانەکەو بە شێوەیەکی توندوتیژانە بڵاوەیان بە خەڵک کرد.

جێگای ئاماژەیە خەڵکی سنە زۆر بەکەمی سەردانی پێشانگەکان دەکەنو هۆڵەکانی ئەو پێشانگەیانە بەدرێژایی ڕۆژ بەتاڵن.

## دەرچوونی حوکمی زیندانی بۆ دوو نووسەر

ماڵپەری موکریان: لقی یەکی دادگای حقوقی سنە دوو نووسەری سنەیی بە ناوەکانی ئیجلال قەوامیو جەهانگیر هاشمی بە زیندان مەحکوم کرد.

ناوبراوان بە تۆمەتی بڵاو کردنەوەی وتاری پێچەوانەی ڕاستی لە حەوتوونامەی داخراوی "پەیام مردم" بە ١٠٠ ڕۆژ زیندانی مەحکوم کران کە ئەو حوکمە بە سەرنجدان بە هەلومەرجی تایبەتی ناوچە، بۆ پەنجا هەزار تمەن جەریمەی نەغدیو دوو ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراو داشکا.

شایانی باسە، ئیجلال قەوامی، ماوەیەک لەمەوبەر لە پەروەندەیەکی دیکە لەلایەن لقی یەکی دادگای شۆڕشی سنەوە، بە تۆمەتی شێواندنی ئاسایشی نەتەوەییو پڕۆپاگەندە دژی ڕێژیم بە سێ ساڵ حوکمی تەعزیری مەحکوم کرابوو، کە ئێستا لە زیندانی ناوەندی سنە دایە.

## نارەزایەتی دەربڕینی کرێکارانی ڕستنو چنینی (کارخانەی نەساجی) کوردستان

ئاژانسی هەواڵی موکریان: لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا ٢٢ کەس لە کرێکارانی کارگەی ڕستنو چنینی کوردستان، بۆ نارەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر بە نوێ نەکردنەوەی گرێبەستەکانیان لەلایەن خاوەن کارەکانیانەوە لەبەر دەرگەی کارگەکەیان کۆبوونەوەو داوای چوونە سەر کاریان کرد. دەگوترێ کرێکارە دەرکراوەکان زیاتر لە دە ساڵە لەو کارگەیە کار دەکەن، لە سەرەتای مانگی ڕەزبەرەوە تاکوو ئێستا بە چەندین جار سەردانی پارێزگاو دایرەی کاریان کردوە بەڵام وڵامی شیاویان پێ نەدراوەتەوە.

**بۆکان:**

## مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی "کشش"

ڕۆژی دووشەممە، ٢ی ڕەزبەر، کرێکارانی شیرکەتی "کشش"ی شاری بۆکان، بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بە دژی نەدانی حەقدەستی کارەکەیان دەستیان بە مانگرتن کرد. کرێکارانی ئەو شیرکەتە کە زیاتر لە سی کەسن، چوار مانگە حەقدەستیان پێنەدراوە.

حەبیبی سەرۆکی شیرکەتی "کەشش" لە وەڵامی داخوازی کرێکارانی مانگرتوودا وتی، هەر کەس پێیخۆشە کار بکاو کێش پێیناخۆشە بڕوا، جارێ پووڵمان نیە.

شیرکەتی کەشش کەوتۆتە سەر ڕێگای بۆکان - سائینقەڵاو کاری دروستکردنی سیلۆیە بۆ عەمبار کردنی گەنمو دەغڵو دانی دیکە.

## کوژرانی بڵاوکەرەوەیەکی مادده سڕکەرەکان

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، ٢ی ڕەزبەر کەسێک بە ناوی حوسێنی پڵاتینی لە نیزیک نەخۆشخانەی کۆنی شاری بۆکان بە گوللە کوژرا. شایانی باسە پێشتریش چەند کەس لە مۆرەکانی بڵاوکەرەوەی ماددەسڕکەرەکان لەلایەن خەڵکەوە کوژراون.

**دێولان:**

## دەسبەسەر کردنی هاووڵاتیان هەروا درێژەی هەیە

ڕۆژی پێنج شەممە ١٣٨٦/٦/٢٩هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتو سوپای پاسداران، ٨ هاووڵاتی خەڵکی گەورەدێی "قوڕی چیا" سەر بە شاری "دێولان"یان بە تۆمەتی پێوەندیو هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکان دەسبەسەر کردو ڕەوانەی زیندانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری قوروەیان کردن.

ناوی گیراوەکان بریتین لە: ١- هادی حوسێن پەناهی ٢- ئەفشین حوسێن پەناهی ٣- سیروان حوسێن پەناهی ٤- ئارمان حوسێن پەناهی ٥- ڕەفیق حوسێن پەناهی ٦- مەحموودحوسێن پەناهی ٧- فەرزاد حوسێن پەناهی ٨- بەدیع حوسێن پەناهی

پێویستە بگوترێ سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی ١٣٨٦ /٦/٣٠، ئیقباڵ حوسێن پەناهی باوکی یەکێک لە گیراوەکان دەسبەسەر کرا کە خەڵکی قوڕی چیا بەگژ هێزەکانی ڕێژیم داچوونو دوای شکاندنی ٢ ماشێنی هێزەکانی ئیتلاعاتو سوپایان ناچار کرد، پاشەکشە بکەنو شوێنی ڕووداوەکە بەجێ بێڵن.

## دەرچوونی بڕیاری یەک ساڵ زیندان بۆ دوو هاووڵاتی دێولانی

دوو هاووڵاتی دێولانی بە ناوەکانی "سەلاح محەممەدی" کوڕی شەهید حەمە حاجیو"عەتا محەممەدی" کوڕی شەریف کە لە ڕێکەوتی ٢٣ی گەلاوێژی ئەم ساڵەوە بە تۆمەتی هاوکاریی لە گەڵ حیزبە کوردییەکان لە شارۆچکەی بلوانـاوا دا دەسبەسەرکرابوونو ئێستاش لە زیندانی ئیتلاعات دان هەر کامەیان بە یەک ساڵ زیندانی لە زیندانی ئێڤین مەحکووم کراون.

**مەریوان:**

## دوور خرانەوەی چالاکێکی سیاسی بۆ لورستان

چالاکێکی سیاسی بە ناوی عوبەید زارعی خەڵکی مەریوان بۆ ئوستانی لوڕستان دوور خرایەوە. ناوبراو ڕۆژی ٤ی پووشپەڕ لەگەڵ ٣ برای دیکەی لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی شاری مەریوانەوە دەسبەسەر کراو دواتر بۆ شاری سنە ڕاگوێزراو بۆ ماوەیەک لە ژووری تاکە کەسیدا ئەشکەنجە کرا.

عوبەید ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ یەکێک لە براکانی بە ناوی سابیر بە دانانی ٤٠ میلیۆن تمەن بارمتە ئازاد کرا.

پەروەندەی عوبەید بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دراوە بە ئیتلاعاتی سنەو حەراسەتی زانکۆ. ناوبراو تا دەرچوونی حوکم لەلایەن دادگاوە بۆ ئوستانی لورستان دوور خراوەتەوە.

شایانی باسە عوبەید ڕەحمانی یەکێک لە چالاکانی زانکۆی کوردستانو بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستانە.

## پەلاماری بێ هۆی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر هاووڵاتیان کوژرانو برینداری لێ دەکەوێتەوە

هێزەکانی ڕێژیم دوای پەلاماری ماڵێک لە مەریوان ٦ کەس دەسبەسەر دەکەن کە هۆی دەستبەسەر کردنیان ڕوون نیە. لە کاتی گوازتنەوەیان بەرەو بنکە ترسناکەکانی دا سێ کەسیان هەڵدێنو هێزەکان وەدوایان دەکەونو تەقەیان لێ دەکەن، کە لە ئاکام دا کەسێکیان بە ناوی "محەمەد بسامی" دەکوژرێو دووانەکەی دیکەش بریندار دەبن. شایانی باسە تەرمی ناوبراویان هێشتا تەسلیم بە بنەماڵەکەی نەکردۆتەوە.

**قوڕوەو بیجار:**

## پیسبوونی ئاوی خواردنەوەی ٢١ ئاوایی کوردستان بە ماددەی شیمیایی ئارسێنیک

ئاژانسی هەواڵی موکریان: ئاوی خواردنەوەی ٢١ ئاوایی لە دێهاتەکانی قوڕوەو بیجار لە پارێزگای کوردستان بە مادەی شیمیایی "ئارسێنیک" پیس بووە خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ ئاودێری کێڵگەو ئاژەڵەکانیان لەو ئاوە پیس بوانە کەڵک وەردەگرن.

بەرپرسی ئیدارەی ئاوو زێرابی دێهاتەکانی پارێزگای کوردستان لە وتووێژێک دا ئەو هەواڵەی پشت ڕاست کردەوە.

ناوبراو لە درێژەدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو ئاواییانە بریتین لە: نەجەف ئابادی بیجار( ٧ ئاوایی)، قوڕوە (٣ ئاوایی)، قسڵان (٤ ئاوایی)، بلدستی (١ ئاوایی)، کەریم ئاوای عەلی پووری (٣ ئاوایی).

**سەردەشت:**

## ئەندامێکی حیزب بە هۆی پێکدادانی ماشێن گیانی لە دەست دا



ڕۆژی یەکشەممە ١٣٨٦/٧/٨، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوی سیامەند ئەمین پوور کوڕی شەهید هەمزە ئەمین پوور بەهۆی پێکدادانی ماشێن گیانی لەدەست دا.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٧٦ەوە وەک ئەندامێکی چالاکو دڵسۆزی حیزب کاری کردوەو خۆشەویستی خەڵکی زێوەو دەوروو بەری بوو. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو هاوڕێیانی دەکەین.

## تەقەی کەسانی نەناسراو لە ماشێنێکی ڕێژیم کوژراوێکو چوار برینداری لێ دەکەوێتەوە

ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەڕ ماشێنێکی سەر بە ڕێژیم لە شوێنێک لە نێوان شارەدێی میراوێو گوندی ئاڵوەتانی سەردەشت لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراو دەکەوێتە بەر تەقەو لە ئاکام دا کەسێک دەکوژرێو ٤ کەسیش بە توندی بریندار دەبن.

شایانی باسە کوژراو بریندارەکان دوای ڕووداوەکە بە زووترین کات گوازراونەتەوە شارەدێی میراوێ.

## ئافرەتێک بەهۆی تەقینەوەی گاز گیانی لە دەست دا

ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەر، خاتوو زێنەب خوشکی شەهید عەلی سەیدی خەڵکی گوندی لیلانە بە هۆی تەقینەوەی کەپسولی گاز گیانی لە دەست دا. شایانی باسە ناوبراو وێڕای بنەماڵەکەی لە کورەخانەیەکی شاری کەرەج کاری دەکرد بە هۆی تەقینەوەکە کچێکو کوڕێکی ناوبراویش بریندار بوون، کە برینی کوڕەکە زۆر قورسە.

بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسو کاری خاتوو زێنەب دەکەین.

**سەقز:**

## لاوێک بوو بە قوربانی مادده سڕکەرەکان

ڕۆژی چوار شەممە (١٣٨٦/٧/٤) لاوێک بە ناوی بەختیار فەهیمی تاڵەجەری دانیشتووی گەڕەکی حەماڵاوای شاری سەقز بە هۆی بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان گیانی لەدەست دا.

لە مانگی ڕابردوو دا ٦ کەس لە سەقز بە هۆی مادده سڕکەرەکان گیانیان لەدەست داوەو کەسێکی دیکە بە ناوی حامید فەرەجی کوڕی سەلیم دانیشتووی گەڕەکی بەدبرانی سەقز کە لە زیندان دا بە هۆی نەخۆشی ئایدز گیانی لە دەست دا، لە قوربانیانی ماددەسڕکەرەکان بوو.

جێگای ئاماژەیە دامودەزگاکانی ڕێژیم لە شارەکانی کوردستان بە ئاشکرا مادده سڕکەرەکان لە نێو لاوان دا بڵاو دەکەنەوەو بەم شێوەیە بەربەرەکانی لە گەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە لە کوردستان دەکەن.

## دەرچوونی حوکمی زیندانیو قەمچی لێدران بۆ ٥ هاووڵاتیی سەقزی

لقی ١٠٢ی سزاکانی دادگای سەقز، ٥ هاووڵاتیی بە ناوەکانی "ئەنوەر حوسێن زادە"، "کامیل حەکیمی"، "عەتا حوسێنی"و "خالید بێ خاڵی" بە تۆمەتی کۆبوونەوەی نایاسایی هەر کام بە سێ مانگو ڕۆژێک زیندانی تەعزیریو ٤٠ زەبر قەمچی مەحکووم کردوە. لە دادنامەیەک دا کە بۆ ئەو پێنج کەسە دەرچوە، هاتوە "ئەو حوکمە بۆماوەی سێ ساڵ هەڵدەپەسێردرێو ئەگەر دیسان تووشی تاوان ببنەوە، وێڕای سزای نوێ بۆ تاوانەکەیان ئەو حوکمەشیان لەسەر بەڕێوە دەچێ".

**تاران:**

## دەرکرانی دوو خوێندکاری کوردی زانکۆی ڕەجایی تاران

دوو خوێندکاری زانکۆی پەروەردەی مامۆستایان (تربیت معلم)ی ڕەجایی تاران، بە ناوەکانی مەسعود مەنسووریو شەماڵ ڕۆستەمی بە هۆی کێشەی بیرو باوەڕی سیاسییەوە لە پەروەردەو فێرکردن (ئاموزشو پەروەرش) دەرکران.

ئەو دوو خوێندکارە کوردە بە تۆمەتی "بانگهێشتنی قوتابیان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی سینفی، "دەرکردنی بڵاوکراوەی خوێندکاری"و "پێ بەند نەبوون بە ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان" لە زانکۆ دەرکران. دەگوترێ لە ماوەی ساڵی خوێندنی ٨٦ -٨٥ حەوت کەسی دیکەش لە خوێندکارانی ئەو زانکۆیە لە لایەن دەستەی وەرگرتنی زانکۆوە دەرکراون. ئەوە لە حاڵێک دایە بە وتەی خوێندکارانی ئەو زانکۆیە، لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا گوشار بۆ سەر قوتابیان زیادی کردووەو ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران بە هۆی کێشەی بیرو باوەڕی سیاسییەوە بانگ کراونەتە ناوەندی وەرگرتن.

**پیرانشار:**

## کۆچی دوایی ژنێکی نیشتمانپەروەر

ڕۆژی سێ شەممە ٢٠٠٧/٩/٢٥ خاتوو "خەدیجە سەرەهەنگی" هاوسەری ئەندامی دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان خوالێخۆشبوو مام ڕەحیم حاجی زادە و دایکی شەهید "مستەفا هەوشینی" بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. خاتوو خەدیجە لە ماوەی خەباتی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی دا هەمیشە پشت و پشتیوانی تێکۆشەرانی حیزب بووە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم مرۆڤە نیشتمانپەروەرە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی دەکەین.

## کاروانچیان دەکەونە بە تەڵەی ئینفیجاری هێزەکانی ڕێژیمەوە

ماوەیەکە هێزەکانی سوپای پاسداران لە سنووری کێلەشین شێوازێکی نوێیان بۆ زیان گەیاندن بە کاروانچییەکان گرتۆتە بەرو لە دیوی باشووری کوردستان " تەڵەی ئینفیجاری" دەنێنەوە. بە پێی هەواڵەکان لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ٣ تەڵە لە کانی خومارۆو کۆڵانەرەشکان تەقیونەتەوەو تەڵەیەکیش لەلایەن کاروانچییەکانەوە پووچەڵ کراوەتەوە.

لە ئاکامی تەقینەوەی ئەو تەڵانەدا ٢ کاروانچیو چەند ئەسپ بریندار بوون.

شایاوی ئاماژەیە ئەو شوێنانەی تەڵەی ئینفیجارییان لێ بەکار هاتووە، کەوتوونەتە سەر سنووری کێلەشینو سیاکێو لە ٢تا٣ کێلۆمیتری نێوخاکی باشووری کوردستان.

## بەهۆی تەقینەوەی مین کاسبکارێک لاقی پەڕی

شەوی ١٣٨٦/٧/٧ هێزەکانی ڕێژیم لە سنووری حاجی ئۆمەران لە شوێنێک بەناوی برایم شیلان کە ڕێگایەکی پڕ هاتووچۆی کاسبکارانی ناوچەکەیە مینیان دانایەوە کە لە ژێر لاقی کەسێک بەناوی عەبدولناسر میرزایی کوڕی عەباس، تەمەن ٢٠ساڵ تەقییەوەو لاقێکی لە دەست دا.

**بانە:**

## پیلانی نوێی ڕێژیم دژی کاسبکارانی سەر سنوورەکان

سوپای پاسدارارنی ڕێژیم ماوەیەکە پیلانێکی نوێی دژی کاسبکارانو خەڵکی ناوچە سنوورییەکان داڕشتوە، ئەویش چاندنی تەڵەی ئینفیجارییە لەسەر ڕێی کاسبکارانو سنوورەکان.

لە ئاکامی ئەو تەڵە چاندنەدا شەوی شەممە کاسبکارێکی خەڵکی مەهاباد بە سەر تەڵەکەدا کەوتوونو بریندار بوون.

## توندوتیژی لە دژی دەستفرۆشانو مریشک فرۆشان

شەوی شەممە، مەئموورانی شارەوانی لە تاریکی شەودا هێرشیان کردە سەر مریشک فرۆشانو دەست فرۆشانو داشقەکانیان کۆ کردنەوەو بردیاننە دەرەوەی شاریو شکاندنیانو بۆ ڕۆژی دواتر خاوەن داشقەکانیان بانگ کردە شارەوانیو جەریمەیان بۆ بڕینەوە.

**مەهاباد:**

## ٢ کەس لە بەکرێگراوانی ڕێژیم بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بوون

ڕۆژی دوشەممە ١٣٨٦/٧/٣، ژمارەیەک لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێئەسپێردراو لەلایەن سوپای پاسدارانەوە نێردرابوونە کێوەکانی قەندیل، کەوتنە سەر مینو لە ئاکام دا یەک لە وان بەناوی کاوە عەلیزادە لاقێکی لە دەست داوەو هەروەها کەسێکی دیکەش چاوی بریندار بووە، کە هەردووکیان ئێستا لە نەخۆشخانەن.

پێویستە بگوترێ کاوە عەلیزادە یەکێک لە مۆرە ناسراوەکانی سوپای پاسدارانی شاری مەهابادە.

## کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزب



شەوی پێنج شەممە ١١ی ڕەزبەر ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوی کەماڵ مەعرووفی خەڵکی گوندی خەلیفەلیانی ناوچەی نەغەدەو دانیشتووی شاری مەهاباد بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ناوبراو ماوەی چەند ساڵ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بووەو جارێک لە شەڕی داسەپاوی نەغەدەدا بریندار بووە. کەماڵ مەعرووفی ئەندامێکی چالاکو نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بوو کە خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکانی مەهابادو نەغەدە بوو. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەیو کەسو کارو هەموو خەڵکی ناوچەکانی مەهابادو نەغەدە دەکەین.

**جوانڕۆ:**

## ئاڵۆزیو پێکدادان لە نێوان خەڵکو هێزەکانی ئیتلاعات

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٣٨٦/٧/٧، دوو مامۆستای ئایینی لە شاری جوانڕۆ بە ناوەکانی مامۆستا مەلا حسێن حسێنیو مەلا سەیفوڵا حسێنی لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی شاری جوانڕۆ دەسگیر کران. خەڵکی شار دوای بیستنی ئەو هەواڵە ڕژانە بەر دەرگای ئیتلاعاتو ئاڵۆزیو پێکدادان لە نێوان خەڵکو هێزەکانی سەر بە ئیتلاعات ساز بووو لە ئاکام دا هێزی ئینتیزامی هاتنە مەیدانو بڵاوەیان بە خەڵک کرد.

**شنۆ:**

## کۆچی نیشتمانپەروەرێکی کورد



ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەڕ، مام عەبدوڵڵا حاجی خۆش خەڵکی گوندی کۆنە قەڵای سەر بە شارستانی شنۆ بە هۆی نەخۆشیەوە لە نەخۆشخانەی ورمێ ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

مام عەبدوڵڵا، پیاوێکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزی گەلو نیشتمانەکەی بوو تەنیا ئاواتی ئەوە بوو جارێکیدیکەش قۆناغی کۆماری کوردستان دووپات بێتەوە.

وێڕای داخو کەسەر بۆ لەدەست چوونی ئەو پیاوە نیشتمانپەروەرە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو خزمو کەسەکەی دەکەین.

## بەشدرایی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی ساڵانەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە وڵاتی سوئێد

لەسەر بانگهێشتنی فەرمیی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە وڵاتی سوئێد، ڕۆژی ٢٩سێپتامبری ٢٠٠٧ هەیئەتێکی دوو کەسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بریتی بوون لە ڕەحیم محەممەدزادە و سولەیمان سەعیدی، بەشدرای کۆنفرانسی ساڵانەی فیدراسیۆنیان لە شاری ئۆرێبر بەشدار‌یی کرد.

لە ئەو کۆنفرانسەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاویان بە بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتی و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشدار لەو کۆنفرانسەدا کەوت.



# دیدارو کۆبوونەوەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە دەرەوەی وڵات



## ئاڵمان: پێک هێنانی سمینارێکی سیاسی لە کۆڵن







کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی تیشک خرانە سەر کۆمەڵێک پرس و بابەتی سیاسی پێوەندیدار بە کوردو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکەوتی ٢٢ی سێپتامبر لە شاری کۆڵن سمینارێکی بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێك هێنا. لەو سمینارەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی ئاڵمان بەشدار بوون. شایانی باسە قسەکانی بەڕێز حەسەنزادە چەند تەوەری لە خۆگرتبوو کە بریتی بوون لە: بارودۆخی سیاسیی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لە ئاستە جۆراوجۆرەکان دا، بارودۆخی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی نێو ریزەکانی ئەم هێزانە و لەتبوونی حیزبی دێموکرات.

لە بەشی کۆتایی ئەم سمینارە بەشدرابووان پرسیارو سەرنجەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێ و لە لایەن مامۆستاوە وڵامی پرسیارەکانیان درایەوە.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە هەر ئەو ڕۆژە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە شاری کۆڵن لەگەڵ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا مامۆستا کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار بە بارودۆخی ناوچەو کوردستان و ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی خستە بەرباس. لە بەشی کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیەدا سەرنج و پرسیارەکانی بەشداربووان هێناتنە گۆڕێ. پێویستە بگوترێ شاندێکی کۆمیتەی حیزب لە بێلژیکیش لەم سمینارەدا بەشداریی کردبوو.

## دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی هێزە کوردستانییەکان و ڕووناکبیران لە کوڵنی ئاڵمان

لە دانیشتنێك دا کە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٣ی سێپتامبردا لە شاری کۆڵن پێکی هێنابوو مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە چاوی بە نوێنەرانی ژمارەیەك لە حیزبە کوردستانییەکان و ژمارەیەك لە ڕووناکبیرە کوردەکانی دانیشتووی ئاڵمان کەوت. لەو دانیشتنەدا بەڕێز حەسەنزادە سەبارەت بە پێوەندی و هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان و ئەرکی ئەوان لە خەباتی نەتەوایەتی‌دا باسێکی پێشکەش کرد.

دواتر نوێنەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان و کۆمەڵە بۆچوونەکانی خۆیان لەمباریەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان هێنانە گۆڕێ و لەسەر پتەوتر کردنی پێوەندی نێوان خۆیان و حیزبی دیموکراتی کوردستان پێیان داگرتەوە.

لە برگەی کۆتایی ئەم دانیشتنەدا بەشداربووان راو سەرنجەکانی خۆیان خستەڕووو لە لایەن مامۆستا حەسەنزادەوە وڵامی پرسیارەکانیان درایەوە.

## سەردانی کومیتەی لە بێلژیکی حیزب



ڕێکەوتی ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٧ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە درێژەی سەردانەکەی بۆ وڵاتانی ئوورووپایی لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی بێلژیکی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆبۆوە. لەو دیدارەدا بەڕێز حەسەنزادە لەسەر گرنگیی ئەرکی ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە(بەم هۆیە کە چەند ئۆرگانی گرنگی یەکیەتیی ئوورووپا لەو وڵاتە هەڵکەوتوون) پێی داگرتەوە. ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا چەند بابەتی پێوەندیدار بە بارودۆخی ئێستای حیزبو ئەو گۆڕانکاری و چاکسازییانەی چاوەڕوان دەکرێ لە کۆنگرەی ١٤دا دروست بن خستنە بەرباس.



## بەڕێوەبردنی سمینارێکی سیاسی لە سویس



ڕێکەوتی ٣٠ی سێپتامبری ٢٠٠٧ کۆمیتەی سویس حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری بێرن سمینارێکی سیاسیی بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێك هێنا. لەو سمینارەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتی سویس، چەند کەسایەتیی سەربەخۆ و نوێنەرانی ژمارەیەك حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بەشدار بوون.

لەو سمینارەدا بەڕێز حەسەنزادە باسێکی سەبارەت بە دۆخی ئێستای کوردستان و ناوچەو حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەش کرد. دواتر بەشدارانی سمینارەکە راوبۆچوون و پرسیارەکانیان هێنایە گۆڕێ و لە لایەن مامۆستاوە وڵامی پرسیارەکانیان درایەوە.

ئەم حیزب و ڕێکخراوانەی نوێنەرەکانیان لەم سمینارەدا بەشدار بوو بریتی بوون لە:

یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان، حیزبی شیوعیی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - ڕەوتی ریفۆرم و گەشە، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، پارتی یەکیەتی دێموکراتی کورد لە سوریەو ڕێکخراوی چاك.

# پاشەکشەی سوپای پاسداران لە بەرامبەر هەڕەشەکانی دەرەوەدا

مستەفا مەعرووفی



ڕۆژی ٧ی ڕەزبەر فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، محەممەد عەلیی جەعفەری رایگەیاند ئەرکی سەرەکیی سوپای پاسداران "بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەکانی نێوخۆ"یە.

ئەم لێدوانەی فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران چەند ڕۆژ دوای ئەوە بوو کە نوێنەرانی خەڵکی ئەمریکا لە کۆنگرێس بە ٣٩٧ دەنگی موسبەت لە بەرامبەر ١٦ دەنگی مەنفیدا سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی‌یان بە ڕێکخراوێکی تێرۆریست لە قەڵەم داو هێندێك ڕێوشوێنی نوێیان بۆ تەریك خستنەوەی زیاتری کۆماری ئیسلامی، بەتایبەتی سوپای پاسداران دیاری کرد.

هاوکات لەگەڵ ئەمە دەنگۆی هێرشێکی هەوایی بۆ سەر ناوەندو دامودەزگا گرنگەکانی سوپای پاسداران بەتایبەتی شوێنی چالاکیە ئەتۆمی‌یەکانی لەلایەن ئەمریکاوە، لە نێو کۆڕو کۆمەڵە ئەمریکایی‌و ئورووپایی‌یەکان دا لە گۆڕێ دایە کە لە ڕۆژنامەکانی ئەمریکادا یەك لەوان ڕۆژنامەی "نێویۆرکێر"دا بە وردی ڕەنگی داوەتەوە.

بە تێرۆریست ناسرانی سوپای پاسداران لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکا لەلایەكو دەنگۆی هێرشی هەوایی بۆ سەر بنکەو دامەزراوەکانی سوپای پاسداران لەلایەکی دیکەوە، بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە پێگەو مەشرووعییەتی لە نێو خەڵك دا نیەو تەنیا پشت ئەستوور بە هێزی نیزامیی وەك سوپای پاسدارانە زەنگی مەترسی‌یە.

لێدوانی محەممەد عەلیی جەعفەری لەلایەك نە شتێکی تازەیەو نە جێی باوەڕ، چونکە لە سەرەتای دروستبوونی سوپای پاسدارانەوە ئەرکی ئەم هێزە سەرکوتی ناڕەزایەتی‌و هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە ـ یان بە وتەی ئەو هەڕەشەی نێوخۆ بووەو نە جێی باوەڕیشە چونکە سوپای پاسداران هەوڵی داوەو هەرویش دەدا ئەرکە تێرۆریستی‌یەکانی لە دەرەوەی وڵاتیش بەرێوە ببا. لەلایەکی دیکە ئەم لێدوانە پاشەکشەیەکە لە بەرامبەر هەڕەشەیەکی ئیحتیمالیی ئەمریکا بۆ سەر سوپای پاسداران‌و ڕاگەیاندنی ئەوە کە ئەرکی سوپای پاسداران "بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەکانی نێوخۆیی"یە، مانای ئەوەیە سوپای پاسداران هەڕەشە نیە بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەدا. مەبەست لەو هەڵوێستە ئەوەیە هەم شوێن لەسەر ئەو بڕیارەی کۆنگرێسی ئەمریکاو ئاکامەکانی ئەو بڕیارە دابنێ‌و هەم ئیحتیمالی هێرش بۆ سەر سوپای پاسداران کەم بکرێتەوە.

پێویستە بگوترێ ئەم لێدوانە لە حاڵێك دا دەکرێ کە سوپای پاسداران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران سەری بە چەند کێشەیەکەوە قاڵە: یارمەتی بە سوپای قودس لە عێراق‌و گرووپە تێرۆریستی‌یەکانی دیکە، تۆپبارانی ناوچە سنووری‌یەکانی باشووری کوردستان، یارمەتی بە گرووپی ئیسلامیی مەهدی لە کۆماری ئازەربایجان دا کە چەند کەسیان دەسگیر کراون‌و لەلایەن دەزگای قەزایی ئەو وڵاتەوە خەریکە موحاکەمە دەکرێن.

جگە لە مانەی گوتران نابێ لایەنێکی دیکەی ئەم لێدوانەی فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران لە بیر بکەین. ئەویش بریتی‌یە لە هەڕەشەی سوپا بۆ سەر حەرەکەتی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران کە ئەمڕۆ لە شکڵ‌و شێوەی جۆراوجۆردا بوونی هەیە وەك: خۆ پێشاندانی کرێکاران‌و مامۆستایانی ناڕازی، ناڕەزایەتیی ڕووناکبیران‌و نووسەران‌و بزووتنەوەی خوێندکاری. ئەمانە هۆمێدی ئەوەیان لێ‌دەکرێ هەم بەرینتر ببنەوەو هەم ڕادیکاڵتر. ئەمانە لەلایەن ڕێژیمەوە وەك "هەڕەشەی نێوخۆ" باسیان دەکرێ‌و سوپای پاسداران دەبێتە هەڕەشەیەکی جیددی‌تر بۆ سەر ئەمانە. بۆیە لە داهاتوودا ڕەنگە شاهیدی سەرکوت‌و زەبرو زەنگی زیاتر بین لەلایەن سوپای پاسدارانەوەو ئەم لێدوانە سەرەتای وەرزێکی ناخۆشتر بۆ تێکۆشەرانی ئازادیخواز لە ئێراندا بێ.

# دە هەزار هێکتار لە لێرەوارەکانی پارێزگاکانی کوردستان و کرماشان سووتان

دە هەزار هێکتار لە لێرەوارەکانی کوردستان لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوو دا ئاگریان تێ بەر دراوەو سووتاون. ئەو ئاگر کەوتنەوەیەی کە ناوچەکانی پارێزگای کوردستان‌و کرماشانی گرتەوە، هەروا درێژەی هەیە. دار بەڕوو، سنۆبەرو ئەفرا لە ئاور دا دەسوتێن‌و دەبنە خەڵووز بێ ئەوەی کە دژ کردەوەی جیددیی بەڕێوەبەری سەرچاوە سرووشتییەکانی ئەو دوو پارێزگایەو ناوەندی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکانی وڵاتی بەدواوە بێ. بەڕێوەبەری سەرچاوە سرووشتیەکانی پارێزگاری کوردستان لە وتووێژێکدا دەگەڵ ڕۆژنامەی "همشهری" گووتویەتی: "لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو دا ٢١٠ جار لە لێرەوارەکانی کوردستان‌و ناوچە سنوورییەکان ئاور کەوتۆتەوە." بە وتەی ئەندازیار "تۆفیقی" سووتانی دە هەزار هێکتار زەوی‌و زارو لێرەواری کوردستان بێ وێنە بووە. ئەو بەڕێوەبەرەی دەولەتی نۆیەم، ئاماژەی بە خاڵێك کرد کە بە دواداچوونی دامەزراوە حقوقی‌و داکۆکیکاریی سەرچاوە سروشتییەکانی دەوێ. بە وتەی تۆفیقی لە چەند مانگی رابردوودا ٥٠ جار لە کوردستان ئاو کەوتۆتەوە کە تەنیا ١٦ جاریان لە ئاگر کەوتنەوەکانی دەرەکی (باشووری کوردستان)ەوە سەرچاوەیان گرتوە.

چونکە ئەو بابەتە لە ڕاگەیەنە نێوخۆییەکانی ئێراندا لە چوارچێوەی چەند هەواڵی سادە را باس کراوەو هەوڵ دراوە تا هۆکاری دەرەکی بۆ بدۆزنەوە. ئەو قسانەی بەڕێوەبەری سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان جێی تێرامانەو دەبێ لە پارێزگاری کوردستان پرسیار بکرێ ئەدی هۆکاری ئەو ٣٤ جار ئاور کەوتنەوەیەی دیکە چ دامەزراوەیەك یان کەسانێك بوون؟ ئەو ئاگر گرتنە زۆر مەترسیدارە بێدەنگیی گوماناوی ڕاگەیەنە نێوخۆییەکانی بەدواوە بووەو سەیر لەوە دایە کە ڕاپۆرتە کورتەکەی "همشهری"یش وەکوو ڕووداوێکی سروشتیی لە قەڵەم داوە! خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کرماشانیش لە سەرەتای ئەو ساڵەوە شایەدی ئاور گرتنی لێرەوارە چڕو پڕەکانی بەڕوو سپیدارو سنەوبەرو ئەفراکان بوون.

لە ڕەوگەی جادەی ڕەوانسەر ـ پاوە سنووری شوشمی، چاوت بەو کێوە ڕەشانە دەکەوێ کە خۆڵەمێش داپۆشیون‌و بە سەیری تەواوەوە پرسیار لە خۆت دەکەی واتای ئەو کارە چیە؟

هێندێك دەڵێن شەڕی گەریلاکانی پژاك دەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت هۆکاری ئەو ئاور کەوتنەوانەن، لێرەوارەکان دەسوتێنن تا پەناگەکانی گەریلاکان ببرن. هۆکاری ئەو کارەساتە هەر چییەك بێ بۆ چاوپۆشی نابێ. لێرەوارەکانی ئەو ناوچانە بەرهەمی قۆناغێکی مێژوویی سروشتین کە ڕادەی شەو بارین چەند هێندەی چاخی ئێستا بووو لەو هەلومەرجە وشکە ساڵیەیی ئێستادا کە هەموو ساڵێك سنوورەکەی بەر بڵاوتر دەبێتەوە زەحمەتە ئەو لێرەوارانە دووبارە شین ببنەوە.

سەرچاوە: "اخبار روز"

# هەلومەرجی ڕۆژنامەنووسانی مەحکووم بە ئێعدام لە زیندان دا دڵتەزێنە

هەلومەرجی هێشتنەوەی دوو ڕۆژنامەنووسە کوردەکەی مەحکووم بە ئێعدامی کراوە کە لە گرتووخانەی گشتی‌دا دڵتەزێنە. بە پێی ئەو هەواڵانەی لە لایەن بنەماڵەکانی عەدنان حەسەن پوورو هیوا بوتیمار دوو ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی سڤیلیەوە کە دوو مانگ لەوە پێش بە سزای مەرگ مەحکووم کراون، نیگەرانکەرو دڵتەزێنە. بنەماڵەکانی ئەو دوو چالاکە پاش دوایین دیدارێك کە دەگەڵ ڕۆڵە گیراوەکانیان لە بەندی نیزامیی زیندانی گشتی سنە بوویانە، باس لە دەسپێڕا نەگەیشتنیان بە ئیمکاناتی زیندان دەکەن. بە پێی دوایین هەواڵ حەسەن پوورو بوتیمار ٩ ڕۆژ لەمەوبەر لە بەندی (تاکە کەسی) ئیتلاعاتەوە گوازراونەتەوە بۆ ئەو بەندە.

هەروەها عەدنان‌و هیوا بە بنەماڵەکانیان گووتووە کە تەواوی ئەو کەسانەی هاوبەندیانن بکوژ، بڵاو کەرەوەی ماددە سڕکەرەکان، دزو هتدن‌و بۆیە هیچ جۆرە پارێزگارییەکی گیانییان نیە. بنەماڵەکانی ئەو دوو زیندانیە دوای چەندین جار داوای چاوپێکەوتن، ئیزنی چاوپێکەوتنێکی کورت‌و لە پشت شوشەوەیان وەرگرت.

عەدنان حەسەن پوورو هیوا بوتیمار لە ٢٦ی پووشپەڕی ئەو ساڵدا لە لایەن دادگای شۆڕشی مەریوانەوە بە تۆمەتی دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم بە سزای ئێعدام مەحکووم کران. لە کاتی دەرچوونی حوکمەکەیانەوە لە زیندانی گشتی مەریوانەوە بۆ خانەی تاکە کەسی ئیتلاعاتی سنە ڕاگوزراون‌و لە ژێر هەلومەرجێکی دژوارو ناڵەبارو لە ژێر گرژترین گوشارو زەختی دەروونی و جەستەیی دان.

ئەوان لە ماوەی زیندانی بوونیان لە ئیتلاعاتی سنەو دوای دەرچوونی حوکمەکەیان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە حوکمی داسەپاوو هەروەها هەلومەرجی ناڵەبارو نایاسایی ڕاگرتنیان لە زیندانی تاکەکەسیی ئیتلاعات دا ٥٠ ڕۆژ مانیان لە خواردن گرت. عەدنان‌و هیوا کە لە ماوەی مانگرتنیان دا زۆر کزو لاواز ببوون، بێ ئەوەی هیچ کام لە داواکانیان بۆ بێننە دی‌لەسەر داوای بنەماڵەو هەواڵنێرانی بێ‌سنوورو ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ کۆتاییان بە مانگرتن لە خواردن هێنا. سەرەڕای بەڵێنی بەرپرسان‌و کاربەدەستان بۆ تەیارکردنی پاراستنە پزیشکی‌یەکان پاش ئەو قۆناغە دوورو درێژەی مانگرتن، ناوبراوان تاکو ئێستا دەستیان بە خزمەتگوزاریی پزیشکی ڕانەگەیشتوە.

ڕۆژنامەنووس عەدنان حەسەن پوور ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەوتوونامەی داخراوی ئاسۆ چاپی سنە بوو کە نۆ مانگ لەمەوبەر هێزەکانی ئاسایش لە ماڵێ هێنایانە دەرێ‌و دەستبەسەریان کرد. هیوا بوتیماریش ئەندامی دەستەی دامەزراوی ئەنجوومەنی سەوزی "چیا"و لە هەواڵنێرانی بڵاوکراوەی ئەو ڕێکخراوە ناحکوومیە بوو کە ئەویش مانگێك پێش عەدنان لە شوێنی کارەکەی دەستبەسەر کرابوو. دەرچوونی حوکمی ئێعدام بۆ ئەو دوو چالاکە کوردە، دژکردەوەی بەربڵاوی جیهانی بە دواوە بوو و لەو پێناوەدا کەسایەتیە بەناوبانگەکان، ڕێکخراو و دامەزراوە دەوڵەتی‌و ناحکوومیەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان وێڕای مەحکووم کردنی ئەو حوکمە، خوازیاری ئازاد کردنی دەسبەجێی ئەوان بوون.

# لە بیست ساڵەی شەهید بوونی خدرە سوور دا

بێبەش

سەرەتای وەرزی پاییزەو درەختەکان خۆیان بۆ زێڕوەشانی بووکی زەوی ئامادە دەکرد. ئێستا وەلی چوونەتە کوێستانو شەمەکان لەم پاییزەش دا چاوەڕێی گەرانەوەیانن تا چەند چەپك لە تیشکی خۆریان لێ وەرگرنو لە تاجی سەریانی بدەن. دەستە دەستە هەڵۆی بەرزەفر بە کوردستانی وەك بەهەشتمان دا دەگەڕێنو لێرەو لەوێ لە هەر جێیەك چنگیان کەوێ بریسکە لە بەردو تروسکە لە رووبار دەستێنن.

پۆلێك هەڵۆ بەرەو نۆبار بەرێوەن، پێش قەتاریان خدرە سوورە. ئەم قەتارەش نوقمی نوورە، نوورەبەرەو نۆبار دەڕوا هەتا سینگی شەوی تاریك شەق شەق بکا. ئەمجارەشیان نوور تاریکی دەبەزێنێ، ئەمجارەشیان خۆری هیوا باوەش باوەش تینو تاوی لە سەر نۆبار دەبارێنێ.

کاروان دەڕوا لە سەر شانی یەك بە یەکی سوارانی ئۆقرە نەگر. ئەستێرەی سەرکەوتن دیارن. "تەرەغە" وەك جوانووە ئەسپێکی رەسەن گەردنی بەرز ڕاگرتووەو وا بە هەیبەت ڕاوەستاوە فەخر بە ئاسمان دەفرۆشێ، ئاخر ئاگادارە خدرە سووروو هاوڕێیانی دێن تا لە باوەشی ئەودا پشوو بدەن.

شەو تك تك خوێنی لێ دەتکێو شەو پەرستان دڵی ڕەشیان لە رقو قینو دڕەندەیی کوولەی دێ. پشتو سینگی تەرەغە وەبەر ڕەهێڵەی گوللە تۆپو خۆمپارە دەدەن. لە گەڵ بووکی قژ زەردی پاییز، لە گەڵ شادی، لە گەڵ ژیان، لە گەڵ سروشت، تەنانەت لە گەڵ هەناسەش شەڕیانە. تەرەغە نوقمی تۆز دەبێ هەر نابەزێ، تەرەغە نوقمی گڕ دەبێ هەر نابەزێ، بۆ دووکەڵو بۆنی باڕووت دەروبەرو سینگی دەگرێ هەر نابەزێ.

لە پڕ بریسکەیەك لە بەرهەمی بیرو دەستی خوایانی شەڕ دڵی دایە پیرەی وەتەن دەلەرزێنێو خدرە سووری دڵ پڕ نووری حەزو هیوا دەگلێنێ.

ڕەوەزێك خزی، چەپکە نوورێك پەڕی، فەرماندەیەك شەهید کرا، بەڵام کوردستانی پڕ لە کوێستان هەر سەربەرزە، دڵی کوڕو مەکۆی نوورە، دەیان هەزار ڕۆڵەی کورد هەن کە هەرکامەیان خدرە سوورە.

***

خدر خدری ناسراو بە خدرە سوور ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە شاری قارەمانپەروەری مەهاباد لە دایك بوو. لە تەمەنی حەوت ساڵی دا ناردیانە قوتابخانە. تازە کەوتبووە قۆناغێکی دیکەی ژیان کە سروشت یەکەم مامۆستاو سەرپەرستەکەی واتە باوکی لێ ئەستاند. بە هۆی دەست نەڕۆیشتوویی بنەماڵەو، ناچار بوو لە دەورانی دەبیرستان ڕا مل بداتە کارو کاسبییش. بە دوای تەواو بوونی ساڵەکانی خوێندنیش لە جێی پشوودانو حەسانەوە کاسبی دەکردو بەم شێوەیە بەشێك لە بژێوی ژیانی خۆیو بنەماڵەکەیو خەرجی خوێندنی خۆی دابین دەکرد. بەم شێوەیە خوێندی تا سەرەنجام دیپلۆمی وەرگرت. ئەوجار بە سەرباز گیراو دوای تەواو کردنی ئەو دەورە ئیجبارییە بوو بە مامۆستای قوتابخانە لە گوندەکانی ناوچەی ئالانی سەردەشتو دەستی بە دەرس گوتنەوە بە منداڵە چاوە گەشەکانی کورد کرد.

خدرە سوور لەو کاتەوە کە وێڕای دەرس خوێندن بە ناچار ملی دایە بەر کارو کاسبیو بە دوای ئەویش دا کە وەك مامۆستا لە ئاوایی یەکانی ئالانی سەردەشت کاری دەکرد، بێعەدالەتیو زولمو زۆری ناسیو بۆی دەرکەوت نەتەوەکەی بە گشتی لە ژێر باری چەوسانەوە بەش مەینەتی دایە. لێڕەوارو ناوچە سەر سەوزەکەی ئالانی سەردەشت لە لایەك بە هۆی جوانیو دڵگیرییان و لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕووی ئەوەوە کە بەسەدان داستانی حەماسەو قارەمانەتیی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی وەك مەلا ئاوارەیان لە سینگی خۆیان دا جێ دابوو، هەستی کوردپەروەریو نیشتمان ویستیان لە نێو دڵی خدرە سوور دا پەرە پێ دا. ئەو کوڕە کوردەش بۆی دەرکەوت کە ڕێژیمی پڕ لە ستەمی پاشایەتیو بەڕێگیراوو ژاندارمەو ساواکییەکان چۆن چنگیان لە جەرگی کورد ناوەو لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆی بێبەشیان کردوە. ئەوانە هەمووی ژیلەمۆی ئاوری ڕاپەڕینیان لە دڵی ڕۆڵە وشیارەکانی کوردو یەك لەوان خدرە سوور دا دەگەشاندەوە.

ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێ کرد. لافاوی ڕقی شۆڕشگێڕانەی خەڵك هەستاو خدر خدری ناسراو بە خدرە سووریش ڕەگەڵ ڕاپەڕین کەوتو بانگی مافخوازیو ئازادیی دا. لە شارەکانی سەردەشت، بانەو مەهاباد دا دەکەوتە ڕیزی خۆپێشاندەرانو سەری لە نێو سەران دا دیار بوو. سەرەنجام ڕێژیمی شا بەرگەی ئەو تۆفانەی کە هەستا بوو نەگرتو ڕووخا. لە جێیاتی هاتنە سەرکاری نیزامێکی گەلیو دیمۆکراتیك، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کارو ریسەکان نەك هەر بوونەوە بە خوری، بەڵکوو وڵات سەدان ساڵ بۆ دوایەش گەڕایەوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە داوای مافی ڕەوای خۆی کرد، لە لایەن دەسەلاتدارەو دڵڕەشەکانی کاتێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کەوتە بەر غەزەبو هێرشیشی کرایە سەر. پێشمەرگەکانی کوردستان لە سەنگەری دیفاع لە مانو مافو ئازادییەکانی گەلەکەیان دا دامەزران. یەکێك لەو پێشمەرگە قارەمانانە خدرە سوور بوو، کە لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بە ڕەسمی هاتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو لە هێزی شەهید پێشەوا دا بەرگیپڕ لە فەخری پێشمەرگایەتیی دەبەرکرد.

خدرە سوور کە بە بڕوایەکی قووڵی ئازادیخوازانەو کوردانەوە بووبە پێشمەرگە، زۆر زوو ئازایەتیو لێوەشاوەیی خۆی نیشان داو پلەکانی پێشمەرگایەتیی بڕین. ساڵی ١٣٦٠ بوو بە سەرپەل، ساڵی ١٣٦١ بوو بە جێگری فەرماندەی لك، ساڵی ١٣٦٢ بە سەرلك دیاری کرا. ساڵی ١٣٦٤ کرایە جێگری هێزو سەرەنجام ساڵی ١٣٦٥ بوو بە فەرماندەی هێزی شەهید پێشەواو ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتە شارستانی مەهاباد. کاك خدرە سوور کادرێکی هەڵسووڕو بە ئیمانو پێشمەرگەیەكو فەرماندەرێکی ئازاو چاونەترسو قارەمانو گەلالە داڕێژەرێکی لێوەشاوەو زانا بوو. خۆشەویستی خەڵکی خۆیو جێگای هیوای ئەویندارانی ئازادی بوو، هەر بەو هۆیانەش ببووە چقلی چاوی دوژمنانی کوردو ئازادی.



ناوی خدرە سوور ببووە وێردی زمانی خەڵکی مەهابادو ناوچەکانی دەوروبەری، دوژمنیش لە ناوی ئەو شۆڕە سوارەی مەیدانی خەبات زراوی چوو بوو. ئاخر ئەو زەبرو ئازارانەی وێی کەوتبوو لە ژێر فەرماندەیی خدرە سووروو بە پێی بەرنامەو گەڵاڵەی عەمەلیاتیی ئەو پێشمەرگە لێزانو قارەمانەی دێموکرات دا بەڕێوە چووبوون. بۆیە هەوڵیان دەدا بە هەر شێوەیەك بووە بە چۆکی دابنێنو دڵی گەرمی لە خەبات سارد بکەنەوە. تەنانەت جنایتکارانە بەهاری ساڵی ١٣٦٦ ژنە ڕوو سووروو منداڵە شیرە خۆرەکەی گرتو لە زیندانیان کردن. بەڵام مەگەر چیا دەلەرزی هەتا خدرە سوور بە چۆك داهاتبا، مەگەر پۆڵا دەچەمی هەتا خدرە سوور لە ژێرباری ستەمان دا پشتی بچەمێ، نانا، هەرگیز. خدرە سوور سەر بەرزانە بەرەو گەیشتن بە ترۆپکی ئازادی دەچووە پێش. بە ئیمان بە دروستیی ڕێبازەکەیو ڕەوایی داخوازەکانی گەلەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ لە خەبات دژی دوژمنانی نەتەوەکەی دا شێلگیرتر دەبووو جار بە جار باشتر زەبری لە هێزە سەرکوتکەرەکان دەوەشاند. هەمووی ١٥ سەعاتیش پێش شەهید بوونی بوو کە خدرە سوور بە هاوکاریی هاوسەنگەرە دلێرەکانی لە دوو هێزی پێشەواو بەیان دا زەبری خۆی لە پەیکەری کۆنە پەرستان وەشاندو ناوەندی گوردانی ئیمام حەسەنی ڕێژیم لە ئاوایی نۆباری ناوچەی بۆکان لە گەڵ خاك تەخت کرا.

بە شەهید کرانی خدرە سوور حیزبی دێموکراتی کورستان یەکێك لە باشترین کادرو فەرماندەکانیو کۆمەڵانی گەلی کورد یەکێك لە دڵسۆزترین ڕۆڵەکانی خۆیان لە دەست دا. هەموو دڵسۆزانی کورد بە تایبەت خەڵکی ناوچەی مەهاباد، بۆکانو سەردەشت بۆ لەدەست چوونی ئەو شۆرشگێڕە فیداکارە فرمێسکی خەمیان ڕشت.

وەك باس کرا ١٥ سەعات دوای عەمەلیاتی پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی شەهید پێشەواو هێزی بەیان، لە سەر کێوی تەرەغەی بۆکان، لەحاڵێك دا، قارەمانانی گەلو نیشتمان خەریکی پشوودان بوون، درانە بەر ڕەهێڵەی گوللە تۆپو خۆمپارەو کاتیوشاو کاك خدر خدری، ناسراو بە خدرە سوور وەبەر پریشکی خۆمپارەی ئەو کردەوە جنایەتکارانەیەی دوژمن هاتو بە داخەوە شەهید بوو. ساڵ هاتنو ڕۆیشتن، بە دوای شەهید خدرە سووریش دا زۆرو یەکجار زۆر بوون ئەو قارەمانانەی کە لە ئاسمانی ئەستێرە ئاژنی کوردستان ڕاخوشین.

نەمامی بەژنی ڕۆڵەکانی ئەم ئاوو خاکە بە داسی دەست پارێزەرانی نەزانیو شەڕ دۆست پەڕین، پڕ بە کانیەکانی کوردستان فرمێسك وەرین، بەڵام کالیسکەی پڕ لە گوڵی هیوای خەبات لە بەرەو پێش چون نەوەستا.

زۆر ڕەوەزی سەخت خزین، بەڵام کوردستان هەروا پڕ لە کوێستانە. یادی شەهید خدرە سووروو گشت شەهیدان لە نێو کۆشکی دڵی کورد دا بە ڕێزەوە جێی گرتووەو بە هیچ هێزێکی دەرنایە.

سڵاو لەو یادە نەمرانە.

# ڕاپۆرتێك لە شاری "وان"ەوە

هادی سۆفی زادە

وەرگێڕان بۆ کوردی: سۆران شێرزاد

شاری وان نزیك بە ٨٠٠٠٠ کەسەو و یەکێك لە شارە مێژوویيو ڕازاوەکانی باکووری کوردستانە کە لەپەنا گۆلی وان لە باکورو باشورو لە نێوان بەرزاییەکانی کێوەڕەش لە ڕۆژهەڵات و کێوی ئارتۆس لە باشورەوە لەو بەری گۆلەکەش کێوێکی مێژوویی و حەماسی و شوێنی ڕووداوی "خەج و سیامەندی" ییان هەڵکەوتوە. شاری وان ئاووهەوایەکی دڵگیری هەیە لەگەڵ شوێنی توریستی دەگەڵ تایبەتمەندییەکانی تایبەت بە خۆی کە بۆنی دارو هاوینە هەوارەکانی نێوشار جوانییەکی تایبەتی بە شار بەخشیوەو ئەو شارەی لە شارەکانی تر جیاکردۆتەوە. بوونی گازینۆو ڕێستۆران و



هوتێل گەلی دەوروبەری دەریا ئیمکاناتێکی باشی بۆ خەڵك پێك هێناوە بە هۆی سوێر بوونی ئاوی ئەو گۆلە تەنیا یەك جۆر ماسی تێدا دەژی کە لە بازاڕی ماسی فرۆشەکان زۆرەو گەلێك خۆش و هەرزانیشە. لە شاری وان جۆرە پشیلەیەکی سپی هەیە کە چاوێکی زەردو چاوێکی تری شینە کە ئەو جۆرە پشیلەیە تەنیا لە شاری وان ژیان بەسەر دەبەن.

بەر لە پێکهاتنی کۆماری تورکیا ئەرمەنی و کوردەکان لەو شارەدا ژیاون بەڵام بە کوشتاری بە کۆمەڵی ئەرمەنییەکان بە دەستی تورکەکان، تورکیان زۆر خزاندۆتە ئەوێو بۆ ماوەیەك ئەو شارە کەمینەی تورك و زۆرینەی کورد بوون بەڵام بە هۆی سروشتی کوردەکان و چوونە سەری زاوزێی ئەوان کەمینە تورکەکانیش لەو شارەدا لەنێو کوردەکانداتوانەوە تەنیا بەشێکی کەم لە تورکە کۆچەرەکان لەو شارەدا ماون و یان دیسان کۆچیان بۆ شارە تورکەکان کردوە. گۆرانییە کوردییەکانی ئەوان، لە نێو کۆڵانەکانی ئەو شارەدا بۆ یەکێك کە کوردی بزانێ یان نەزانێ خۆشیەکی تایبەتی پێدەبەخشی.

لە بواری کلتورییەوە شاری وان تێکەڵێکە لە خەڵکی شارودێ کە زۆربەی خەڵکی دێ لە کاتی شەڕە نێوخۆیەکان دا هاتوونەتە ئەوێ. ئەو شارە خاوەنی خەڵکێکی لێهاتووو خوێندەوارە. یاشار کەمال لە کەسە بەرچاوەکانی کورد، خەڵکی شاری "بیگرین" کە نێوی تورکیکەی مورادیەیە سەر بەپارێزگای وانە جیا لەوە بوونی زیاتر لە ٤٠٠ وەکیل لەو شارە نیشانەی چوونە سەری خوێندنە. چونەسەری کلتووری کۆمەڵگا توانیوێتی پێشڤەچوونێکی باش بێت بۆ شوناسی نەتەوەیی. گرنگترین جۆش و خرۆشی خەڵك لە ڕێوڕەسمەکانی جێژنی نەورۆزدا کەبە سەدان هەزار کەس بەڕێوەی دەبەن دەبینرێ.

قەدەغە بوونی زمانی کوردی، جیاوازر ئەلف و بێ و هۆی جوغرافیاییو سیاسی بۆتە هۆی بەربەست لە بەرانبەر پێوەندی کلتوری کوردەکان دەگەڵ کوردەکانیپارچەکانی دیکە. بە خۆشییەوە لە ساڵەکانی ڕابروودا پێوەندیەکی بەربڵاو پێك هاتوە کە بۆتە هۆی ناسینی زیاتری کوردەکان و بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاڵوگۆڕی کلتوری پێك هاتوە. نابێ ئەوەش لە بەرچاو نەگیرێ کە کاناڵەکانی ڕۆژو میزۆپۆتامیاش کەلە ئەورووپا بڵاو دەبنەوە خزمەتێکی بەرچاوی بە ناسینی کوردەکان لەگەڵ یەکتر کردوە.

لە نێوی خۆی وڵاتیش دەرچوونی ڕۆژنامەی" ئازادیا وڵات" بە زمانی کوردیو ڕۆژنامەی "گیوندم" کە بیرو بۆچوونی حیزبی کۆمەڵگای دێمۆکراتێکەو نەخشێکی بەرچاویان لە گەیاندنی هەواڵەکانی کوردەکانی دانیشتووە وڵاتانی دراوسێ هەبووە. لەو شارەدا نوێنەرایەتیی کۆمیساری بەرزی پەنابەران سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چالاکە، کە ئەو ئیدانیانەی لە دەستی ڕێژیمەوە هەڵاتوون داوای پەنابەرێتی دەکەن.

شوێنە مێژووییەکانی ئەو شارە کە لە نێو ئەواندا ئاماژە بە وانەی خوارەوە دەکەین: قەڵای توشبا ناوەندی پاشایەتیی ئۆرارتو لە پەنا گۆلی وان، ئەسبەشین کە نێوەی تورکی "چاووش تپە"یان لەسەر داناوەو "سەردووری" کە کوڕی "ئارگشتی" حاکمی دەوڵەتی ئۆرارتۆ حاکمی ئەوێ بووەو لە ٢٥ کیلۆ میتری شاری وان هەڵکەوتووە، تاڤگەی مرادیە، شوێنی لە دایکبوونی یاشار کەمال، مۆزەخانەی شاری وانو جەزیرەی ئاخ تاماراو شوێنیتر کە هەر کام خاوەنی مێژوویەکی

بۆ لاپەڕی ٩

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین




### سیامەك نیزامی

" لە زمانی منەوە بە منداڵەکانتان بڵێن مامێکتان هەبوو ئەگەرچی ئێوەی نەدیتبوو، بەڵام زۆری خۆش دەویستن.

ژیانی من هەر وەك دەزانن ژیانێکی ئاسایی نیە. ژیانێکە پڕ لە تێکۆشان، پڕ لە سەختیو کوێرەوەری کە دیارە لە ژیانم دا قەت لێی نەسڵەمیومەوە. ئۆگرو ئەویندار‌ی خەباتم. چونکە دەمەوێ مرۆڤێکی سیاسی بمو ئەمە لە ڕوانگەی دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە گەورەترین تاوانە. ئێمە چونکە کوردین، مەحکومین بە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو سەختیانەو، ناچارین هەر کامێکمان بەجۆرێك لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەکەمان بەربەرەکانێ بکەین. من لەم سەنگەرەداو ئێوەش لە سەنگەری زانست دا کە هەردووکیان گرنگن."

**لە یادداشتێکی شەهید سیامەك نیزامی**

***

سێزدە ساڵە کۆمەڵێك شێعرو پەخشانی ئەدەبیی لاوێکی جوانەمەرگم لە لای خۆم پاراستوە کە کاتی خۆی کاك هیوا جەڵدیانی، هەڤاڵو دۆستێکی خۆشەویستی ئەم لاوە ناکامە، پێی سپاردووم. خاوەنی ئەم کۆمەڵە شێعرو پەخشانە، لاوێکی خوێندەواری بەهەستو خاوەن بەهرەیە کە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا چووە ڕیزی کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی نەتەوەکەمان.

سیامەك نیزامی، ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری مەهاباد دا لەدایك بوو. باوکی هەر لە کۆنەوە تێکەڵاوی سیاسەتو خەبات بە دژی دیکتاتۆری ببوو. ساڵی ١٣٥٧ کاتێك سیامەك لە پۆلی دووی سەرەتاییدا بوو، بابی بە هۆی هەبوونی ڕۆڵی سەرەکی لە خۆپیشاندانو ڕێپێوانی دژ بە ڕێژیمی شا لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی تەرمی تێکۆشەری ناودار عەزیز یووسفیدا (١٧ی جۆزەردانی ١٣٥٧) کەوتە زیندان. لە سەردەمی زاڵبوونەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بەسەر کوردستان دا، بنەماڵەی سیامەك بەهۆی چالاکیی سیاسیی سەید محەمەد نیزامی لە کوردستان دوور خرانەوە. ساڵی ١٣٦٣ گەڕانەوە مەهابادو، سیامەك سەرەنجام دیپلۆمی "ریاضی ـ فیزیك" ی هەر لەم شارە وەرگرت. سیامەك بەهۆی پەروەردە بوون لە بنەماڵەیەکی سیاسیو لە کەشوهەوایەکی سیاسیو خەباتگێڕانەدا، زۆر زوو هەستی بە بندەستیی نەتەوەکەیو، پێویستیی بەشداری لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی دا کرد. بەڵام دەیزانی ئەگەر دوای تەواو کردنی خوێندنو، بە ئاگاییو زانستی زیاترەوە لەم خەباتەدا بەشدار بێ، ڕۆڵی باشتری دەبێ. هەر بۆیە لە کۆنکۆردا بەشدار بووو لە ڕشتەی ئامار لە زانستگەی شیرازدا وەرگیرا. تێرمەکانی زانستگەی یەك بە دوای یەك دا تەواو کرد، بەڵام لە حاڵێك دا تێرمێکی مابوو ناچار بوو زانستگە بەجێبێڵێ. فشارو دەردسەری دروستکردنی حەراسەتو بەسیجی خوێندکاری بۆ ناوبراو بەهۆی پێشینەی سیاسیی بنەماڵەکەیو شەهید کرانی برایەکی بە ناوی سیاوەش لە پێوەندی لەگەڵ کاری حیزبی دا لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە، تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ڕەزبەری ساڵی ١٣٧١، سیامەکیان بۆ بەجێهێشتنی زانستگەو تێکەڵبوون بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاڵ پێوەنا.

یەکەم سەنگەری تێکۆشانی سیامەك نیزامی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، مامۆستایەتیی قوتابخانە لە ئاستی ناوەندی دا بوو. ئەم قوتابخانەیە لە چەند میتریی ماڵەکەی ئێمە لە "ئێندزێ" هەڵکەوتبوو. ئاشنایەتیم لەگەڵ سیامەك بۆ ئەو ساڵە دەگەڕێتەوە. دایكو بابی بەڕێزی ئەم لاوە، نێوە نێوە دەهاتنە سەردانیو، من لە ماڵی کاك سمایل بازیار دەم دیتن. دایكو بابی کە هەقیان بوو بە کوڕەکەیان بنازنو بە داهاتووی هیوادار بن، لە کاك سمایلیان دەپرسی "ئەرێ سیامەك چۆن کوڕێکە؟" ئەویش وەك ڕێزنانو ئاماژە بۆ ڕابردووی خەباتگێڕانەی بابی سیامەك، هەموو جارێ بە پێکەنینەوە دەیگوت "دود از کندە بر میخیزد" یا بە کوردییەکەی خۆمان " گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە".

هاوینی ١٣٧٢ لەسەر داوای کۆمیتەی شارستانی مەهابادو ڕەزامەندیی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بە ئەندامی کۆمیتەی شاری مەهاباد دیاری کراو، بۆ کاری تەشکیلاتیو سیاسی چووە نێو شاری مەهاباد. زستانی ئەو ساڵەش لە دەورەیەکی سیاسی دا بەشدار بووو بە سەرکەوتنەوەو بە پلەی یەکەم دەورەکەی تەواو کردو بوو بە کادری حیزب. یەکێك لە کارەکانی سیامەك لە ساڵی ١٣٧٢ەوە تا کاتی شەهید بوونی، هاوکاریی ڕادیۆی دەنگی کوردستانو ڕۆژنامەی "کوردستان" بە نووسینو وەرگێڕان بوو. لە تەنیشت ئەم کارانەش دا شێعرو پەخشانی ئەدەبیی دەنووسی، بەڵام بڵاوی نەدەکردنەوە. وەك زانیومەوە کتێبێکی لەژێر ناوی "آمار ایران و علل‌و عوامل بحران در کشور" نووسیبوو کە خۆم بە داخەوە نەم دیوە. هەروەها وەرگێڕانی کتێبی "فەلسەفەو کۆمەڵ" ی دوکتور خەلیقی بۆ سەر زمانی فارسی دەست پێکردبوو کە مەرگ مەودای تەواوکردنی پێ نەدا.

سیامەکی لاوچاکی خاوەن تواناو بەهرە، ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٧٣ لە کاتێك دا کە لەگەڵ تیمێکی تەشکیلاتیی کۆمیتەی شارستانی مەهابادو مەڵبەندی سپی سەنگ لە گەرمێنەوە دەگەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کوێستانەکانی بەربنە کەوتنە داوی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی. ئەگەرچی ڕۆڵەکانی دێموکرات بە ژمارە کەم بوون بەڵام لە کاتژمێر ٧/٥ ی بەیانییەوە کە گەمارۆ دەدرێن هەتا نیوەڕۆ بەرەنگاری جاشو بەکرێگیراوانی ڕێژیم دەبنەوەو هەتا دووایین فیشەك شەڕیان لەگەڵ دەکەن. دیمەنی کۆتایی هاتن بە ژیانی ئەو پۆلە لاوە قارەمانە، دووپاتبوونەوەی ئەو دیمەنە بوو کە سمایل شەریفزادەو هاورێیانی لە "دارێنە" تێی دا شەهید بوون. دیمەنێك کە مامۆستا هێمنی نەمر بە شێعری جوانی "کاروانی خەبات" وێنای کردوە.

## "من دەترسێم"



**تاهیر محەممەد ڕەزا**

ئەمشۆ کوردستان
دەمکاتە تیشکی راساوی
تۆڵەو تریفە
ئەرکم بێشکەیەو
دایکی وەتەن رایدەژێنێ
ئەمشۆ دەبێ ببمە مانگو
سێبەرو هەتاو
هەر ئێستا باڵ لە خەیاڵ قەرز
دەکەم
گەز بە گەزو
رەز بە رەزو
وەرز بە وەرزی
مێژوو دەکێڵم
لە ئاسمانی دزراوی
فڕینم دەگەڕێم
من سەرقافڵەی
دەستەوای عەداڵەتو تۆڵەم
هەر ئێستا بچووكو بچووکتر
دەبمەوە
مسقاڵێك لە ناو مەزنترین
هەیبەتی دنیا
نەعرەتەم ئەسپێکی بەلەسەو
ئەرکم سوارچاکترو ئەنگێوەتر لە
ئارەشە
من دەترسێم
دەترسێم منیش
تۆزو تەم
بە گەرووی ئەم مێژوویە تێنوویەم
دابکەم
زۆر دەترسێم
دەترسێم منیش
غەدر لە حەقیقەت بکەم
پەنجەی گەرووم ببەستێ
هەر بێمو بچم
وەکوو کاسەلێسی بارەگای سوڵتان
من دەترسێم
ببم بە سێبەرو
لە حەوشەی بێ پەسیوان نەڕوێم
زۆر دەترسێم
بمکەن بە چرا
بەڵام لە رووناکی نەدوێم
من دەترسێم
دەترسێم منیش
ببم بە ئەستێرەو لە برسان
ئەستێرە بخۆم
من دەترسێم
ببم بە لووتکەو
لە ترسان نەوییەکان بخۆم
من دەترسێم
ببمە مانگو ئەستێرەی راخوشاو
فڕێ دەمەخوار
من دەترسێم
ئەگەر دار ئاشقی بەرد بوو
نەبم بە مشار
کێ دەڵێ شمشێرو خوێن
برا نین
کێ دەڵێ هەورو هەتاو
چرا نین
من دەڵێم
دووپشك چەن ئازایە
کاتێك
کە دیلی ئاگر نابێ
هەڵۆ چەندە خوێڕییە ئازادی
دەگرێ
ئازادی دەکوژێ
بە مەرگی چریکەو ئاواز دادێ
٢٠٠٧/٨/٥

## کتێبخانەی کوردی چاوی بە سێ کتێبی ئەدەبیی دیکەش روون بۆوە

**ڕۆڵی سوارەی ئیلخانیزادە لە نوێگەریی شێعری کوردیدا.**




ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەیە لە سەر شێعری سوارە ئیلخانیزادە، تێز (نامە)ی فوق لیسانس (ماجستر)ی شنۆ محەمەد مەحمودە کە یەکێکە لە مامۆستایانی بەشیی کوردی زانکۆی کۆیەو دوکتور عەزیز عەبدوڵڵا گەردی، پرۆفیسۆری بەشی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین سەرپرشتیاری کردوە. بە دڵنیاییەوە ئەم کتێبە وەك دیارییەکی بەنرخ بۆ کتێبخانەی کوردی دەتوانێ لە زیاتر ناساندنی شاعیری نوێخوازی کورد سوارەدا دەورێکی باشی هەبێ.

دوو کتێبیش بە ناوەکانی ٣ سەعات و ٢٢ دەقیقەی بەرەبەیانو کۆمەڵە ئەفسانەی ئاوێنەی جادوو، ئەم دوو کتێبە بەنرخەن کە کتێبخانەی کوردییان پێدەوڵەمەندتر بوە.

کتێبی ئاوێنەی جادوو لە نووسینی ئێرینا ژیلزنۆڤایەو شەهێن نەورۆزی باستانی کردوویەتە فارسیو بە قەڵەمی چیرۆکنووس حوسێن شێربەگی کراوەتە کوردی. ئەم کتێبە کۆمەڵێك ئەفسانەی شیرینی لەخۆگرتووەو بە زمانی ساکارو شیرین نووسراوەو کراوەتە کوردی.

کتێبی دووهەم واتە ٣ سەعاتو ٢٢ دەقیقەی بەرەبەیان. نووسینی شاعیرو نووسەری ئێرانی ئەحمەد شاملوویەو کۆمەڵە چیرۆکێکی لەخۆگرتوە. ئەم کتێبەش کاك حوسێنی شێربەگی کردوویەتە کوردی.

هەردووك ئەم کتێبانە لە لایەن دەزگای "ئاراس"ەوە، لە هەولێر لە چاپ دراون.






# خوێندنەوەی چەند شیعری سولەیمان ئەحمەد زادە

## (سیابەخت)و کتێبی درۆکانیش راستەقینە بوون

خوێندنەوەی چـەند شـیعری سـولەیمان ئەحمەزادە (سیابەخت) و کتێبی درۆکانیش راستەقینەبوون

((لە ئوسـتوورەکانی ئیسـکاندیناویدا هاتووە کە رۆژێك ئۆدینی خودای خودایـان لـە رێگـادا بەسـەر ئەشـکەوتی زانسـتدا دەکـەوێ . بـەڵام پـارێزەری ئەشـکەوتەکە ئیزنی نادا بڕواتـە ژووری، مـەرجێکی بـۆ دادەنێ کە چاوێکی بدا بەوو کوێر بێ! جـا ئەمجار بڕواتـە ژووری. ئـۆدین ئـەم کـارەی کـرد چـاوێکی دانـاو ئـەمجار لـە ئـاوی کانیەکـەی خـواردەوەو بـوو بـە خـودای خودایان))

١. کانی: دەرونی نـاخود ئاگـای مرۆڤە

٢. چاوی کوێر: چـاوی سروشـتی مرۆڤەو دەربیجەکە بۆ ڕوانین.

مرۆڤ بە چـاوی کـوێر دەتوانـێ خـۆی ببینێ و بە چاوی سروشتی دونیـای دەرەوە و شێعریش پردێکە لە نێوان وشەکانی ئـەم دوو چاوەدا.

شـێعر ناخودئاگـای مرۆڤـەوە سـەر هەڵدەداو شتێك نیە لە پرۆسـەیەکی تـەواو ئاگایانەدا رووبدا. بە وتـەی یـۆنگ شـێعر دەبـێ لـە خـاڵی نـەبوونی قەتعییـەت دا روبدا. دیاردەکان بە زەیـن دەسـپێردرێن و لە ئاکـارێکی رەوانـیدا شـوێنە ونکـەیان پـێدەکرێ ئـەم جـار لـە خـاڵی نـەبوونی قەتعییەت دا بەرهەمی شێعر روودەدا.

بـە وتـەی کانـت زەیـن وەکـوو جالجالۆوکەیەك شتەکان پێوە دەکـات وردە وردە دەیان خواو دەیان گۆڕێ. لە شـێعردا شاعیر وشـەکان وەك دیاردەیـەك دەبینـێ. بەپێکەوە لکانی ئەم دوو خاڵـەی سـەرەوە ئێمە دەتوانین بەستێنێك بۆ کـاری شـاعیر دیاری بکەین.

١. بەستێنی روداوەکان:

٢. بەسـتێنی ئـەم وشـانەی بوونەتە کەرەستەی هونەری و ئیتر نـاتوانن ئامراز بن.

لە هەر دوو شێوەدا شاعیر روانینێکـی جیاوازی هەیە. جیهانی شاعیر ئـەزموونی بەرهەمەکانی خۆیـەتی. ئـەم ئەزموونانـە ئـەزموونێکن کـە هـەم بـە شـێوەیەکی جوزعی ئاراستە دەکرێ هەم دەتوانێ خۆی لە گەڵ تەئەیلی خوێنـەردا بـە شـێوەیەکی گشتی ئاراستەی خوێنەر بکا. فەلسـەفەی وجودیی شاعیر لە پێناو جورێ کـردەوە و تەشەخوسێك دایە کە دەبێ لە دووو پانتادا قسەی لەسەر بکرێ.

١. شـاعیر دەبـێ زمانێـك بەدیبێنێ کـە لـە گـەڵ زمـانی ئاخـاوتنی خەڵکی ئاسـاییدا تـۆفیری هـەبێ. شـاعیر دەبێ لـە ئامرازێـك کـەڵك وەربگـرێ کـە بتـوانن ئـەرکی گواسـتنەوەی زمـانی لـە بواری ئاساییەوە بۆ بواری ئەدەبی بە باشی وەئەستۆ بگرێ.

٢. شاعیر دەبێ لە هەڵبـژاردن و پێکەوە لکاندنی پاژەکانی زمانی رۆژانـەدا وردەکاریـەکی زۆر بـە خـەرج بـدا. هـەتا بتوانێ بەرهەمی خـۆی لـە شـاعیرانی تـر جـوێ بکاتـەوە. بـۆ ئـەم کـارەش دەبـێ زانیاریەکی قـووڵی لـە هەمبـەر مێـژووی ئەدەبیات و شێوازەکانی پێش خۆی هەبێ. دەبینین کە شـاعیر لـە پانتـایی یەکـەم دا دەکەوێتە جەبرێکی حەتمیەوە و چـارەیەکی جگە لە کەڵك وەرگرتن لە زمانی رۆژانـەی خەڵکی نیە. بەڵام لە پانتـایی دووهـەم دا شاعیر لە کاری خۆیدا سەربەخۆیەو مـافی پێکەوە لکاندنی پاژەکـانی زمـانی بۆخـۆ دەپارێزێ.بە سـەرەنج دان بـەو پێشـەکەیە دەچینە سەر شێعرەکانی شـاعیر سـولەیمان ئەحمەزادە.

١. هەست(ئیحساس عاتیفە)

سەرەکی ترین ماکەکانی شـێعریە کـە دەبێ ماکەکانی تر لـە ژێـر سـێبەری ئـەو دابن و ئەرکی گواستنەوەی ئەم ماکەیان لە نووسـەرەوە بـۆ بـەردەنگ وەئەسـتۆبێ. عاتیفە رەنگ دانەوەی دونیای شاعیرە لـە شێعردا. هەڵویستی شـاعیر لـە هەمبـەر



جیهـانی دەرەوە دا بـە جـۆری روانـین و وئیـدئۆلۆژی شـاعیرەوە هەیـەو لـە دوو تـەوەرەی شـوێن و کـات و بـە یارمـەتی ناخوداگا خۆیا دەبێ. جۆری هەستی هـەر شاعیرێك پەیوەندیی بە تەمێکـەوە هەیـە کە خودی ئـەم شـاعیرە بەسـەر شـێعریدا دەسەپێنێ. دوکتور شەفیعی کەدکەنی ئەم خودانە بەسەر سێ خاڵدا دابەش دەکا.

١. خودی فەردی و تاکەکەسی:

لێرەدا شاعیر تەنیا لە خـەمی خـۆی دایەو لە هـەوڵی ئـەو گرێیانـە دایـە کـە زەمانێك توانیویانە ببنە هاندانی هەسـتی شاعیر وەك زۆربەی شـاعیرانی دەربـاری و شاعیرانی شێعری غینایی و رۆمانتیك.

٢. خودی کۆمەڵایەتی

شـاعیر لـە گـەڵ زۆربـەی خـەڵکی کۆمەڵگای خۆی دەردی هاوبەشی هەیـە و لە بازنەی ویستی تاکەکەسی خـۆی دێتـە دەرێ و دەبێتە زمانی ئـەو کەسـانەی لـە شوێنێکی دیاری کراودا ئاوات و ئامـانجی هاوبەشیان هەیـە وەك زۆربـەی شـاعیرانی مشرووتەی فارسی و ئـەو شـاعیرانەی لـە دەوری ئـاڵوگۆڕو شۆڕشـێکی سیاسـیدا دەژین.

٣. خودی جیهان:

ئەم خودە خـۆی لـە دالغـەی شـوێن و کات دەرباز دەکا و چارەنووسی خـۆی لـە گەڵ چارەنووسی مرۆڤەکانی جیهـان گـرێ دەدا.وەکو شاعیرانی فەیلەسوف خـەییام و مەولەوی..

شێعرەکانی شاعیر لە دەفتەری یەکـەم دا زیـاتر وزەیـان لـە سـەر خـودێکی کۆمەڵایەتیەو بە شێوەیەکی لە رادەبـەدەر دەبێتە هۆی بەدی هاتنی شێعری سیاسـی کـە هـەرکام لـەو هەسـتانە دەتـوانن لـە شوێنی خۆیدا بەرهەمـە هونەرێکـەی بـە پێز بکەن، کە لە دەفتەری یەکەم دا زیـاتر خاڵی دووهەم لەبەر چاوە.

بگرین/بگرین/ئەی هەوالان/ ولاتەکـەم بێ بارانە/ بەشـکم رۆژێـك بێتـە بـەهار/ بێمە لات بۆ نەورۆزانە.

لەم شێعرە تازانەی دیوانی دووهـەم دا کە لـە بەردەسـتی مـن دابـوون، ئەمخاڵـە وەکوو یەکەمین پێناسـەی شـێعری شـاعیر دێتە گۆڕێ بەڵام لە قـاڵبێکی رەمـزاوی و شاراوەدا.

دەکەن/ ماچ و/ چەندە ئـای / گۆنـای زەوین/ ئەم پرەسێلکە زامدارانەی / هـەڵی گرتوون/ یادی ئەوین.

شـێعر کـە ئـەم تەمـەی خـودی کۆمەڵایەتی بەسەرەوە بێ زیتر لـە گـەڕی

فەوتان و تیاچـون دایـە بـەم هۆیـەی ئـەم شێعرانە لە کـات و سـاتێکی دیـاریکراوا هاتوونە دێ بەنەمانی ئەم هەلومەرجە ئەم شێعرە ئـیتر ناکەوێتـە بـەر ڕای زۆرینـەی خەڵك کە باشترین رەخنەگریشێعرن.

کاك سولەیمان بە خۆشیەوە لە دەفتەری دوهـەم دا واتـە (درۆکـانیش راسـتەقینە بوون) خەریکە لـە خـودێکی فەلسـەفی و جیهانی نیزیك دەبێتەوە کە لە داهـاتوودا دەتوانێ سەرکەوتووتر بێ.

زۆربـەی شـێعرەکانی وەرزیـەکی هەستیارانەی زۆریان تێدایـە کـە ئـەوەش دەگەڕێتـەوە سـەر شـێوەی هەڵبـژاردنی شـاعیر وشـەگەلێکی وەك بـاران، داڵ، زەوی، رووسووری، گریان، شـێعر، هـەور، داو، ژیان، گەڵا، با و....

ئـەم وشـانەی وزەی عاتفیـان زۆر بەرچـاوە کـە بوونەتـە یەکـەم پێناسـەی شێعری سیابەخت بە باشی بەکار هاتوون و زمان دەتوانێ دووپات کـەرەوەی بـەیان و هەستی دەروونی بێ.

لـە چاوەکانت هـەوالم مەپرسـە/ کـە باوێشکی چرای شەقامو/ خـەمی رێگـەی دوور/ بۆ بێداری ئەم خـەوە گـەورە/ لایـە لایەی زۆری بیستوە/ لە چاوەکانم هـەواڵت مەپرسە.

شـێعر دیاردەیـەکی سـەربەخۆیە کـە دەبێ ژیانی هـەبێ بـێ ئـەم ژیانـە شـێعر شتێکی مردوە.

٢. وێنە (تەسویر)

ئیمـاژ هـەوڵی هونەرمەنـدە بـۆ دۆزینـەوەی پـەیوەنی شـاراوەی نێـوان دیاردەکان لە جیهانی دەرەوەدا جەوهـەری سەرەکی شێعر ئیمـاژە کـە دەبێتـە هـۆی هەڵاواردنی ژانرەکـانیتر لـە ئـەدەبی وەك چیرۆك و رۆمانو...دا

دیارە کە وێنەی شاعیرێك سـەرکەوتوە کە تەسویرەکەی خاوەنی بیرۆکەیەکی قووڵ و غینایەکی عاتیفی بێ.

رێگـــــــــــــــــە ئاسمان

٣.خوازە (استعارە)

خوازە تەسویرێکە کە لە سەر بناغـەی وێکچـواندن دامـەزراوە بـەم جیاوازیەکـە تەنیا لایەنێکی وێکچواندن دێتە گۆڕێ کە ئەویش (مشبە"بە)ە بـە بـڕوای مـن ئـەم بەشە لە ئیماژ ئەگەر بە باشی بێتە کایەوە دەتوانێ باشترین شـێعر بخوڵقێنـێ خـوازە ئیهامێکی تێدایە کە دەبێتە هۆی ئـەوەی کە خوێنەر خۆی زیاتر پێوە ماندوو بکـات و دوای کەشفی پێوەندیەکە دەبێتـە هـۆی چێژ و بەهرەیەکی زیاتر.

چی دەزانن/ تامی خـەوتن/ یـەکبوون/ ژیان/ ئەم زۆڵە وشانەی/ دایکیشـیان/ بـە دزی خەوت لای باوکیان

ئێمـە دەزانـین کـە ئیسـتیعارە لـە نادیارترین و موبهەمترین شێوەی خـۆی دا گەڕانێکی هەیە بۆ لای سەمبول یان رەمـز بە مانا بەرفراوانەکەی خۆیەوە لە سـیمبول دا دالێك بە مەدلوولێکی جیاواز لە خۆی دەلالـەت دەکـا وزەیـن بـۆ گەیشـتن بـەو مەودلوولە دەبێ هەولێکی زیاتر بدا.

ئاشـکرایە بـۆ بەرهـەم هێنـانی وەهـا رەمز و نمادێك پیویستیی بە فەزایەکە کـە لەودا گێرانەوەیەك رووبدا بـەڵام بـە هـۆی وەسـفی بـوونی ئـەدەبیاتی کـوردی ئـەو گێرانەوانـە کـەمن و نـاتوانن شوناسـێك لەسـەر مرۆڤـی کـورد بدەنـە دەسـت. رەوایـەتێك بـێ لـە ژینگـەو دەروەوبـەری شاعیر لە لایـەکی تـرەوە چـونکە شـێعری سولەیمان لەسەر خودێکی کۆمەڵایەتی ساغ بۆتەوە! شاعیر دەبێ هـەوڵ بـدا زمـانێکی هەبێ لە باری ئاسۆییەوە وەسف بکـاو لـە بـواری ئەسـتوونیەوە رەوایـەتێك بـێ لـە ژیانی مرۆڤی کوردەواری.

**کێش**

بە گشتی هەر شتێك کە بتوانێ شـێعر لە زمانی رۆژانە دوور خاتەوە جۆرێك ریتم لـە شـێعردا بـەدی بێنـێ دەخرێتـە نێـو چوارچێوەی موسیقیی شێعرەوە. لـە یـەك بـە دوای یەکـدا هـاتنی وشـەکان بـە شـێوەیەکی ئاهـەنگین ئـەم تایبەتمەندیـەی شـێعرکە لەگـەڵ مۆسـیقادا هاوبەشـە بـە شێوەیەك کە مۆسیقاش رەنگدانەوەیـەکی راستەوخۆی لەسـەر ناخودئاگـاهی مرۆڤـ هەیە. بۆیە زۆربەی خەڵکی ئێمە شـێعرێك بە شێعر دەزانـن کـە لـە سـەر کێشـێکی خۆش دامەزرا بێت.

مۆسیقایەك کە لە سروشـتدا گـەڕیانی هەیە بریتیە لە جۆری دەنگەکان. زمانیش هـەر ئـەو بەرژەوندیـەی هەیـە. بـەو جیاوازیەی کە مۆسیقا لە سروشتدا تەئویل نـاکرێ بـەڵام مۆسـیقا لـە شـێعر وسـەمفۆنیاکاندا تەفسـیر دەکـرێ. لـە مۆسیقا دا بۆ بەخشینی هـەر هەسـتێکی تایبەت لە هەڵبژاردنی پاژەکان و نۆتـەکان دا وەردەکاریەکی زۆر دەکرێ. لە شێعریش دا دەبێ بـاری مۆسـیقایی هـەر وشـەیەك بزاندرێ هەڵبژێردرێنو هاوبەشی بکرێن.

لـە شـێعرەکانی سـیابەخت دا چـەند تایبەتمەندی دەبیندرێ کـە بوونەتـە هـۆی بەرزبوونەوەی ئاستی مۆسـیقایی. شـاعیر بە پاشوپێش کردنی وشـەکان لـە رستەدا هەوڵی داوە وەزنێکی تایبەت بخولقێنێ بە جیاوازی لەگەڵ تراژیدیای بێکۆتاییدا کـە بەرهەمی رەوتـی ئاسـایی شـێعر نـەبوون هەست دەکرێ کە شاعیر بـە شـێوەیەکی دەستکرد ئەم کارەی کردبێ.

جگـەرە ئـای!!/ هـەڵیان پێچـای دەستەکانم/ نە بـوم خـۆم کـە/ لێیـان دای مژ/ لێوەکانم.....

بـەڵام لـە دەفتـەری ((درۆکـانیش راسـتەقینە بـوون))دا شـاعیر بـە هـۆی ئـەزموونێك کـە بوویـەتی توانیویـەتی ریتمێکی باش بەرهـەم بێنـێ کـە بـەلای منەوە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی شێعری سولەیمانە.

دەکەن / ماچ و / چەندە/ ئای گۆنـای زەوین/ ئەو پەرەسـێلکە زامدارانـە یـادی ئەوین ی/ هەڵی گرتوون/ی

تینوە هێندە/ کایەی پێ دەکا/ بۆیـە/ با/ گەڵا!!

بە هۆی کورت بوونی میسـراعەکان و دابەش کردنی رستەیەك لە چەند میسـراع دا زەرباهـەنگێکی تایبـەت دراوە بـەو شێعرانە کە هێندێك زیادەکاریشان تێدایـە بە تایبەت لە دەفتەری یەکـەم دا. بـەڵام لە دەفتەری دووهەمدا ئەم زیادکاریە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی شێعرەکان.

**چەندە/ ئای سەفەر/ لـە مـن رابـوو/ هاتـەوە خـۆت/ هاتـەوە خـۆ/ مانـدوو نەبینیت نەکردم/ ئاخە بۆ؟**

خاڵی هاوبەشی مرۆڤی ئوستورەسـازی کەوناراو شاعیر ئەوەیە کە هـەر دووکیـان لە ناو سروشت دادەژین و هەر دووکیان لە بەخشـینی روح بـە دونیـای دەرەوەدا هاوبەشن دەتوانین ئەم جۆرە جوانکاریە بـە جۆرێـك ئارکـاییزم یـان کـەونارە خـوازی بزانین. پۆل دمان دەڵێ: ئەی شـتەکان مـن خۆم پیشکەشی ئێوە دەکەم. بـەرەو پـێش چـونی زانسـت بۆتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئوسـتوورە نـەمێنێو جیهـان بـەرەو پانتایەکی ویشکی زانستی بچێتە پێش.

لێرەدا شاعیر ئـەرکی زینـدووراگرتنی ئوسـتوورە وەئەسـتۆی خـۆی دەگـرێ (ئوستوورەکان لـە نـاو مێـژوودا دەڕۆنـە پێشێ) شاعیر دێتە مەیدانی ئەبەدییەتەوە چونکە ئوستوورەسازە و دەتوانێ تـەخویل و ئیمـاژ سـازی بکـاو جیهـانێکی تـازە بەرهەم دێنی و بە وتەی کامۆ بـەرەنگاری جەبری چارەنوس دەبێتەوە.

دەزانـین زمـانی ئاسـایی تاقـەتی دەربڕینی نەهێنیەکانی رۆحی نیەو ئەگـەر ئەو نەهێنیانە بە شێوەی زمـانی ئاسـایی دەربردرێن دەبێتە بەرهەمێکی ئاسـایی و خۆی لە دەقێکی هونەری دوور دەکاتـەوە. جا کە وابوو زمانی شاعیری تەسویرسـاز باشترین زمانە بۆ دەربڕینی هەستی شاعیر و یارمەتی دەدا هەتا وزەیەکی باشتر بـێ بۆ ناسینی جیهانێکی جیاواز کە تەنیا هی خـودی شـاعیرە، ئەگـەر ئـەم تەسـویرانە رهەنـدی عادەتیـان هـەبێ دەتـوانن بـە دڵاوایـیەکی زیـاترەوە لـە گـەڵ خوێنـەر پێوەندی بگرن.

رەهەنـدی ئاسـۆیی: لـە درێـژایی میسـراعەکاندا کـە دەبێتـە هـۆی وەدی هـاتنی جۆرەکـانی مـەجازو وێچـواندن و خوازە...

رەهەندی ئەستوونی:ئەو ئیماژانەی کە لـە تـەواوی دەق بڵاوبونـەوە پێکـەوە دەلکێنـێ. نـەزم و رێکـوپێکی تایبـەت دەبەخشێ بە شێعر و لە تەوەرەکانی بـاس لە شێوازدا گرینگیەکی زۆری هەیە.

١. کەسـایەتیدان : ورد بوونـەوە لـە شـێعرەکانی سـەلەیمان ئـەوەمان لـە ئاشـکرا دەکـا کـە کەسـایەتی دان بـە دیاردەکانی سروشت بەرچـاوترین هۆکـارە کە بۆتـە هـۆی بـەرز بوونـەوەی ئاسـتی شێعرەکان.

**تۆ/ کە بـاران/ بـۆ ئـەوینمان سـوژدە ئەبات/ چی ئەڵێیت/ کـە هێنـدە خـودا/ تووڕەدەکات**

هـەر وەکـوو لـە پێشـدا باسمـان کـرد شـاعیر وەك مرۆڤـی کـەونارا خەریکـە ئوستوورە دروست دەکا بە گیـان بەخشـین بەشتەکانو کەسایەتی دان بـە بوونـەوەران خۆی بە میراتگری وان دەزانێ.

٢ وێکچواندن

دیتنەوەی خاڵی هاوبەشـی نێـوان دوو دیاردە لە رێگـای هەسـتێکی تاکـەوە بـە تایبەت دیتن لە ئەدەبیاتی شێعری ئێمـەدا تا ئەورۆ رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە بەڵام لە شێعرەکانی سیابەخت دا زۆر کەم وەبەرچاو دەکەوێ ئەگەر هەشبێ لـە وێکهـاتووترین شێوەی خۆیدا واتە ئیزافەی تەشبیهی.

**شا/ کەنین/ کەم و چـەند تەمـەنی؟/ چەندە مەزن و..../ زەریای فرمێسك.../ شاا!!/ گرین...**

ئەم لادانە لە رێسای تایبەتی شێعر بە گشتی بۆتە هۆی دەرباز بوونێك لـە رێسـا کە بە بڕوای من زیاترین تەشەخوسێکە کە شێعری ئەو شاعیرە لە شاعیرانی تر جـودا دەکاتەوە. ئەوە لـە کاتێـك دایـە کـە لـە دیوانی یەکەمی شـاعیر دا زۆر تەشـبیهی ویشکو پەیتا پەیتای تێ ئاخندرابوو.

**چاوەکانت کیژی بەیان / قژی ناسـکی شۆڕە بێ پرچەکانت/ ل ٥١**

**شەو سێدارەی مەرگ / بـەیان کۆچـی ئەسـتێرە** ل ٥٠ کتێبـی تراژیدیای بێ کۆتایی

شێعرێك کە کێش و سەروای نیە دەبێ لە نووسـین دا تایبەتمەنـدی خـۆی هـەبێ. (کیش و سەروا دەبنە هۆی نیزامـدا بـونی شـێعر) و دالێـك بـێ لـە سـەر گـەڕیانی شێعرەکە وشەکە هاتە سەرلاپەڕە ئیدی بـە تایبـەت لـەم جـۆرە شـێعرەدا تـەنیا نیشانەیەکی سەمبولیك نیەو نیشانەیەکی ilonicیان رۆخسارە ئاسایە تایبەتمەنـدی ئەم جۆرە نیشانەیە ئەوەیە کـە بەشـتێکی دەرەوەیی دەلالەت ناکـا جگـە لـە مانـاو وێکچوونی دال و مەدلوول. وەکوو هونەری نگار کێشان شێعر لە ئاستی بەرز دا ئـەم تایبەتمەندیە دێنیتە گۆڕێ.

**دەتوێت؟.../ بباریێ.../ چەندە هەور بوو؟؟!/ ئاخر!**

لایـەنێکی تـری وەزن لـە شـێعردا دەگەڕێتـەوە سـەر هاونشـینیی وشـە کـە مۆسـیقای مەعنـەوی پـێ دەڵـێن، لـە روانگـەی زانایـانی بەدیعـەوە ئـەویش جۆرەکـانی مـەجازە وەکـوو((تضادو مراعات االنظیر.)) کە لایەنی مۆسیقایی شێعرەکە لە بواری مانـاوە دەبەنـە سـەرێ کە لە هەموو شێعرەکاندا ئەمانە دەبینین.

**دڵتەنگ؟ / چەندە ئاخر؟؟؟؟!/ بۆ سووتانی رۆژی شـەم و/ ژینـی مەسـیحیایی../ ئاگر!!!.**

مۆسیقا لـە شـێعردا دەبـێ یارمـەتی گواستنەوەی مانـا بکـات دەنـا شـتێکی بێکـەڵك دەبێـت. شـاعیر دەبـێ تـەواو زەرفیەتی زمان بناسێ و لە وشـەکان نـەك وەك ئەمراز بەڵکوو وەکوو((شت)) کـەڵك وەرگرێ، ئێستا کـە لـە شـێعری کلاسـیك دوور کەوتووینـەوە هیـوادارم شـێعرێك بەرهەم بـێ و خـاوەنی چـەند قوتابخانـەی شێعری بین.

شـێعری سـیابەخت خـاوەنی زۆر تایبەتمەندیی دیکەشە کـە بـە هـۆی کـەم بـوونی کـاتو هـەروەها ژوومـارەی شێعرەکان ناتوانم رای قەتعی دەربڕم.

ژێدەر

١. سفر در مه تقی پور نامداریان
٢. موسیقی شعر شفیعی کدکنی
٣. مشکل شامل در شعر محمود نیکبخت
٤. ادوار شعر فارسی شفیعی کدکنی
٥. طلادر مس رضا براهنی
٦. ساختار و تائویل متن بابك احمدی
٧. نقد ادبی سیروس شیمسا
٨. انسان و سمبلهایش کـارل گوستا یۆنگ
٩. ادبیات چیست ژان پل سارتر

سەرچاوە: وێبلاگی کوردی

# پردی ئەجەل

نووسینی: ئەسعەد قەیدی

لە گەڵ هیوا پێکەوە بڕیارمان دا بچین بۆ رانیە. بەڵام بە هۆی هەندێك گرفتی ئەمنیەتیو تەشكیلاتی حیزب داوای لە كادرو پێشمەرگەكانی كرد، كە بۆ ماوەیەكی دیاری كراو لە هاتووچۆ كردن بۆ شارەكانی كوردستانی باشوور خۆ بپارێزن. ئەوە بوو رۆیشتنمان بۆ رانیە پەكی كەوت. بڕیارمان دا بچینە سەر كانیەیەك كە لە خوارەوەی مەقەڕەكانمان هەڵكەوتبوو. بە قەدەم لێدان وەرێ كەوتین بەرەو شوێنی مەبەست. بەدەم رێگا رۆیشتنەوە، باسی بەسەر هات و بیرەوەری دەستی پێكرد. هیواش هەر بە هەمان شێوە باسی بیرەوەریەكانی خۆی بۆ دەكردم. هەروا بە قسە كردنەوە دەڕۆیشتین، كە لە پڕ هاژەو ئاوی كانیەكە وەك دەنگی مۆسیقایەك كەوتە بەر گوێمانو سەرنجی ئێمەی بۆ لای خۆی راكێشاو هەردووكمانی بێدەنگ كرد. لە سەرچاوەی كانیەكەوە ئاوێكی روون وەك چاوی قرژڵ فوارەی دەكردو لە نێوان چەند تاشە بەرد بە پەلە دەهاتە دەرەوە. ئاوەكە ئەوەندە سپی بوو دەتگوت تۆپەڵە بەفر لە ژێر "ئەرز" هەڵدەدەنە دەرەوە، لە گەڵ هیوا نەمان توانی خۆ راگرینو ئاوی لێ نەخۆینەوە. لە دامێنی كانیەكەش جۆگەلە ئاو خۆی كێشا بووە ناو مێرگزاری پێدەشتەكەوە. لە قەراغ جۆگەكە پنگەو كووزەڵە خۆیان بەسەر یەك دا كێشا بوو. گیاو گوڵی دەوری كانیەكە ئەوەندە چڕو پڕ بوو واتدەزانی ئاوی پێدا ناڕوا. لە گەڵ هیوا دوای لێكردنەوەی چەند چەپكێك "پنگەو كووزەڵە"، درێژەمان بە گێڕانەوەی بیرەوەریەكان دا بەراستی هیوا شیرین بەسەرهاتی دەگێرایەوە، بە دایم منی لە گەڵ قسەكانیدا بەرەو ناخی بیرەوەریەكانی دەبرد. كە سەیری لێوەكانیم دەكرد چۆن وا بە هێواشی وێك دەكەونو دەنگێكی نێرو ئارام لە قورگیەوە دێتە دەری كەیفم دەكرد. ئەو هەروا قسەی دەكردو منیش لە ناو بیرەوەریەكانیدا دەخولامەوە. لە ناكاو هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشاو منی هێنایەوە سەرەخۆ هاتمەوە سەر تایمی جاران، كە چاوم لە چاوی بڕی سەیرم كرد شەپۆلێك فرمێسك لە ناو چاوەكانیدا قەتیس ماوەو لەنیا دەدەن.سەرابی گلێنەی چاویشی، ببوون بە پاپۆڕێكی سەر گەردانو خۆیان بە هەرەمی برژانگەكاندا ئەدا، لە یەك چاو تروكان دا ملوانكەی فرمێسك بە گۆشەی كەناری چاوی دا شۆڕابەو بەرەوخوار یەكتریان راوئەناو لە سەر تاشە بەرد دەستە ملانێی یەك دەبوونو وەك دوو عاشقی رزگار بوو لە چنگ جەللاد بەرەو جێژوانی چۆل بە گور دەرۆیشتن. هەر وەك لە كلتووری كوردەواریی خۆمان دا، گریان تەنیا بۆ ژن پێناسە كراوە"، هیواش هەوڵی دەدا كە من فرمێسكەكانی نەبینمو پیاوەتیی خۆی بەسەر هەستی دا زاڵ بكا. بەڵام بە هۆی شوێنی دانیشتنو لێك نزیك بوونمان ئەم هەوڵەی بێ ئاكام مایەوەو ناچار داوای كرد كە رێگای پێ بدەم تۆزێك بگری تا لەم رێگایەوە كوڵو كۆی دامركێنێ. منیش هەر ئەو كارەم كردو لێی گەرام بە كەیفی خۆی فرمێسك بڕێژی بۆوەی داخی دڵی خۆی بڕێژێو دەروونی ئارام كاتەوە. دەنگی مشەو هەنیسكەكانی هیوا تێكەڵ بە دەنگی هاژەو خورەی ئاوی كانیو جریوەو زریوەی گیانلەبەرانی دەوروبەرمان ببوو. من چاوەڕوانی ئارام بوونەوەی هیوا بووم. ئەویش وردە وردە دەهاتەوە سەرەخۆ. بە هێواشی دەستی كرد بە ناو گیرفانیو دەسرەكەی دەرهێناو دەمو لووتی پێ وشك كردەوەو هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشاو... وتی:

هیوا: یاخوا كەس وەكوو منی لێ نەقەومێ.

— هیوا گیان! كار لە پیاوان دەقەومێ، گوێ مەدەیە، كار نیە خوا چاكی نەكا. ئێستا بۆم باس كە بزانم چیبووە وا خۆت دەخۆیتەوەو دەڵێی پاپۆڕەكەت لێ نقوم بووە.

هیوا: هاورێ گیان چیت بۆ باس كەم، كامە ئازار، باسی كامە ژانی دڵت بۆ بكەم. بڕوا بكە ئەوەندەم دەردو داخ هەیە نازانم لە كوێوە دەست پێ بكەم،

- هیوا! گوێ مەدەیە ژیانە ئیدی، چ بكەین. بڵێ بزانم چیبووە.

هیوا دەتگوت دەی هەوێ بچێتە شوێنێكی ترسناكو بیری لێدەكاتەوە كە بچێ یان نەچێ. هەر خۆی بەملاو ئەولادا با دەدا. ئاو لە زاری دا وشك ببوو بە زۆر تفی قووت دەدا، لە كانیەكە تۆزێك ئاوی خواردەوەو وتی بەسەر هاتێكی تاڵی خۆمت بۆ دەگێرمەوە. دەستی پی كرد:

سریلاوا لە نێوان پلۆریباخی، بەردەرەشان، ئاغلیان، قەڵا، قارنجەو حوسێنمامە هەڵكەوتوە. بەیانی تازە خۆر لە كەل دەركەوتبوو. هەوایەكی فێنكو خۆش بوو، لە گەڵ بابم بە پێیان لە گوندەكەی خۆمانرا كەوتینە رێ بەرەو سەر جادەی ئیسفالت، كە شەش حەوت كیلومیترێك لە ئاوایەكەمان دوورە. خەڵكی سریلاوا بۆ هاتوچۆ كردنی شار ئەبوو ئەوەندە كیلومیترە ببڕن تا لە سەر جادەی سەرەكی كە بە ناو ئاوایی " حوسێن مامە" دا تێپەر دەبوو، بچنە نێو شارەكانی بۆكان، میاندواوو مەهاباد. خەڵكی ئاوایی تازە یەك یەكو دوو دوو بەرەو موچەو مەزراكانیان وەرێ دەكەوتن. پیرێژنو پیرە پیاویش هەر كەسە چەند سەر رەشە وەلاغیان دابووە پێش خۆیان تا رەگەڵ گاڕانی ئاواییان بخەن. باڵندەو پەلەوەرەكانیش لە سەر سوانەو ژێر سوانە سەریان كردبووە ژێر باڵیانو هەڵكورمابوون. بەرغەلی دێ لە نێو رەپستەو شیناوەردی دەوروبەر دەڵەوەران. دەنگی گیانلەبەران لە ناو ئاسمانی ئاوایی تێكەڵ ببوو دەنگی مۆسیقایەكی خۆشیان پێك هێنا بوو، مێگەلە مەری ئاوایی لە قەد پاڵی چیای "عەولاباد" و زەویەكانی "خانمە خانمە" دا بڵاو ببوونەوە. ئەو مێگەلانە سەگەكانیان زۆر دڕ بوون منیش لە ترسی "سەگەلی" ئەو مێگەلانە دەستی باوكمم توند گرتبوو. ئاخر من بەڕاستی بە منداڵی زۆر لە سەگ دەترسام، بەتایبەتی سەگی مێگەلی ماڵە برایمی مام ئەحمەد. تا لە نێو ئەو مێگەلانە رەد بووین وەختا بوو زەندەقم بچێ، هەر چۆنێك بوو رەد بووینو لەم ترسە رزگاریم هات. بابم زۆر توند دەرۆیشت لە زۆر جێ وەپاش دەكەوتم بە راكردن خۆم دەگەیاندەوە لایو دەستم بە پانتۆلەكەی دەگرتەوە. هەر بەو شێوەیە تا گەیشتینە سەر پردی "حوسێن مامە". ئەو جار ترسێكی تر كەوتە دڵم. ئەم پردە هەمیشە مینرێژ دەكرا، لەبەر ئەوەی پێشمەرگە هەمیشە بە سەر ئەم پردە دا دەپەڕینەوەو دەچوونە سەر جادەو كەمینیان بۆ جاشو پاسدار دا دەنایەوە. ئەم پردەش تەنیا رێگایەك بوو لە نێوان حوسێن مامە، قارنجە، ئاغلیان، پیروەلی باخیو سریلاواو چەندین گوندی دیكە بۆ هاتو چۆ كردنی سەر جادەی بۆكان میاندواو، ئەو پردەش لە سەر چۆمی مەجیدخان دروست كرابوو. دیارە زیاتر بۆ هاتو چۆكردنی ماشێنو ئەسپو داشقە، كە زستانان نەیان دەتوانی لە چۆمەكە بپەڕنەوە دروست كرابوو. لە دوای ئەوەی كە مینرێژ دەكرا هەندێكجار خەڵكیان ئاگادار دەكردو زۆر جاریش نەیان دەكرد چەندین كەسی بێتاوان كە رێگاكەیان هەر بەوێ دابوو كەوتبوونە سەر مینو شەهید ببوون. جاران بە ناو قارنجە دا دەچوینە سەر چۆمیو لەوێش بە گەمی دەپەڕینەوە. ماوەیەكیش بوو رایان گەیاندبوو كە مینەكانیان هەڵگرتۆتەوە، لە گەڵ بابم هەروا بەرەو دیواری مردن دەرۆیشتین. جار جار لە بابم بە جێ دەمامو بە راكردن خۆم دەگەیاندەوە لای، باوكیشم ئەوەندە بە رێگا دا هاتبوو هەموو گیانی ئارەقەی لێ دەرژا. شكوور بۆ "خوا" لەو ترسەش رزگار بووینو پردەكەشمان رەد كردو گەیشتینە سەر جادەی ئیسفالت. لە سەر جادەش دوای چەند دەست بەرز كردنەوەیەكی بابم مینیبووسێك بۆی راگرتینو سوار بووین. دوای ماوەیەك گەیشتینە نێو شاری بۆكان، بابم لەم شەقام بۆ ئەم شەقام لەو دووكان بۆ ئەو دووكان خەریكی شت كرین بوو، وەك برینج، قەند، چایی، سابوونو تایدو ئەوەندە خولاینەوە هەر لە باس كردن نایەت. برسێتی هیلاكی كردبووم زۆرم برسی بوو بۆنی كەبابو گۆشتی برژاو ئەوەندەی دیكە فشاریان بۆ هێنابووم بە بابم گوت: بابە؟!،

بابم: گیان رۆڵە، دەڵێی چی رۆڵە گیان،

گوتم: برسیمە؟

بابم: وەی بەسەر چاو هەردووك چاوی بابی خۆت.

دڵم خۆش بوو كەباب لە پێش چاوم دەهاتو دەچوو. ئیدی بۆنی كەباب بە تەواوی مێشكمی داگیر كرد. خێرا دەرۆیشتم بۆ ئەوەی لە بابم بەجێ نەمێنم هەر دەرۆیشتینو نەدەگەیشتینە كەبابخانە. لە پێشمانەوە مزگەوتێك لە سەر رێگا بوو، بۆ چما بابم خۆی بە مزگەوتەكەدا نەكرد. خەریك بوو نەچمە ژووریو هەر لە بەر دەرگا دانیشتم تا بابم دێتە دەرێ كەمێك راوەستام، بابم بە پەلە هاتەوە دەرێ.

گوتی: رۆلە بۆ راوەستاوی؟

مەجبوور چووم. گوتم كورە هیچ نیە، رەنگە نوێژ بكات، دوایە دەرۆین. هیچ نیە. هەر دڵ خۆشیی خۆم دەدایەوە، بابم دەستو دموچاوی شوردو چووین لە ژێر سێبەرێك دانیشتین. خۆرجێنی كردەوە یەك پرێسكە نانو پەنیری دەرهێنا. كە ئەوەم دیت، ئیدی ئەمجار بە تەواوی دەستم لە كەباب شوورد. كوڵی گریانم هەستابوو، لیچم كردبوو، نەشم دەوێرا لە ترسی بابم بگریم. هەر چۆنێك بوو نانەكەمان خواردو كەوتینەوە نێو بازارو شەقامەكان. هەروا دەگەراین لە رێگا بە ترسو لەرزەوە داوام لە بابم كرد یەك جووت كەوشم بۆ بكرێ، (دیارە كە كەبابەكەی بۆ نەكریم لە كرینی كەوشەكانیش دڵنیا نەبووم) ئەویش وتی بە چاوانو دڵی نەشكاندم.

گوتی: بە كەیفی خۆت جووتێك كەوشی باش هەڵگرە.

وا بزانم لە لیچ كردنەكەم تێگەیشتبوو، كە وای گوت زۆرم پێ سەیر بوو! كەس لە ماڵێ ئێمە بۆی نەبوو خۆی شتی خۆی هەڵبژێرێ. هەر كات بابم پوڵی هەبایە، ئەوە شتی بۆ دەكڕین، ئەگینا هەر كۆنە كەوشو جلمان چاك دەكردنەوە كەڵكمان لێوەردەگرتن. بڕوا بكە جووتێك كەوشی جیرم هەبوو ئەوەندەم پینە كرد بوو جیگای پینەكردنی نەمابوو. هەموومان كەوشەكانمان پینە دەكرد ئەوە نەبوو كە هەر من پینەی كەم! دیارە بۆ پینەكردنیش، دایكم زۆر لە بابم شارەزاتر بوو. كە وای گوت، منیش بە دڵی خۆم یەك جووت كەوشم هەلگرت ئەمان كەوش! لە خۆشیان هەر چەقەنەم لێدەدا. تا سەعاتی وابزانم دەورو بەری سێ تا سێو نێو هەموو پێدوایستیەكانی ناو ماڵێمان كڕینو هاتینە كارێژی میاندواو مەهابادو سواری ماشێن بووینو گەڕاینەوە "حوسێن مامە" تا بەرەو سریلاوا بكەوینە رێ. لە راست ئاوایی حوسێنمامە كە لە ماشێن دابەزین، دیتمان نێوئاوایی حوسێنمامە شڵەژا بوو. جاشو پاسدارێكی زۆری تێ رژابوو. باوكم هەر كە ئەمەی دیت قەڵەمی دەستو پێی شكا. بۆ ماوەیەكی كورت نەیدەتوانی هەنگاو هەڵگرێ. منیش جارێك چاوم لە بابم دەكردو جارێكیش سەیری چەكدارەكانم دەكرد كە بە كوردیو" فارسی" بانگی خەڵكیان دەكردو داوایان لێدەكردن بچنە ئەو شوێنەی كە بۆیان دیاری كراوە. زیقەو هەرای ژنو منداڵ جەرگی مرۆڤی دەكرد بە ئاو. بابم لە ژێر لێوەوە زوو زوو دوعای دەكرد كە من لێی حاڵی نەدەبووم. لەم بەینەدا پاسدارێك بانگی كردین، ئێمەش بە ترسو لەرزەوە بەرەو لای پاسدارەكە شۆڕ بووینەوە. دەستم لە ناو دەستی بابم دابوو، هەستم بە لەرزینی دەستەكانی دەكرد.

پاسدار: لە كوێ بوون؟

بابم: قوربان لە شار بووین....،

بابم بێئاگا دەستی بەرەڵا كردم منیش دەستم بە پانتۆڵەكەی بابم گرتوو بەرم نەدەدا. لەبەر ئەوەی بابم فارسیی باش نەدەزانی بانگی جاشێكیان كرد، تا بابم حاڵی بكا لە پاسدارەكە....

پاسدار: پێی بڵێ لە شار چیدەكرد؟

بابم: وڵڵا كاكە گیان چووم لە شار بڕێك شتی ناو ماڵم، بۆ ماڵەوە كڕیوە.

پاسدار: بەو سەگبابە بڵێ، دەزانم ئەو شتانەی بۆ دژە شۆڕشەكان كڕیوە، ئێستا پێیدەڵێم "ضدی انقلاب"كێیە؟!

ئیدی بێ سێو دوولێكردن هەرچی كڕیبوومان لە دەستیان دەرهێنان. من كەوشەكانم لە باوەشمدا توند گرتبوو لە دڵی خۆم دا گوتم بشم كوژن كەوشەكانمیان نادەمێ. جاشەكە وەردە وردە هات بۆ لای من. هەر هاتوو، ئەگە یەك زللەی لێدام، كەوشەكانم لەدەست بەربۆوەو "میزیشم" بە خۆدا كرد. بە پۆستاڵ كەوتنە سەرهەرچی كڕیبوومان تێكەڵ بە خۆڵیان كرد. پاشان منو باوكمیان دایە بەر مستو پێلاقەو شەپ، بە پاڵ پێوەنان وەپێشە خۆیان داین. بە هۆی منداڵ بوونم لە منیان كەمتر دا، بەڵام هەتا گەیشتینە ناو خەڵكەكە بابمیان شپرزە كرد، كە چاوم لێكرد، بە پازدە بیست نەفەر لە جاشو پاسدارەكان، كەوتبوونە لێدانو كوتانی ئەو خەڵكە ماڵوێرانە. بڕوا بكە لە هیچ شتێك دەستیان نەدەپاراستو هەر شتێك بە دەستیانەوە بایە بە سەروسەكتی خەڵكەكەیاندا دەكێشا. دوای تێهەڵدانێكی زۆر كە خۆیان هیلاك بوون بە جنێوو قسەی سووك بەشێك لە خەڵكەكەیان ئازاد كردو بەشێكی تریان هێشتەوە كە نێزیك سی كەسێك دەبوون. هەر بە گوێ راكێشان منیشیان لە بابم جیا كردەوەو لە دووری چەند میترێك جاشێك دەستی توند گرتبووم، نەیدەهێشت وستەم لێ بێ، هەر هاواری بابم دەكرد. جاشەكە قامكی هەڕەشەی لێ بەرز دەكردمەوەو...

دەیگوت: گەواد بابو دایكت وا لێدەكەم بێدەنگ دەبی یان یەك گوللەت لە تەپڵی سەری دەم "توخمی سەگ".

سەرم بە هەنیسكانەوە هڵدەقەندرا، لە ترسان هەر بە ورتە ورت دەگریامو چاوم لە بابم دەكرد. بابیشم هەرچەند بە شەپو پێلاقە لێیان دەدا چاوی لەسەر من هەڵنەدەگرت، هاواری منی دەكردو...

دەیگوت: هیچ نیە هیوا گیان، مەترسە ئێستا دێمەوە لات كوڕی خۆم.

لە ترسی جاشەكە هەر لە ژێر لێومەوە هەنیسكم دەداو بە ئەسپایی گریام (ئەی بابە گیان ئاه ئاه ئاه) بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێ بە دەنگێكی بەرز هاواری بابم كرد (بابە...بابە...گیان)، هەر ئەوەندە خۆش بوو دەنگم هاتەدەر، جاشەكە بە هەموو كەیفی خۆی ئەگە یەك زللەو شەپی لێدام باوەڕت بێ، بەری چاوم تاریك بوو كەوتمە ئەرزیو ئاگام لە خۆ نەما. كە هاتمەوە هۆش سەیری ئەملاو ئەولام كرد، دیتم ئەو خەڵكەیان دەستە دەستە كردوە. لە دەستەكاندا لە بابم دەگەڕام دیار نەبوو، لەبەر ئەوەی هەموو سەرو دەمو چاویان خوێناوی بوو نەم دەناسیەوە، زۆرم چاو لێگێڕا نەم ناسیەوە، تا بە نووزە نووز هاواری كرد...

بابم: هیوا گیا! هیچ نیە بەقور...بان. مەگری رۆ..ڵە گیا..گیا..ن. كوڕی خۆم....!

زۆری پێنەچوو دوو دەستەیان جیا كردەوەو ریزیان كردن. چەند چەكداریش بەرانبەریان ریز بوون. یەكێك لە چەكدارەكان بە دەنگی بەرز...

گوتی: "آتش"

ئیدی یەكڕاست دایاننە بەر دەسرێژی چەكەكانیان، ئەوەندە دەنگی تەقەكە زۆر بوو، من لەترسان دەستم بە سەرمەوە گرتو دانیشتم. تەپو تۆزێكی زۆر لە ناو ئەو خەڵكە بەرز بۆوە كە گوللە بارانیان دەكردن. دوای چەند دەقیقەیەك بۆ ماوەیەكی كورت بێدەنگی باڵی بەسەر ئەم شوێنەدا كێشا. دوای ماوەیەكی دیكە گوێم لە ئاهو ناڵەی بەشێكیان بوو كە هێشتا نەمردبوونو لە ناو خوێنی خۆیاندا دەگەوزان."یەك شت كە تا مردن لە بیرم ناچیتەوە ئەوە بوو" لە ناو كوژراوەكاندا لە پڕ كوڕێكی لاو كە هەموو گیانی خوێن بوو هەستاوەو پەلاماری جاشو پاسدارەكانی دا بۆ ئەوەی نەی كوژن، یەك بەخۆی هاواری دەكرد...

تۆخودا دایكم پیرە كەسی نیە، تۆخودا... تۆخودا!

بە لاقی یەك یەك لە پاسدارەكان دا دەنووساو دەگریاو هاواری دەكرد. كەچی بەدەم پێكەنینەوە لە چەند لاوە دەسرێژیان لێكردو كوشتیان. ئیدی دوای ئەوە پاسدارێكی ریشن دەمانچەكەی لە لا كەلەكەی دەرهێناو كەوتە لێدانی تیری خەلاس "گوللەی كۆتایی". بڕوا بكە وەك دەڵێن رووح لە جێگایەكی سەخت دایەو نایەتەدەرێ وەختا بوو دڵم بتۆقێ لە ترسان، من ئیدی یەك دەنك بە هەویای (هیوا) بابم نەبووم. دەستم لەسەرئەژنۆكانم داناو سەرم بەردایەوە ناوچاوانم لە سەردەستم دانا، چاوەڕوانی مەرگم دەكرد ها ئێستا ها تاوێكیتر. لە ترسان لە نێو ئەو هاتو هاوارەدا خەونووسكە دەیبردمەوە. وام لێهاتبوو بێهۆش دەتگوت خەون دەبینم، كە وەهۆش دەهاتمەوە هەڵدەلەرزیم. كە خەو دایدەگرتم دەكەوتمە ناو دونیایەكیتر، ئاواتی ئەوەم دەخواست باڵم هەبوایەو بە هەڵفڕین رام كردبایە. خۆم گلۆڵە كردبوو هەڵ دەلەرزیم ئەوەندە گریا بووم فرمێسك لە چاوەكانمدا نەمابوو، هەروا لە ناو خەیاڵاتدا ئەخولامەوە لەپڕ دەستێكی تەڕ بەڵام گەرم رای تڵەكاندم. لە ترسان یەك بەخۆم راچڵەكیم. بابم گرتمێ ئامێزو هەوڵی دەدا بە خۆیەوەم بگوشێ هێزی لەبەردا نەمابوو چاوی لە ناو چاوم بڕیبوو، خوێنو خۆڵو فرمێسك لە ناو چاویدا وەك شەپۆلێك لە "قوڕاو" ئەملاو ئەولایان دەكرد دەتگوت ئەوانیش رێیان لێگیراوەو لە كەلێنێك دەگەرێن بۆ دەرباز بوون. لەشی وەك شەقشەقە هەڵدەلەرزی. رەنگی سپی هەڵگەڕا بوو. هەوڵیدەدا لێوە ویشكەكانی بە زمانی تەڕ كات كەچی زمانیشی ویشكو بێئاو بوو. بەزۆر تفی قوت دەدا هەستم دەكرد گەرووی وێك هاتۆتەوەو بە پچڕ پچڕ قسەی دەكرد. وردە وردە جاشوپاسدارەكان ئەیان ویست ئاوایی چۆڵ كەن. جاشێك هاتو داوای لە ئێمەش كرد كە ئەم شوێنە بەجێ بێڵین. بابم بە لاكە لاك و كۆمە كۆم دەستی منی گرتو كەوتینە رێ. هەر هاوارو ناڵەی بوو، (ئەی بابە رۆ ئەی دایە گیان... وەختە بمرم گیانم زۆر دێشێ).

دەمگوت: بابە گیان تۆخودا زوو زوو برۆ بابگەینەوە خێراكە تۆخودا.

بابم:كوڕە رۆڵە گیان ناتوانم نا، هەموو بەدەنم هەڵدڕاوە، ئەو سەگبابانە شووشەیان تێبڕیوم!كوڕی خۆم.

كە باسی شووشەی كرد من بە شیشە (سیخ) تێگەیشتم چاوم لە گیانی دەكرد شوێنی شیشەی پێوە دیار نەبوو، كەوشەكانی پڕ ببوون لە خوێنو هەر جلقەیان لێدەهات. بە زۆرو بە لەقە لەقو لۆژە لۆژ دەرۆیشتین، هەر جار ناجارێكیش ئاوڕم دەدایەوە. من كە جاران لەگەڵ بابم دەرنەدەچووم، ئەم جارەیان من بابمم رادەكێشا... بیرم لە شتی سەیرو سەمەرە دەكردەوە، لە خۆمەوە دەبووم بە ماشێنو بابمم دەرفاند بۆ نەخۆشخانە، یا بیرم لە جووتە كەوشەكەم دەكردەوە، زۆرم خۆش دەویستن، یەكەم جار بوو بابم رێگای پێدام من بە دڵخوازی خۆم كەوش هەڵبژێرم،( دەمگوت بۆ نەمشاردنەوەو ئێستا دەچووم دەمهێنانەوە). لە بۆكان هەتا هاتینە "حوسێنمامە"كەوشەكانم هەر لە

بۆ لاپەڕی١١



# فیدرالیزم گونجاوترین سیستمی بەڕێوەبەری بۆ وڵاتانی فرەچەشن

سامان کۆنەپۆشی

وڵاتە فرەچەشنەکان بە وڵاتگەلێك دەگوترێ کە پتر لە یەك نەتەوە، ئایین یـان کەمینەیـەکی ئیتنیکـی پێـك هـاتوون و خـەڵکی پێکهێنـەری ئـەم چەشنە وڵاتانە لە باری زمانی، ئایینی، نەتـەوەیی و کولتوورییـەوە لێـك جیاوازن. ئەگەرچی پلـەی ئاڵۆزی لـە وڵاتـانی فرەچەشـن بەسـتراوەتەوە بـە ڕێژەو ئاستی فرەڕەنگییەك کـە هەیـە، بـەڵام بەگشـتی وڵاتـانی فرەچەشـن خاوەن پێکهاتەیەکی ئاڵۆزن.

گرێچنی ئاڵۆزی وڵاتانی فرەچەشن دۆزی دێموکراسـیی لـەم وڵاتانـەدا ڕووبـەڕووی کێشـەگەلێکی تایبـەت و لەوانـە دابەشـکردنی دەسـەڵاتی سیاسـی، دانـان و دیـاریکردنی زمـانی فـەرمی، خوێنـدن بـە زمـانی زگماگی، ڕەخساندنی بـواری لـەبار بۆ گەشـەی کولتووری و..... دەکاتەوە کـە وڵاتـانی خـاوەن گرێچـنی سـادە لـەم کێشـانە بێبەرین. ئەزموونی گـەلێك لـە وڵاتـانی فرەچەشنی پێشـکەوتووی جیهـان، لـە وانـە ئـەمریکا، ئـەڵمان، بێلـژیك و..... دەریخسـتوە ڕاسـتییەکە نکـۆڵی لێنـاکرێ کـە بـەبێ چـارەکردنی ئـەم کێشانە سـەقامگیریی دیموکراسـی لـەم وڵاتانە دا پتر لە خەونێك نیە.

ئێرانیش یەکێکە لەو وڵاتـانەی کـە لـە شـەش نەتـەوەی جیـاوازی تـورك، کـورد، فـارس، عـەرەب، ئـازەری و بەلووچ و چەند کەمینەیـەکی ئـەتنیکی، ئایینی و ئایینزایی وەك لوڕ، گیلـەکی، مەسـیحی، زەرتەشـتی، یـەهوودی، سوننی و شیعە پێك هـاتوە و دەکەوێتـە خانەی وڵاتانی فرەچەشن. ئەم وڵاتانـە هیچکات لەم کێشانە بە دوور نـەبوون و زۆر لەمێـژە بەتایبـەتی کێشـە نەتەوەییـەکان لـە ئێرانـدا قـوت بوونەتەوە. ئەم وڵاتانە تاکوو ئێستاش بـەهۆی سیسـتمێکی ناوەنـدخوازەوە بەڕێوەدەچـن، بـەڵام ڕێژیمـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی ئێـران نەتـەنیا نـەیان توانیـوە لـە ڕاسـتای چارەکردنی ئـەم کێشانەدا هەنگاوێك هەڵێننـەوە بـەڵکوو بە چڕکردنەوەی دەسـەڵاتی سیاسـی و بڕیـاردان لـە ناوەنـدو پـاوانکردنی لـە دەسـتی نەتـەوەی فارسـدا، هـەروەها گرتنـە پێشـی سیاسـەتی یەکسـان سازی و تواندنەوەی نەتـەوەکانی دیکە لە نەتەوەی باڵادەستی فارسدا بوونەتە هـۆی قووڵبوونـەوەی هەرچـی زیاتری کێشە نەتەوەییەکان لە ئێراندا. ڕێژیمـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی ئێـران هەمووکات سیاسـەتی نکـۆڵی کـردن لـە بـوونی فرەڕەنگـی و فرەچەشـنییان گرتۆتـە پێش و بە سـەرکوتکردنی بێ بەزەییانـەی هەرچەشـنە خواسـتێکی نەتـەوەیی نەتـەوە بندەسـتەکان، یەکسـان سـازی و ئاسیمیلاسـیۆنیان کردۆتە سیاسەتی ستراتیژیکی خۆیان و هـەوڵیان داوە شوناسـی چـەند فاقـەی خەڵکی ئێران بسڕنەوەو یەك شـوناس، کـە هـەمان شوناسـی ئێرانـی بـوون (فارس بوون)ە، بە سـەر نەتـەوەکانی دیکـەی ئێـران دا بسـەپێنن. لـە پـاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و بە ئیسلامی بوونی دەسەڵاتی سیاسـی لـە ئێرانـدا، ئـەم سیاسـەتە لـە ژێـر نـاوی ئوممەتی واحیدی ئیسلامی (امت واحد اسـلامی)دا بـە شـێوازێکی دی و لـە ئاسـتێکی بـەرینتردا پیـادە کـراوە. ڕێـژیمی کۆمـاری ئیسـلامی لـە مـاوەی سـێ دەیـە دەسـەڵاتدارەتیی خۆیـدا خستنە ڕووی هەرچەشـنە خواسـتێکی نەتـەوەیی ڕەوای بـە جیـاییخوازی لەقەڵەم داوەو بڕیاری بە قەمە کێشانی خۆی داوە کـە بـە توندی ڕووبـەڕووی ئەو چەشنە داواکارییانە ببنەوە.

لە ٢٨ ساڵی ڕابردوودا ئەمە تـەنیا نەتـەوەی کـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستاندا بـوو کـە سـەرەڕای هـەموو سـەرکوتەکان، شـەڕ فرۆشـییەکان، تێـرۆری ڕێبـەرانی و....... بـە بەربەرەکانی کردن لەگەڵ سیاسـەتی درێـوی یەکسـان سـازی ڕێژیمدا کـە تێهەڵکێشێکە لە پان فارسیزم و جۆرێك بیر کردنەوەی تایبەتی ئیسلامی - پێی لەسـەر وەدیهێنـانی مافـە نەتەوەییـەکانی خـۆی داگـرت و لـە گۆڕەپانی خـەبات بـە دژی سـەرەڕۆیی مەزهـەبیدا مایـەوە. مێـژووی ٢٨ساڵ ڕابـردووی ئێـران شـایەتی ڕاپـەڕینی کوردانی خـەباتکارو کۆڵنـەدەرو لـەپاڵ ئەودا، بێدەنگیی نەتـەوەکانی دیکـەی ئێران بووە.

بـەڵام هەنووکـە بـە پێکهـاتنی گۆڕانکاریگـەلێکی قـووڵی سیاسـی لـە ئاستی نێونەتـەوەیی و ناوچـەییداو لـە ئاکامدا هەرچی زیاتر قـوت بوونـەوەی دۆزی نەتــەوەکان، ئێــرانیش گۆڕانکاریگەلێکی بەرچاوی بە خۆیەوە دیتوەو دەبینین کە لـەم چـەند ساڵەی دواییدا، نەتـەوەکانی دیکـەی ئێرانیش هاتوونەتـە نێـو گۆڕەپـانی خـەبات بۆ دابینکردنـی مافـە نەتەوەییـەکانی خۆیـان. وەك دەرکەوتـە واقعییـەکانی ئەم دۆزە دەتـوانین ئامـاژە بـەم چـەند نموونەیە بکەین: نارەزایـەتیی ڕۆژانـەی نێـو شـەقامی ئازەرییـەکان لـە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماگی لە ساڵی پاردا، تەقینـەوە بەردەوامـەکانی ناوچـەکانی عـەرەب نشـین و بەلووچسـتان، تێکهەڵچـوونی چـەکدارانەی بەلووچـەکان و هێزەکـانی ڕێـژیم و .....، کە هـەموو نیشـاندەری بـوونی تێکڕای نەتـەوەکانی نێـو ئێرانـە لـە گۆڕەپـانی خـەبات بـە دژی توتالیتاریـانیزمی ئیسـلامی، و هـەروەها، هێمایـە لـە کارێگـەر نـەبوونی سیاسـەتەکانی یەکسان سازیی ڕێـژیم بـە دژی نەتـەوە نافارسـەکان. لـەم ڕوویـەوە دەتـوانین ئێرانـی ئـەمڕۆ بـە ئێرانـی ڕاپـەڕینی نەتـەوە لێکجیاکـانی وڵات لـە قەڵـەم بدەین.

بـە سـەرنجدان لـە واقعییـەتی گرێچـنی وڵاتـی ئێـران وەك وڵاتێکـی فرەچەشـن و ئەزموونـەکانی بـەڕێوەبردنی ئـەم وڵاتـە بـە هـۆی سیسـتمێکی ناوەنـدخوازەو هـەروەها ئەم ڕاستییەی کە هەنووکە هەموو نەتـەوەکانی ئێـران خوازیـاری مافـەکانی خۆیـانن، دەبێ بڵـێین کـە سیسـتمی ناوەنـدخواز توانسـتی وەڵامـدەربوون لـە هەمبـەر دۆزی دیموکراسیی نیە. ئـەم وڵاتـە پێویستە بەهۆی سیستمێکی دیسانترالیستی یان ڕوونتـرو وردتـر بڵـێین، بـەهۆی سیستمێکی فیدرالیستیـیەوە بەڕێوە بچێت. بەڵام ئێستاش زۆرینـەی هـەرە زۆری ڕوونـاکبیران و لایەنـە سیاسـییەکانی فـارس بـە ئاشـکرا دژایـەتیی خۆیـان لەگـەڵ سیسـتمی فیدرالیسـتی و بـەڕێوە بردنـی وڵات بـەهۆی دەسـەڵاتدارەتییەکی دوو لایەنـەوە دەردەبـڕن و هێنـدێك کـات مانەوەو بەردەوامیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان پێباشترە لە ڕووخانی ئەم ڕێژیمـە و دامـەزرانی سیسـتمی فیدرالیستی. ئەوان تاقـە هۆکاری ئـەم دژایەتییـەش دەگەڕێننـەوە بـۆ وەمەترسی کەوتنی یەکپارچەیی وڵات و پارچە پارچە بوونی ئێـران. بـەڵام ئایا کام ڕێژیمی ناوەندخوازی ئێران یاخود وڵاتـانی دیکـەی هاوشـێوەی ئێـران توانیویەتی پێکهێنەری هاوگرتووییەکی گەلی لە نێوان خەڵکی وڵاتدا بێت؟

ئـەو هۆکارانـەی کـە لـەم وتارەدا کەوتنـە بـەرباس پێمـان دەڵـێن کـەنکۆلیکردن لـە واقعییـەتی گرێچنی ئێران نەتەنیا توانستی ئەوەی نەبووەو نیە کە یارمەتییەکی چارەسەری کێشە نەتەوەییـەکان بـدات، بـەڵکوو هۆکـاری هەرچـی زیـاتر زەق بوونـەوەو قـووڵ بوونـەوەی ئـەم کێشانە بـووە. دانـان بـەو واقعییـەتـەداو ڕێگا دۆزینـەوە بـۆ چارەسـەری لـۆژیکیی کێشـەکان، بـە سیاسەتی دروستی بـەڕێوەبردنی وڵات دادەنـرێ. قەمەکێشـان لـە هەمبـەر داواکـاریی ڕەواو بەجێـدا ناتوانـێ هاوگرتوویـیـەکی گـەلی لـە ئاسـتێکی بەریندا پێك بێنێت، بـەڵکوو باشترین و گونجـاوترین ڕێگـا بـۆ پێکهێنـانی یەکیەتییـەکی بـەرینتری خـەڵکی و هاوگرتوویـیـەکی گـەلی لـە وڵاتـە فرەچەشـنەکاندا، هـەمان حکوومـەتی دیموکراتیکە لەسەر بنەمای فیدرالیزم و وەڵامـدەربوونی دەسـەڵات لـە هەمبـەر داواکانی خەڵکدا.

دیموکراسـی لـە سـادەترین مانـای خۆیـدا بریتیـە لـە دەسـەڵاتی خـەڵك بەسەر خەڵکدا. هەر بۆیە لـە سیستمە دیموکراتیکەکاندا هاووڵاتان، بەبێ هیچ چەشـنە هـەڵاواردنێکی ئیتنیکـی، ئـایینی، نەتـەوەیی و....بەشداری لـە کاروباری بەڕێوەبەریی وڵاتدا دەکـەن و دیاریکـەری چارەنووسـی خـەڵك، لـە پلەی یەکەمدا، خودی خەڵکن.

لـەم ڕوویـەوە دێموکراسـی دژ بـە هەرچەشنە پـاوان بوونێکی دەسـەڵاتە لـە دەسـتی کۆمەڵـە کەسـێکی دیـاریکراوداو بەشدار کردنـی تێکڕای خـەڵك لـە کاروبـاری بـەڕێوە بەریدا لـە پرەنسـیپە سـەرەکییەکانی دێموکراسییە.

وڵاتـە فرەنەتـەوەکان لـە ڕۆنـانی چەند نشتیمانی لێکجیا پێکهاتوون کە هەر کام لە نەتەوەکان جگەلە بەشدار بوون لـە دەسـەڵاتی ناوەنـدیدا مـافی ئـەوەیان هەیـە کـە بـەڕێوە بردنـی کاروباری نشتیمانی خۆیان بەدەستەوە بگرن. بەڵام سیستمی ناوەندخواز بە لە ژێـر پـێ نـانی ئـەو بنەمایـە بـوار بـۆ سـەرهەڵدان و زاڵکردنـی جۆرێـك دیکتـاتۆری بەسـەر وڵاتـدا دەرەخسـێنێت. لێرە دایە کە کێشە نەتەوەییـەکان سـەر هەڵـدەدەن و هـاوگرتوویی گـەلیی وڵات دەخەنـە مەترسییەوە. بە پێچەوانەی نـەیارانی دێموکراسـی کـە نکـۆڵی لـە دوو فاقە بوونی شوناسی خەڵکی ئێران دەکـەن و پێیـان وایـە کـە بـە داننـان بـەم ڕاستییەداو دامەزراندنی حکوومـەتێکی فیدرالیستی - دێموکراتیـك هـاوگرتوویی گەلی لە ئێراندا دەکەوێتـە مەترسییەوە ڕوو لـە کـزی دێنێـت. بـەڵام ئـەزموونی گەلێك لە وڵاتان دەرخـەرو نیشـاندەری ئەم ڕاستییەیە کـە بـەڕێوەبردنی وڵات بـە هـۆی دەسـەڵاتدارەتییەکی دوو لایەنـەوە نەتـەنیا نەبۆتـە هـۆی لاواز بـوونی هـاوگرتوویی گـەلی، بـەلکوو خزمـەتێکی گـەورەو بـەنرخی بـە پتـەوبوونی ئـەم هاوگرتووییـە کـردوە. وەك نموونە گەلێکی سەرکەوتووی ئـەم شـێوازە لـە بەڕێوەبـەریی وڵات دا دەتـوانین ئامـاژە بـە وڵاتـی سـوئیس بکەین کە خواستی ژیان بە پێی ڕێزو حورمـەتی بەرامبـەرو هاوکـات لـە گـەڵ یەکیەتیـدا وەك یـەکێك لـە بنـەما بنچینەییەکانی یاسای بنـەڕەتیی ئـەم وڵاتـە تەقـەبووڵ کـراوەو هـاوگرتوویی گەلی لـەو وڵاتـەدا ڕۆژ بـە ڕۆژ پتـەو تـر دەبـێ و هـەروەها، لـە وڵاتێکـی وەك کانـادا دا هـەر چـەند کـە ویسـتی سـەربەخۆییخوازی لـە نێـو نەتـەوەو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە دا بوونی هەیە، بـەڵام بەرژەوەندیـیـە هاوبەشـەکانی نەتەوەکان بۆتە هۆی ئـەوەی کـە هـیچ کـام لـە نەتـەوەکان داواکارییـەکی لـەم چەشنە نەهێنێتـە گـۆڕێ و هـاوگرتوویی گەلی ئەم وڵاتە پارێزراوە.

خاڵێکی دیکە نابێ لە بیرمان بچـی ئەمەیـە کـە لـە سـەردەمی بەجیهانیبوون و بە گشتی ئامرازەکـانی پەیوەنـدیی خێـراو بـە کۆمەڵـدا، چیتر ناکرێ نەتەوەیەك، کەهەست بە بـوونی خـۆی وەك نەتەوەیـەکی جیـاواز لەوانیتر دەکا، لە نەتەوەیەکی دیکە دا بتوێنینـەوە. چـونکە بـەجیهانیبوون و پێشکەوتنی جێی سەرنجی تێکنۆلـۆژی ئـامرازو ئیمکانـاتی سـەلماندنی بـوونی خستۆتە بەر دەسـتی هـەموان و چیتر ناتوانین لە نهێنیدا سـەرکوت و بێـدەنگ بکرێن. کە واتـە چ باشـتر لـە ئێرانێکـی پاش کۆماری ئیسلامیدا، ئێرانییـەکان بـە ڕووحێکـی برایانـەو بـە هەسـت بـە بەرپرسـایەتی کـردن سـەبارەت بـە یەکپارچـەیی خـاکی وڵات، پێکهێنـانی سیسـتمی فیدرالیسـتی لەسـەر بنـەمای نەتەوەیی - جوگرافی قـەبووڵ بکـەین و پێش سەر هەڵدانی گرژی و ئاڵۆزیی نێو خـۆیی بگـرین. چـونکە فیـدرالیزم باشـترین شـێوەی بـەڕێوە بـەریی سیاسییە کە لەودا، نەتەوەیەك پێکەوە ژیـانی ئارەزوومەندانـەو ئاسـانگیرانە لەگەڵ ئەوانیتر دا هەڵ دەبژێرێ.

درێژەی

# ڕاپۆرتێك لە شاری "وان"ەوە



زیندوون کە نەوە بە نەوە لە نێـو خـەڵك دا ڕاگیراون.

لە نێـو ئـەو شـوێنە مێژووییـیانـەدا دوو شوێنی زۆر گرینگ هەن، یەکیان جەزیرەی ئـاخ تامارایـەو ئـەوەی دیکـە قـەڵای ئەسـپە شـینە کـە مێژوویەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ٧٥٠ ساڵ بەر لە زایین. قەڵایەك کە ٥٧ ساڵ لـەوەپێش بـەهۆی خزانـی ئـەو بەردانـە لەسـەر شاخی ڕا کەوتبوونە خـوارێ لـە ژێـر عـەرزی دیتراوەتـەوەو ناوەکەی لە سیمای کێوەکـەوە گـیراوەو لـە داوێنـەوە وەك ئەسپ دەچـێ و بـە پێـی ئـەو نوسراوانەی کەماونەتەوە ٢٠٠٠ کەس لێی ژیاون ٥٩ کووپـەی گـەنمی هـەبووە کـە هـەر کـام لەوانـە جێـی تۆنێـك گـەنم دەبێتـەوە. لـە شـوێنە گرینگەکانیترکـە لـەو قەڵایـەدا دێتـە بەرچـاو عـەمباری ئاوییـە کەلـە نێـو جەرگەی کێو هەڵکەوتوە کە هێنـدێك قوڵکەی تێدا هەڵکەندراوە.

لـە نێوەڕاسـتی قەڵایەکـە نووسـراوێك بـە خـەتی بزمـاری دۆزراوەتەوە کە نوسراوە: ئەو قەڵایـە هـی "سـەردووری" کـوڕی "ئارگشـتی"یـەو ٢٠٠٠ مـاڵی هەیـەو ئەگەر کەسێك قەڵایەکـەمان خـڕا کـات سکاڵا بـۆ خودایـەکانمان دەبـەین کـە ١٢ نەفەرن. شارەزای قەڵایەکە بـەڕێز محەممەد کوشمەند کـە لـە دۆسـتانی نزیکمەو لەو دگمەن کەسانەیە کـە لـە جیهانـدا دەتوانـێ خـەتی بزماری و"ساتیری" بخوێنێتەوە.

بەری باکوری قەڵا کاسـەیەکی ئـاو دەستی لێیە لە بەرد داتاشراوە کە بـە پێـی قسـەکانی شـارەزای قـەڵا لـە مـودێرن ترینـی ئـەو بـەردە ئـاو دەسـتانەی مێـژووی مرۆڤایەتیـیـە. ئەگەرچـی ئێسـتا بەشـێکی زۆر لـەو قەڵایـە گڵـی لەسـەر لادراوە بـەڵام نموونەی تریش هـەن کـە بـە دیتنیـان مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەبێ.



بەڵام جەزیرەی ئاخ تامارا لە سـەر ڕێگـای وان - تـاتوان لـە نێوەڕاسـتی گـۆلی وان حەماسـەیەکی عاشـقانەی هەیـە کـە تایتـانیکیش نایگاتـێ، کلیسـاکەی مێژوویـەکی ١١٠٠ سـاڵەی هەیەو گرینگیی کلیسا لـەوە دایـە کـە لـە سـاڵی ١٩٧٤ بوومەلەرزەیـەك تەواوی شاری وان و دەوروبەری لەگەڵ عەرزی تەخت کرد بەڵام ئـەو هـەروەك خۆی ماوەتـەوە. کلیسـای تامـارا لـە جەزیرە هەڵکەوتوە.

ناوەکەی دەڵێن لـەوەی ڕا دێ کـە کچێکی کەشیش کە نێوی تامارا بـووە عاشـقی کـوڕێکی گوندنشـینی قـەراخ دەریا دەبێت کە مـەودای جـەزیرە تا ڕوخ ١ کیلـومیترە. شـەوێکی تۆفـانی کـوڕە عاشـقەکە بـۆ دیتنـی خۆشەویستەکەی بە مەلـە دەچـێ بۆ لای جەزیرە لـە بـەر شانسـی خـەراپی کوڕە تووشـی شـەپۆلی تونـدی دەریا دەبێ. لە حاڵێك دا تامارا بە فانوسێك چاوەڕوانی دەبـێ و لـە ئاکـام دا کـوڕە مانـدوو دەبـێ و هـەر هـاواری تامـارا دەکا. بەڵام تۆفانەکە دەنگـی بـەو لاو بـەولای دەبـاو دەنگـی ناگاتـێ. تامـاراش جێـی خـۆی دەگۆڕێـت و لـە شوێنی چاوپێکەوتن دوور دەبێتـەوەو کـوڕەش وەدوای چـرای فانووسـەکە دەکەوێت و لە هەناسە دەکـەوێت و لـە کـاتی خنکـان دا هـاوار دەکـات ئـاخ تامارا، ئاخ تامارا، ئاخ تامارا..

ئەو شارە خەڵکێکی هونەردۆست و خـۆش سـەلیقەی هەیـە. یـەکێ لـە ڕێورەسـمە جوانـەکانی خـەڵکی ئـەو شارە وتنـی گـۆرانی بـە گشـتی و یـان





بنەماڵەییـیـە. دوای خـواردنی نـان بـە خۆشیی میوانەکەیە. هەر بەو هۆیەوە ئاهەنگـەکانی ئـەو ناوچـەیەی کوردسـتان سەرچـاوەکەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵگـە. هونەرمەنـدی نـاوداری کـورد شـوان پەروەر دەڵێـت: دەوروبـەری دەیـەی حـەفتا چـوومە دێهـاتێکی ناوچـەی باتمـان، کچێك شـێعرێکی پێشکەشـی من کردو دواتر کردوومـە بـە گـۆرانی و بە یـەکێ لـە کارە جوانـەکانی شـوان پەروەر دەژمێردرێ.



"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بلاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# قەیران لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دا

## کۆمەڵگای روو لە مۆدێرنیزمی ئێمە بیری مۆدێرن‌و پێکهاتەی مۆدێرنی دەوێ

فەروخ نیعمەت پوور

وەرگێران بۆ کوردی: عەلی بداغی

پێ بە پێی قووڵبوونەوەی قەیرانەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا کە خۆی لە قەیرانی رەوایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و نەگونجانی پێکهاتە کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌یەکان لە گەڵ پێویستی‌یەکانی کۆمەڵگایەکی کراوەی مۆدێرن دا دەبینێتەوە، قەیران لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردییش دا تا دێ پتر دەردەکەوێ‌و خەریکە لایەنەکانی کارتێکەریی ئەو قەیرانە پتر لە کردەوە نێوخۆیی‌یەکانی حیزبی، خۆی لە دیمەنی پارادۆکسیکاڵی قۆناغێکی دژوار دا ببینێتەوە. بەرچاوترین نموونەی دیاری ئەو قەیرانە لەتبوونی حیزبی دیمۆکرات‌و قەیرانی نێوخۆیی کۆمەڵەیە کە لە سەروبەندو ڕەوتی بەرێوە چوونی کۆنگرەی دوازدەهەمی ئەو ڕێکخراوەیە دا بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندوە، بە جۆرێك کە هەر لە سەرەتاوە لە لایەن عومەر ئیلخانیزادەوە باس لە کەرتبوونی ئەو ڕێکخراوەیە کراو هەڵبەت ئێستاش قسەو باسی ئەم قەیرانە هەروا درێژەی هەیەو ئەگەریی لەتبوونێکی دیکەش لە ئارا دایە. دیارە لە پێوەندی لە گەڵ کەرتبوونی حیزبی دیمۆکرات بە بڕاوی من لەتبوونی ئەم دایی‌یانەی نێو حیزبی دیمۆکرات جیاوازە لە لەتبوونەکانی دیکەی نێو ڕیزەکانی ئەو حیزبە، چونکی ئەمجارەیان لانیکەم باس لە نوێبوونەوە دەکرێ کە ئەوەش بە جۆرێك رەنگدانەوەی بنەما هزری‌و کۆمەلایەتی‌یەکانی ئەم قەیرانەیە کە ئەم لەتبوونە لە کەرت بوونەکانی دیکە جیا دەکاتەوە.

ئێستا ئەوەی کە سەرچاوەی قەیرانەکان چن‌و چۆن دەتوانین لە گەڵ خوێندنەوەیان دەستنیشانیان بکەین، باسێکی سەرنجراکێشە کە دەتوانێ هەم خوێندنەوەی ئەو قۆناغە بێ کە تێپەڕین‌و هەم وێنەی دیمەنێك لە دۆخ‌و هەلومەرجی ئێستا بێ. چونکی قەیرانەکان زۆرتر ئەو کاتە دەخوڵقێن کە هەلومەرج‌و دۆخەکان گۆڕدرابن‌و حیزبەکان ناتوانن هەڵسوکەوتی لە گەڵ بکەن و لێی بەجێ دەمێنن. بە بۆچوونی من حیزبە کوردی‌یەکانی کوردستانی ئێران لەو قاعیدەیە بەدەر نین. لە راستیدا قەیرانی ئەوان قەیرانی نەگونجان لە گەڵ دۆخی سیاسی‌و کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگای ئێران‌و بە تایبەت لە کوردستانە.

بە بڕوای من دەکرێ هۆکارەکانی ئەم قەیرانە لە دوو بواری گرینگدا بخرێنە بەر باس: <u>بواری دەرەکی‌و بواری نێو خۆیی</u>.

بواری دەرەکی بە گشتی خۆی لەو ڕەوتە مۆدێرنیزاسیۆنەدا دەبینێتەوە، کە کۆمەڵگای ئێران‌و کوردستان بە ناچارو لە ژێر کارتێکەریی ڕەوتی گلۆبالیزاسیون دا تێی کەوتوە، ئەو ڕەوتەی کە هەم پێکهاتەی کۆمەلایەتیی کوردستانی گۆڕیوەو هەم پێکهاتەی سیاسی‌و ئابووری‌یەکەشی. لە رووی کۆمەلایەتی‌یەوە ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن پەرەگرتنی شارنشینیی لێ کەوتۆتەوە کەئەوەش لە خۆی دا کۆبوونەوەی لە رادە بەدەری حەشیمەت لە ناوەندە گەورەکان‌و پەرەسەندن‌و قوڵبوونەوەی پێوەندی‌و زانیاری‌یەکان دەخوازێ. پێکهاتەی کۆمەلایەتیی شارنشینی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێوشوێن‌و پرەنسیپە سیاسی‌یەکان بەرە بەرە گۆرانیان بەسەر دا بێ‌و ئەو گۆرانەش پتر خۆی لە پەرەگرتنی بزووتنەوە جەماوەری‌و مەدەنی‌یەکان‌و پەرەسەندن‌و قوڵبوونەوەی کەشی هزری‌و کولتووری دا دەبینێتەوە. هەروەها شارنشینی دەبیتە هۆی جێگۆرکێی فۆرمە چینایەتی‌و توێژبەندی‌یە کۆمەلایەتی‌یەکان، بەمجۆرەی کە لە گرینگیی توێژە گوندی‌یەکان کەم دەبێتەوەو لە بەرامبەر دا پەرەگرتنی ڕێژەیی توێژە مامناوەندی‌یەکانی کۆمەلایەتی، پەرەگرتنی چینی دەوڵەمەندو هەروەها تەیفێکی هەراوی جەماوەری کەم داهات‌و بێ ئەنوای بە دوا دا دێ، کە لانیکەم بە شیوەیەکی فیزیکی لە گوندەکان دابڕاون ئەگەرچی ئێستاش لە رووی کلتووری‌یەوە بەو گۆڕانە پێویستە نەگەیشتوون.

حیزبە چەکدارەکانی کورد کە لەدەیەی ٦٠ی هەتاوی دا روویان کردە خەباتی چەکداری‌و لە هەلومەرجێکی تەواو جیاواز دا ئەو ڕێچکەیەیان گرتە بەر. ئەگەرچی ئەو حیزبانە بە جۆرێك تەیفێکی رووناکبیریی شاریان لە گەڵ بوو. بەڵام بە دەرکەوتنیان لە بەستێنی گوندی دا کە ناوەندو پارێزەری خەباتی چەکداری بوو، وردە وردە بە کردەوە زۆرترو قووڵتر لەو بەستێنەدا مانەوەو لە رووی ناچارییشەوە ملیان بۆ کاراکتێرە کۆمەلایەتی‌و چینایەتی‌یەکانی ئەو بەستێنە راکێشا.

هەر وەك روون‌و ئاشکرایە کە شێوازی چەکداری لەگەڵ دۆخ‌و هەلومەرجی گوند دا دەگونجێ‌و هەڵبەت بە درێژ بوونەوەی ئەو خەباتە چەکداری‌یەو پێداگریی حیزبە کوردی‌یەکانیش لە سەرئەم شێوازە، حیزبەکان وردە وردە لە ڕەوتی کۆمەڵگا دوور دەکەوتنەوە، بە جۆرێك کە خەباتی چەکداری لە لایەن شارەکانی کوردستانەوە وەك شتێکی نامۆ سەیر دەکرا. واتە هیچ کات شارەکان نەبوونە حەشارگەو شوێنێکی لەباری ئەوتۆ بۆ درێژەی خەباتی چەکداری‌و ئەوەش گوشاری پارتیزانەکان بوو کە جارو بار شارەکان عەمەلیاتی توندوتیژیی چەکداریان بەخۆوە دەبینی.

دابڕانی رۆژ بە رۆژ زیاتری شێوازی خەباتی چەکداری‌و ڕەوتی دیمۆکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگا گەیشتنە جێیەك کە لە دوای گۆرانکاری‌یەکانی ناوچەو جێگیر بوون‌و مانەوەی پێشمەرگەکان لە سنوورەکان‌و بەو تۆسقاڵە کراوەیی‌یەی کەشی سیاسیی دوای دووی جۆزەردان کوردستان بە خێرایی چووە ژێر کارتێکەریی ئەو دۆخە سیاسی‌یەوەو نیشانی دا کە چەندە بە ئاسانی دەتوانێ بە پێی پێویستی‌یە دەروونی‌یەکانی خۆی روو بکاتە کردەوە گەلی مۆدێرن. ڕەوتی ئیسلاحات‌و ریفۆرم‌و حەرەکەتە مەدەنی‌یەکان لە رووی هزری‌و کلتووری‌یەوە لەو ئاستەدا بوو کە خەباتکارە چەکدارە لە خۆبایی‌یەکانیشی بە جۆرێك خستە ژێرکارتێکەریی خۆیەوەو ئەوانیش جگە لەوە چارەیەکیان نەبوو. چاکسازی‌و بزووتنەوە مەدەنی‌یەکان کەبەرهەمی بێ ئەملاو ئەملای ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگای ئێران بوون چەمکگەلێکی لە گەڵ خۆی هێنا کە تا ئەو کات ئەم زاراوانە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردی دا نامۆو نەبینراو بوو. زاراوە گەلێکی وەك روونبێژی (شفافیت)، تاك گەرایی، جەوانگەرایی، خود بیرکردنەوەو بیری رەخنە وردە وردە هاتنە نێو ئەدەبیاتی توندوتیژو شۆرشگێڕانەی چەکدارەکان‌و ئەگەر چی قەت نەیان توانی شۆڕش‌و گۆرانێك لە هەناوی ئەوان دا بخوڵقێنن. واتە شۆڕشگێڕی چەکدار لە ئاوەزدا هەر وا چەکدار مایەوەو ئەم زاراوەیە تەنیا لە فۆرم‌و لە رووی ناچاری‌یەوە لە ڕەوتێك دا سەرنجی پێ درا کە ئیدی بەرە بەرە هەمووان بە جۆرێك تاقی‌یان کردبۆوە.

بنەماکانی دژایەتی‌و نەگونجانی خەباتی چەکداری لە کوردستان لە گەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن لە کۆمەڵگای ئێران‌و کوردستان هەر لە سەرەتاوە وردەوردە دەردەکەوت، بەڵام خاڵی کەلکوەرگرتن لە ناکۆکیی وڵاتانی ناوچەو ئیمکانی یارمەتی وەرگرتن لەو بەری سنوورەکان بواری بۆ بەردەوامیی ئەو ڕەوتە خۆش کردو لە راستیدا رێی بەوە دەدا کە خەباتی چەکداری سەڕەرای لە دەستدانی بەشێنەیی بەستێنە کەلاسیکە کۆمەلایەتی‌یەکان لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە زیاتر بەسەر خەڵکی دا بسەپێ‌و رێگر بێ لە بەردەم هاتنە ئارای شێوازەکانی دیکەی خەبات لە کۆمەڵگا دا کەڵك وەرگرتن لەو بەری سنوورەکان، چەکداری کوردی هەروا لە خەتی رابردوودا هێشتەوەو لە گەڵ بەردەوامیی ئەو گومانە ئەو بیرە هەڵەیە لەو دا بە هێز دەبوو کە هەلومەرجەکان هەروەك جاران‌و خەباتی چەکداری تاکە شێوازی راستەقینەی خەباتە. بەڵام هەر کە ئەو بەری سنوورەکان وەکوو جاران نەماو گۆڕانی بەسەر دا هات بنەما لەرزۆکەکانی ئەو بیرکردنەوە هەڵەیە دەرکەوت‌و خەباتکارانی چەکدار زانیان کە زیهنییەتی ئەوان لە ئامادەیی هەلومەرجی کۆمەلایەتی بۆ خەباتی چەکداری چەندە گوماناوی‌و لێڵ‌و ناروون بووە ! !

بە کورتی لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین کە سەرەکیترین هۆکاری دەرەکی یان کۆمەڵناسانەی قەیرانی ئێستای حیزبە چەکدارە کوردەکان نەگونجانی پێکهاتەی سیاسی - تەشکیلاتیی ئەوان لە گەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگایە. لەوانەشە ئەوان بۆ خۆشیان ئەو راستی‌یە بزانن بەڵام میراتی ساڵانێکی دووردرێژی خەباتی چەکداری‌و حزووری نیزامیی ئامریکا لە ناوچەو سیاسەتە شەڕ ئاخێوەکانی ئەو وڵاتە هیوای هەڵەسوون هێنانەوەی خەباتی چەکداریی لە لای ئەوان زیندوو کردبێتەوە. ئەوەش وادەکا کە ئۆپۆزیسیۆن ئێستاش سەڕەرای ڕەوتە مەدەنی‌و نوێخوازانەکانی نێو کۆمەڵگا ئەو ئیمکانەی بۆ برەخسێ کە بتوانێ جارێکی دیکەش ماشێنی نیزامیی خۆی لە گۆرانکاری‌یە چاوەروانکراوەکانی داهاتوودا وەگەڕ بخاو کەڵکی باش‌و پێویستی لە پێناو ئامانجەکانی دا لێ وەرگرێ.

بەر لەوەی هۆکارە نێو خۆیی‌یەکان شی بکەمەوە، لە پێوەندی لە گەڵ پاراستنی پێکهاتەی نیزامی دا دەمەوێ ئاماژە بە چەند فاکتەرێکی دیکەش بکەم، ئەگەرچی هەمووی ئەوانە بە قەدەر ئەو هۆکارەی باسمان کرد گرینگ نین. چونکی ئەو هۆکارەی باسمان کرد ئاماژە بە هەڵە تێگەیشتنێکی ستراتیژیکی لە پێوەندی لە گەڵ هەلومەرجی دیاری کۆمەڵگاو خوێندنەوەی ڕەوتە هەراوەکانی دەکاو ئەو هۆکارەی ئەمن دەمەوێ باسیان بکەم تەنیا بۆ لێکدانەوەی سیاسی‌و ڕێکخستن‌و هەروەها میراتگری‌یەکە دەگەڕێتەوە. ئەو سێ هۆکارە بریتین لە: ١) پاێزگاریکردن لە خود لە هەلومەرجی نائارام‌و ناسەقامگیریی پێشبینی نەکراو لە عێراق‌و کوردستانی عێراق ٢) ئیمکانی سەر لەنوێ دەستەبەر کردنی ئیمکاناتی ئەو بەری سنوورەکان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەداری ٣) ئەگەری هێرشی نیزامیی ئامریکا بۆ سەر ئێران کە لەو حاڵەتەدا هێزە چەکدارەکانی حیزبەکان دەتوانن بێننەوە گۆڕەپان‌و بەرێوەبەریی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بگرنەوە دەست. ٤) دواتر پرسی میراتگەریی خەباتی چەکداری کە خۆی لە دەرکەوتن‌و سەپاندنی پێکهاتەی نیزامی بە مەقەڕەکانیانەوە دەبینێتەوە کە ساڵەهای ساڵە چێ کراون‌و دەرباز بوون لەوەش نەك دژوار بەڵکوو هەر رێی تێ ناچێ. چونکی لە پشت ئەو پێکهاتە چەکداری‌یە خوێنی هەزاران گیان بەختکردووو چەرمەسەری‌یەکی زۆر وەستاوە کە بە شێوەیەکی بەهێز خۆی وەك هۆکارێکی سەربەخۆ لە سەپاندنی ئەو پێکهاتەیەدا دەردەخا. (هۆکاری تراديسیۆن)

<u>بواری نێوخۆیی</u> - بە سەرنجدان بەو باس‌و لێدوانانەی ئەو دوو ڕێکخراوە سیاسی‌یە (بەیاننامەی کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەو لێدوانی کەسانێك لە حیزبی دیمۆکرات) دەتوانین هۆکارە نێوخۆیی‌یەکان لەو چەند خاڵەدا کۆ بکەینەوە: نەبوون یان لاوازیی دێمۆکراسیی نێوخۆیی حیزبی، نەبوونی شەفافیەت لە بواری دارایی، نەبووننی شەفافیەتی سیاسی‌و دواتر نەبوون یان کەمایەسیی ئازادیی ڕادەربڕین.

لێرەدا هیچ پێویست ناکا ئەو خاڵانە پتر ورد کەینەوە، چونکی بۆ هەموو خوێنەرێك روون‌و ئاشکرایە کە کێشەو باسەکان چن‌و لە سەر چین. لەو چوار خاڵە دەتوانین بە چوار دەرەنجامی روون بگەین: دیکتاتۆریی نێوخۆی حیزبی، لێڵی‌و ناڕوونی لە شێوازی بەرنامەکاندا، نەبوونی بیلانێکی دروستی دارایی‌و دواجار سەرکوتی بیروڕاو ئەوەش بەسەر هاتێکی سەیرە کە ئەو حیزبانەی کە بۆ خۆیان ئیدیعای جێگیر کردنی دۆخ‌و کەشی دیمۆکراتیك لە کۆمەڵگا دا دەکەن، ئاوا بەو شێوەیە بە زمانی خۆیان دان بەو هەڵەو کەمایەسی‌یە گەورانەدا دەنێن‌و هەڵبەت دانانی لە دۆخی قەیرانی‌داو نە دانان لە ڕەوتی گەشەی ئاسایی حیزبی‌دا.

بەڵام ئەو خاڵەی دەمەوێ لە سەری بوەستم ئەوەیە کە هەر چوار خاڵەکەی سەرەوە پێوەندیی راستەوخۆیان بە مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگاوە هەیەو لە راستیدا رەنگدانەوەی ئەو زاراوە مۆدێرنانە لە حیزبە میلیتاریستەکان دایە. بەڵام ئەگەرچی لە ئاکامدا ڕەوتە کۆمەلایەتی‌یەکان بەو شێوەیە خۆیان دەسەپێنن، بەڵام پرسیارێکی گرینگ دێتە پێشێ‌و ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەتوانین بۆ وێنە شەفافییەت بهێنینە نێو حیزب یان ڕێکخراوێکی میلیتاریستی، حیزب یان ڕێکخراوێك کە هێزێکی ئەمنیەتی نێو خۆیی هەیەو ئێستاش پێوەرە پادگانی‌و نیزامی‌یەکان لە ئاستێکی بەربلاودا سیمای ئەو پێکهاتەیە دیاری دەکەن؟ پارادۆکسی بانگەشە کەرانی نوێخوازیی حیزبی دیمۆکرات‌و هەروەها خوازیارانی شەفافییەت لە کەمینەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەش هەر راست لێرە دایە. چونکی ئەو دوو ڕەوتە لە بەستێنی ئەزموونەکانی خۆیاندا قەت نەگەیشتنە رخنە گرتن لە نیزامیگەری‌و ئەوەش لە حاڵێك دایە کە نوێبوونەوەو بوونی شەفافییەت بەبێ هەبوونی کەشێکی مەدەنی ناتوانێ بوونی هەبێ.

دوا وتە ئەوە کە بوارە نێوخۆیی‌و دەرەکی‌یەکان لە قەیرانی ئەو هێزانەدا تەواو لێك گرێدراون. بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانەش پێویستە لە ئاستی هەراوو یستراتیژیك دا کاریان لەسەر بکرێ‌و ئەو ئاستە هەراوەش شتێك نیە جگە لە وڵامدانەوە بە هەلومەرجە نوێیە هەراوەکان.

کۆمەڵگای رووەو مۆدێرنیزمی ئێمە بیری مۆدێرن‌و پێکهاتەی مۆدێرنی دەوێ.

* ئەم وتارە بەر لە لەتبوونی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران دا نوسراوە.

"کوردستان"



# دروشمەکانی بەرەی یەکگرتووی کورد لە تیۆرەوە تا پراکتیك

رەفعەت مورادی

بۆ یەکەمین جارە لە مێژوی گەلی کوردا بزوتنەوەیەکی مەدەنی وریفۆرمخوازانە توانیویەتی بە شێوەیەکی مەدەنی وریفۆرمخوازانە دروشم وماف وداخوازییە کانی لە چوارچێوەی دەسەلاتدا گەلالە بکات ، هەڵبەتە گەلاڵە کردنی ماف وداخوازییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە چوار چێوەی سیستمێکی نادیموکراتیدا کە هیچ دەرفەتێك بۆ بیروباوەڕی ئازاد نارەخسێنێت ، خۆی لە خۆیدا جێگای پرسیارە ، بەڵام سەرەڕای ئەو تێروانینەش ئەم پرسیارە دێتە پێش کە ئاخۆ بەرز کردنەوی دروشمی بریقە دار وپێکهێنانی رێکخراوێکی ئەو تۆ کە خۆی بە نوێنەری چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بزانێت ، تا چەندە لە گەڵ سیمای راستەقینەی خەباتی مەدەنی وجەماوەری گەلی کورد هاوتەبایە ؟ گومانی تێدا نییە کە هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی وخەباتگێڕ لە دژی ئەو بزاڤە مەدەنی وریفۆرمخوازانەیەدا نییە وناشتوانێ ببێت ، چونکە هەموو هێزە دیموکراتخوازەکان لە پێناوی فەراهە مکردنی دەرفەت بۆ ڕادەربرینی ئازادانە ودیموکراتی خەبات دەکەن و ئەوەش بەشێکە لە ماڤ تاکە کەس کە دەبێ هەموو لایەك رێزی بۆ دابنێن لەو بارەشەوە هێزە دیموکراتخوازەکان نە تەنیا پشتگیری لە جولانەوەی جەماوەری ومەدەنی گەلی کورد دەکەن بەڵکو بەشێکە لە بەرنامە وپلانی سیاسی ئەو هێزانە ، لەم رووەوە بەرەی یەکگرتووی کورد تا ڕادەیەك توانیویەتی پشتگیری ئۆپۆزسیۆنی نێو خۆ ودەرەوەی وڵات بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی بزوتنەوەی ریفۆرمخوازی ومەدەنی گەلانی ئێران بە گشتی وگەلی کورد بە تایبەتی دەستەبەر بکات ، بەڵام لە هەمانكاتدا ئەو راستییەیان رووبەرو کراوەتەوە کە نە کەش وهەوای سیاسی ئێران بۆ بەشداری سیاسی و وەرێخستنی بزوتنەوەی سیاسی ومەدەنی شیاوە ونە بەرەی یەکگرتووی کورد میکانیزمی مادی وسیاسی ئەوتۆی لە بەر دەستدایە کە بتوانێ چین وتوێژە فرە چەشنەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بۆ ئەو مەبەستە لە دەوری خۆیدا کۆ بکاتەوە،

←

دریژەی لاپەڕی ئازاد

# دروشمەكانی بەرەی یەكگرتووی كورد لە تیۆرەوە تا پراكتیك

هەرچەندە كۆچی لە ناكاوی بەرچاوترین تیۆریسیەن و سیمای جەماوەری بزوتنەوەی ریفۆرمخوازی كورد موهەندیس ئەدەب خەسارێكی گەورە بوو بۆ بەرەی یەكگرتووی كورد بەڵام پاش ئەو كارەساتە ریفۆرمخوازانی كورد پێنجەمین كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ناوەندی بەرەی یەكگرتووی كوردیان بە بەشداریی نوێنەرانی پارێزگا كوردییە كان لە شاری تاراندا بەرێوە برد ، لەم كۆبوونەوەیەدا لۆگۆی بەرەی یەكگرتوو دەنگی لە سەر درا ودەقی كۆتایی پێڕەوپرۆگرامی پەسەند كراو وەك بەڵگەی فەرمیی ئاڕاستەی هەر پێنج پارێزگاكە كرا ودكتۆر بایزیدی مەردووخی بە زۆرینەی دەنگ وەك وتەبێژی كاتیی بەرە هەڵبژێرا ، بەڵام ئەوەی پتر لە هەموو لایەنەكانی تری ئەو كۆبوونەوە سەرنجی ئێمەمانانی راكێشا پەسەند كردنی دروشمی دابینكردنی دیموكراسی ، دادپەروەری كۆمەلایەتی وپەرەسەندنی هاوسەنگ بوو كە بۆ كۆتایی پێهێنانی پێنجەمین كۆبوونەوەی ئەو بەرەیە گەلاڵەكرابوون ، بە چاو خشاندنێكی خێرا و بە هەڵوێستە كردن لە سەر دروشمەكانی بەرەی یەكگرتووی كورد ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە هەڵگرتنی ئەو دروشمانە لە رووی تیۆرەوە ستراتژێكی راست ورەوایە وبگرە هەموو لایەنە سیاسییەكانی نێو خۆ ودەرەوەی ئێران بە پۆزەتیف لێی دەڕوانن، بەڵام ئاخۆ بەرزكردنەوەی ئەو دروشمانە و كردەوەی سیاسی بەرەی یەكگرتووی كورد تا چەندە یەكدەگرنەوە ؟ ئایا بەرەی یەكگرتوو لەتوانایدایە بەشێوەی پراكتیكی ئەو دروشمانە بخاتە بواری جێبە جیی كردنەوە وهەنگاویان بۆ بنێت ؟ بە دڵنیاییەوە دەبێ بلێین نەلە رابردوو ونەلەئێستادا ئەو بەرەیە نەیتوانیوە وناتوانێ هەنگاوی پراكتیكی بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بگرێتە پێش وئەوەش كە ئێستا بانگەشەی بۆ دەكات رەوایی دانە بە كەش وهەوای سیاسی داخراوی ئێران كە دەرفەتی هەموو جۆرە چالاكی وتێكۆشانی سیاسی لە هەڵسوڕێنەرانی بواری مەدەنی وسیاسی زەوت كردووە وبە رواڵەت وانیشان دەدات كە خەباتی مەدەنی بواری بۆ رەخساوە وئەوەتا بزوتنەوەیەكی تا ڕادەیەك نەتەوەیی بە بێ گرتنە بەری توند وتیژی خەباتی سیاسی دەكات

دریژەی

# پردی ئەجەل

ئامێز دابوو، پێم وابوو لێم ون دەبێ یان نەكا بابم پەشیمان بێتەوەو بی گەرێنێتەوە بۆ خاوەنەكەی. هێندێكجار بە خەیاڵ دەبووم بە كەسێكی زۆر ئازاو دلێر، هەرچی جاش‌و پاسداری سەر رێگامان بوو دەم كوشتن‌و كەوشەكانم لێدەستاندنەوە، یاخود دەبووم بە حەزەتی عەلی‌و "گوللە" كاری لێ نەدەكردم‌و بە شمشێرەكەم سەری هەرچی جاش‌و پاسداری نێو ئاوایی بوو دەپەڕاند. دوای ئەو سەركەوتنەش خەڵك منیان لە ئامێز دەگرت‌و تەپڵی سەركەوتنیان لێدەداو جووتە كەوشەكەشیان بە دیاری بۆ دێنامەوە. هەر وا غەرقی خەیاڵات بووم، لە پڕیە دەنگی گوللەیەك هەودای خەیاڵم پسا، نركەیەك لە بابم هات‌و بەدەم بەربۆوە سەر ئەرزی‌و دەستی كرد بۆ لرخە لرخ. دەتگوت دەستیان لە بینەقاقای ناوەو دەی خنكێنن. بە گریانەوە خۆم بەسەردا دا. هەموو دەم‌و چاوم بوو بە خوێن. زۆرم پێ‌سەیر بوو بۆ وای لێهات خۆ باش بوو. بەدەم گریانەوە هاوارم دەكرد بابە گیان! بابە بەقوربانت بم!

هیچ وڵامی نەدامەوە. هەر چۆنێك بوو سووراندمە سەر پشت. كە سەیرم كرد خوێن لە سەر سینگی هەڵدەقوڵی، لە كاتێكدا هێزی لە دەستەكانی دا نەمابوو چەند ئیشارەیەكی كرد كە بە داخەوە لێی تێ نەگەیشتم. دەم‌و چاوی هەموو داڕوشابوو. كە دەستم لە سەر سینگی دانا خوێن لە ژێر دەستم فوارەی دەكرد، ئیدی بۆم دەركەوت ئەم یەك "تەقەیە" كە كرا ئاخرین تیری ئەجەل بوو كە بە بابمیانەوە نا، (یارەبی دەستیان شكێ). پەشۆكابووم لە گریان زیاتر دەسەڵاتێكم نەبوو، ئاخر بۆ منێكی نۆ ساڵان زۆر دژوار بوو نەم دەزانی چی‌بكەم.

هیوا ئاخێكی كێشاو دەسرەكەی دەرهێناو فرمێسكەكانی سڕیەوە، مژێكی لە سیگارەكەداو گوتی: هاورێ گیان! ئەم بەرسەرهاتە هەر بە قسە خۆشە... كاكی خۆم...

دەستی پێ‌كردەوە: دوای كەمێك هێدی هێدی لرخە لرخی بابیشم كۆتایی پێ‌هات‌و پێم وابوو خەوی لێ‌كەوتوە. دوای چۆڵكردنی گوندەكە لە لایەن جاش‌و پاسدارەكانەوە، هەر كە ئارامی باڵی بە سەر گوندەكە دا كێشا خەڵك هرووژمیان هێنا بۆ كۆ كردنەوەی جەنازەكان. ئێمە مەودایەكی كەم لە شوێنی رووداوەكە دوور كەوتبووینەوە. نەم دەوێرا یەك بست لە بابم دوور كەومەوە. كە خەڵكەكەم دیت غیرەتم هاتەوە بەرو بە راكردن خۆم گەیاندە نێو خەڵكەكەو داوای یارمەتیم لێ‌كردن. كەس هۆشی كەسی نەبوو هەر مرۆڤ بوو لە كەس‌و كاری خۆی دەگەڕا. پەنام بۆ هەر كەس دەبرد وەڵامیان نەدەدامەوە. یەك هاتوهاوار بوو، باب ئاگای لە كوڕی خۆی نەبوو. دەتگوت رۆژی "حەشرە". لە دوور دیتم دوو كوڕی لاو دانیشتوون‌و سەریان بەردابۆوەو چیلكەیان لە ئەرزی دەوەژاند. رام كرد بۆ لایان، بە گریانەوە داوای یامەتیم لێ كردن. زۆر پیاوانە هاتن بە دەنگمەوەو منیان وەپێش خۆیان داو بە راكردن هاتینە سەر جەنازەكە باوكم...! دیارە من پێم وابوو هەر ماوەو نەمردوە. كە چاوم لێ‌كرد ئەوەندی دیكە سپی هەڵگەڕابوو. لێوەكانی شین‌و مۆر ببوونەوە.

هیوا مژێكی قووڵی لە سیگارەكەی دایەوەو دووكەڵ دەم‌و چاوی داپۆشی. هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشا، خۆی لار كردەوەو دەستی درێژ كرد لە كانیەكە یەك لۆچ ئاوی كردە ناو زاریووە، لێوە وشكهەڵاتووەكانی پێ تەڕ كردو درێژەی پێدا وتی:

من هەر پێم وابوو بابم ماوە پێم وابوو كە نەمردووە. بەڵام دوو كوڕە گەنجەكە هەر زوو زانیبوویان كە نەماوە، لە بەر من دەیان گوت: هیچ نیە ئینشاڵڵا باش دەبێتەوە.

بە ئیشاڵڵاكەی وان باوەرم كردو دڵم خۆش بوو. داوایان لە من كرد كە بەجێیان بێلم‌و بچم بۆ نێو ئاوایی. منیش هەولم دا كە بابم جێ نەهێڵم‌و هەر لە گەڵی بمێنمەوە. یەكێك لە گەنجەكان كە هەستی كرد من زۆر هیلاكم‌و هەڵدەلەرزم دەستی گرتم‌و لە گەڵ خۆی بردمیەوە ماڵی خۆیان. خودا خێریان بنووسێ ئەوانیش خێرا لیباسەكانیان بۆ گۆڕیم‌و لاق‌و دەستیان بۆ شۆردم. ئاوێكی ساردیان دامێ، بەمە باش بوو تۆزێك هاتمەوە سەرخۆ، زۆریشیان دڵخۆشی دامەوە. ئاواییش هەروا شڵەژا بوو تاریكی هەر دەهات‌و باڵی بە سەر دنیا دا دەكێشا. لە نێو ئاواییش بە غەیری زریكەو ناڵە هیچ شتێك بەر گوێ نەدەكەوت. دەنگی شین‌و گریان لە هەموو كۆڵانانەوە دەبیستراو هەر دەنگی شین‌و رۆرۆو دایكەرۆو بابە رۆ بوو لە ناو چۆم‌و شیوو دۆڵ‌و چیاكانی دەوروبەر دا دەنگی دەدایەوە. شەوێكی زۆر سامناك‌و ناخۆش بوو، من هەر ویزە ویزو وڕە وڕم لە گوێ دەهات. ژنی ماڵەكە كە هەستی كرد زۆر هیلاكم سەرینێكی بۆ هێنام تا راكشێم. هەر چی كردم نەم توانی بخەوم. هەر ئەمدیو ئەو دیوم دەكرد كە چاوم دەنووقاند خەونی ئالۆزم دەدیت. نەم دەوێرا چاو لەسەر یەك دانێم، نێو ماڵەكە كش‌و مات، كەس قسەی لەگەڵ كەس نەدەكرد. پێكەنین لە روخساری كەسمان دا بەدی نەدەكرا. هەر كەسە خۆی لە ژێر پەتۆیەك دا حاشار دابوو دەتگوت لە مۆتەكەی شەو ترساوین. یان خوای مەرگ دەوری داوین‌و چاوەڕوانی مەرگین. لەبەر هاڕە هاڕی گوێم ئاگام لە هیچ نەبوو. لە پڕ لە دەرگایان دا دەتگوت كەسێكەو مەرگ راوی ناوەو پەنای بۆ لای ئێمە هێناوە. هیچ كەس نەی دەوێرا دەرگای لێ بكاتەوە. ژنی خاوەن ماڵەكە بە ئەسپایی هەستاو!

گوتی: یا رەسوڵەڵلا ئەوە كێیە ! ؟

منداڵێك گوتی: منم براژنە... بیكەوە.

كوڕێكی هاوتەمەنی خۆم هاتە ژورەوەو سڵاوی كرد.

ژنی ماڵەكە: سەرچاوم كوڕی خۆم! فەرموو چیت دەوێ؟

گوتی: كوا هیوا كێیە؟ بانگی دەكەن...

منیش لە خۆشیان هەستام‌و...

گوتم: منم كاكە گیان كێ بانگم دەكا.

گوتی: كاك حەسەن بانگت دەكا.

پێم وابوو كە بابم داوای منی كردوە. لەگەڵ كوڕە چووم بۆ نێو ئاوایی، كە سەیرت دەكرد هەموو ئاوایی رەنگی مردووی لێ نیشتبوو، لە دوور تەراكتۆرێكم بینی ترێلێكی لێبەسترابوو. كۆمەڵێك خەڵك دەوریان دابوو. چەند كەسێكیش سوار ببوون. كاك حەسەن دەستی گرتم‌و سواری تەراكتۆرەكەی كردم.

گوتم: تۆ خودا كاك حەسەن كوا بابم؟!

گوتی: كوڕی چاك! بابت لە بیمارستانە وەزعی زۆر باشە.

كاك حەسەن هەمان كوڕە لاوەكە بوو كە منی بردەوە ماڵی خۆیان. لە سەر تەراكتۆرەكەش بە رێكەوت لە پاڵ خزمێكی خۆمانەوە دانیشتبووم كە ئەویش لە شار گەڕا بۆوە. من ناسیمەوە، كەچی ئەو هیچ روویەكی نەدامێ. پێم سەیر بوو گوتم رەنگە منی نەناسیبێتەوە! نەم دەزانی بۆ وا ماتەو قسە ناكا، ئاخر كاك غەفوور زۆربلێ بوو، نۆبەی هیچ كەسی نەدەدا، خۆی لە هەموو شتێك هەڵ دەقورتاند. كاری بەوە نەبوو كابرا دەناسێ یان نا. لێوە لەرزەم بوو، بە پچڕ پچڕ لێم پرسی كاك غەفوور تۆی؟

گوتێ: بەڵێ هێمن گیا...ن...!

تەواوی نەكردو دەستی كرد بە گریان. وا دەگریا ئاورت بۆی تێبەر دەبوو. منیش دڵم پڕ بوو بە دوای ئەودا دەستم پێكردەوە، ئەوەندەش گریا بووم وەخت بوو تەپڵی سەرم بێتەدەرێ، یەك ژانە سەرم بوو هەردووك چاوم پێوەی دێشا. لە گریانەكەی كاك غەفوور تێ‌نەگەیشتم، پێم وابوو جاش‌و پاسدارەكان لەویشیان داوە. رەنگە ئێش‌و ئازاری زۆربێ بۆیە وا بە خوڕ دەگری. كاك غەفوورو بابم زۆر یەكتریان خۆش دەویست، دوو رەفیقی نزیكی یەكتر بوون، هەموو شەو یان بابم لە ماڵی ئەوان بوو یان ئەو لە ماڵی ئێمە بوو. لە نێو ترێلیەكەش دا هەر دەنگی شین‌و گریان دەهات. ترسێك هەموو گیانمی داگرتبوو. خۆشم نەمدەزانی ترس لە چی؟ لە شوێنی رووداوەكە دوور كەوتبووینەوەبەرەو ماڵ دەبووینەوە ئیدی ترسی چی، دڵم زۆر توند بوو دەتگوت سەرما بردوومی هەر هەڵ دەلەرزیم. دەم ویست خۆم لە نێو ئامێزی كاك غەفوور دا بشارمەوەو لە رووم هەڵ ندەهات. تا بەم جۆرە گەیشتینەوە سریلاوا. دەبوو تەراكتۆرەكە لە نێوەراستی ئاوایی ئێمەی دابەزاندبا، كەچی یەك راست رووی لە لای ماڵی ئێمە كرد. پێم وابوو لەبەر من وادەكەن تا بە تەنیا نەچمەوە ماڵێ‌و لە رێگا نەترسێم. كە گەیشتینە بەر دەرگای خۆمان دایكم‌و خوشك‌و براكەم لەبەر دەرگا راوەستابوون، چاوەڕوانی هەواڵێك بوون، هەر كە لە تەراكتۆرەكە دابەزیم لە تاوان خێرا خۆم لە ئامێزی دایكم هاویشت، دایكیشم توند توند منی بەخۆوە دەگوشی‌و خێرا خێرا ماچی دەكردم. كاك حەسەن هات بۆلامان‌و بە چرپە شتێكی بە گوێی دایكم داچرپاند. دایكیشم زریكەی لێ‌بەرز بۆوەو پاڵێكی بە منەوە ناو خێرا رای‌كرد بۆ لای ترێلیەكە. بە چەند نەفەر جەنازەیەكیان لە نێو هێنایە خوار. گوتم رەنگە كەسێكی سریلاوا كوژرا بێ، كە دایكم چووە پێشەوەو دەستی بە خۆڕنین كرد منیش رام كردە لای. لە پاش چەند دەقیقە دایكیشم بووڕایەوە. ئەوجار ژنان گەیشتنە سەر دایكم، یەك دەیگوت ئاو بێنن، یەك دەی‌گوت دووری خەنەوە. بەكورتی ئەو شەوە بەر دەرگای ئێمە ببوو بە رۆژی مەحشەر. خوشك‌و براكەشم هەر یەكەی بەدەست كەسێكەوە بوو. ( لە ماڵی ئێمەدا من كوڕە گەورەی ماڵێ بووم هەر بۆیە بابم هەوڵی دەدا كە زوو شت فێر بم) كە سەیری جەنازەكەم كرد بابم بوو لە پەتۆیان پێچا بوو بە شین‌و گریان لە نێو ئاپۆڕەی خەڵك دا جەنازەی بابمیان بەرەو مزگەوتی ئاوایی برد. ئیدی ئەو شەوە تا بەیانی لە ماڵی ئێمە كەس خەو نەچوو بە چاویدا. بۆ بەیانییش خەڵكێكی زۆر جەنازەكەیان بە تەراكتۆر بردە گۆڕستانی"پلۆری باخی"و لەوێ تەسلیم بە خاكیان كرد.

هیوا بێدەنگ بوو. زوو زوو مژی لە سیگارەكەی دەدا. نێوچاوانی تێك نابوو، تووڕەییەكی زۆر بە روخساریەوە دیار بوو. هەستم دەكرد خۆی دەخواردەوە.

گوتم: هیوا گیان! خودا لێی خۆش بێ‌و خۆت سڵامەت، نارەحەت مەبە كاكە گیان.

هیوا نەفەسێكی قووڵی هەڵ كێشاو گوتی: لەگەڵ مردووی ئێوەش.

■

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا

## مێژوو

گێردا لێرنێر دەڵێ كلیلی تێگەیشتنی مێژووی ژنان، قبوولكردنی ئەم خاڵەیە كە مێژووی ژنان، مێژووی زۆرایەتیی مرۆڤەكانە. فیمینیستەكان بە نووسینی مێژووی ژنان بە شوێن ئامانجێكی دوولایەنەوەن: دووبارە ژنان بۆ مێژووو مێژوو بۆ ژنان بگێڕنەوە. ئەم نووسینانە تێور (بیردۆز) دەژێنێتەوەو، بناغە زەینییەكانی لێكۆڵینەوە مێژووییەكان دەهەژێنێ.

چەمكی بنەڕەتیی هزری مێژوویی فیمینیستی، پێوەندییە كۆمەلایەتییەكانی نێوان دوو رەگەزە.

مێژوونووسانی فیمینیست سێ هەڵوێستیان بۆ گۆڕینی روانگەكانی ئێمە هەمبەر بە رابردوو گرتۆتەبەر. یەكەم، ئەوان سەرلەنوێ پێناسەی میتۆدەكان‌و چەمكەكان - بە تایبەتی واتای قۆناغ بەندی - دەخەنە روو. بۆ نموونە، لێكۆڵەری سەردەمی رێنێسانس، جان كێلی - گەدۆل بە دیتنی تێچووەكانی بژێردراو لە لایەن



ژنانەوە لە سەردەمێك كە پێشتر پێشكەوتوو دەهاتەبەرچاو، بیردۆزەیەكی نوێی لە بارەی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتیی داهێنا (kelly – Gadol, 1976). هەر بەم پێیە لێكۆڵینەوەیەكی نانسی كات لە بارەی ئورووپاو ئەمریكای سەدەی نۆزدەیەم بە خستنەرووی زانیاریی نوێ لە بارەی گرنگیی دیالێكتیكی كولتووری نێر / مێی سەردەمی ویكتۆریا، بیركردنەوەی ئێمە لە بارەی كولتووری سەرمایەداریی گۆڕی (Cott, 1977). دووهەم، مێژوونووسانی فیمینیست بۆ رەتكردنەوەی قسە سواوەكان لە بارەی سروشتی ژن، شانبەشانی جنس، لەسەر چین‌و رەگەز وەك چەمكێكی لێكدانەوە، چڕ دەبنەوە. ئەوان پرسیاری دیكە لە بارەی هەڵكەوت‌و رۆڵی ژنان لە سەردەم‌و شوێنە تایبەتییەكان دا كردە جێ‌نشینی چەمكی ناوبراو. سەرئەنجام مێژوونووسانی فیمینیست، تێگەیشتنی هەموانیان لە بارەی گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكان‌و نەمانی كۆنترۆڵی ژنان بەسەر بەرهەمهێنان، سامان‌و خودی خۆیان دوای لێك جیابوونەوەی بیاڤە بنەماڵەیی‌و گشتی‌یەكان دا، گۆڕی.

فیمینیستەكان خۆشبینانە لەسەر ئەم باوەڕەن كە بە خاوەنكردنی زەینیی مێژوومان هەر جۆرێك بێ، تێگەیشتنێكی ژنانەی بە كۆمەڵی لێ‌دەكەوێتەوە. (Mies, 1983).

مارشا وێستكۆت لە سەر ئەم باوەڕەیە كە هەر جۆرە لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی ژنان، بە تایبەتی ئەگەر ژنان بۆخۆیان تۆماری بكەن، دەبێتە هۆی ئاوێتەبوونی روح‌و مێژوو (Westkott, 1983).

# لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموكراتی كوردستان كۆببنەوە

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 471   7 Oct  2007

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

# خەڵاتی لیژیۆن دۆنۆر پێشکەش بە هونەرمەندی گەورەی کورد شەهرام نازری کرا



گەورەترین خەڵاتی کولتووریی فەرانسە بە ناوی لیژیۆن دونۆر لە رۆژی ٢٩ی سێپتامبری ٢٠٠٧ی دا پێشکەش بە هونەرمەندی گەورەی کورد و گۆرانیبێژی مۆسیقای کلاسیکی ئێرانی، شەهرام نازری کرا.

ئەو خەڵاتە لە ڕێورەسمێکی تایبەت دا و لە شوێنی تیاتری پاریس (theatre de laville ) پێشکەش بە شەهرام نازری کرا.

ئەو خەڵاتە سێ پلەی هەیە کە شەهرام نازری گەورەترین پلەی واتە شوالیەی لیژیۆن دونۆری وەرگرت.

تا ئێستا لە ئێران ڕەزا دیققەتی (وێنەگر)، شیرین عیبادی(هەڵگری خەڵاتی ئاشتیی نۆبیل)، محمود حیسابی (دامەزرێنەری فیزیک و ئەندازیاریی نوێ لە ئێران)، عەباس کیارۆستەمی ( دەرهێنەری سینەما)، پەری سابیری(دەرهێنەری تیاتر)، جەلال سەتاری( ئەفسانە ناس)، محەممەد عەلی  سپانلوو (چیرۆك نووس) و ئێران تەیمور تاش(کچی وەزیری دەرباری ڕەزا شا پەهلەوی) خەڵاتی لێژیون دونۆریان وەرگرتوە.

شەهرام نازری یەکەم هونەرمەندی گۆرانیبێژە لە ئێران و هەروەها یەکەم کوردە کە ئەو خەڵاتە وەردەگرێ. لە یەك ساڵ لەوەپێشەوە بڕیار درابوو کە ئەو خەڵاتە بە ناوبراو ببەخشرێ، بەڵام لەبەر هێندێك هۆکاری جیاواز ڕێوڕەسمی پێشکەش کردنی وەدرەنگی کەوت.

سەرچاوە : بی بی سی
وەرگێران بۆکوردی : وریا کوردی

# ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن یونسکۆوە بە ساڵی مەولانا ناودێر کرا



هاوکات لە گەڵ هەشتسەدەمین ساڵی لە دایکبوونی مەولانا جەلالەدینی بەڵخی، ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە بە ساڵی مەولانا ناودێر کرا. هەر بەم بۆنەیەوە هەتا ئێستا سمینارو فستیڤاڵی جۆراجۆر بۆ ڕێزگرتن لە مەولاناو ئاوردانەوە لە ژیانی پڕ لە ڕووداوی ئەو بەڕێوە چوون یا لە داهاتوو دا بەڕێوە دەچن. لە ستۆکهۆڵم لە ڕۆژانی ٢٩و ٣٠ی سێپتامبر دا بە هاوکاریی ئەنجومەنی کولتووریی ڕۆمی لە سوودراتیات فستیڤاڵێك بەڕێوە چوو. لەم فستیڤاڵە دا لە ڕێگای کۆڕو کۆبوونەوەو شێعر خوێندنەوەو مۆسیقاو هەڵپەڕکێوە، لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەرو عیرفانی مەولانا، تیشکی خرایە سەر. بە ڕۆژ کۆڕو کۆبوونەوەی وتار پێشکێش کردنو شەوان سەماو هەڵپەڕکێ بەڕێوە چوون. لەم فستیڤاڵە دا چەند کەسایەتیی ئەدەبیی سوئێدیو نۆروێژیو ئێرانی لە بارەی شێعرەکانی مەولاناو کاریگەرییان لە سەر ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکە وتاریان پێشکێش کرد. لە کۆتایی ڕۆژی یەکەمی ئەم فستیڤاڵەدا، لە لایەن گرووپی ڕۆمییەوە کە سەرپەرستەکەیان بارام باجەلان، ئاهەنگسازو گۆرانیبێژی ناسراوی دانیشتووی سوئێدە، بەرنامەی موسیقا پێشکێش کرا. ئەم گرووپە لە کۆرسێکی ٩ کەسیو دە ئامێرژەن پێك هاتوە کە ٣ کەسیان سوئێدین.



ماڵپەری: ایران امروز

# کتێبێکی تازە لە بارەی ئیعتیاد لە ئێران دا




لەم دواییانەدا کتێبێکی خاتوو "مێهر ئەنگیز کار" لە ژێر ناوی "خانوادە و اعتیاد" دا بڵاو بۆوە. ئەم کتێبە کە لە لایەن ناوەندی چاپەمەنیی "نشر باران" بڵاوبۆتەوە لە کۆمەڵێك باس پێك هاتوە کە بریتین لە: "ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ئیعتیاد لە ئێران دا"، "پەرە گرتنی نائەمنی لە وڵات"، "ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتی" "بنەماڵە لە بەر پەلاماری با"، "ئەو بەستێنەی کە موعتاد تێی دا پەروەردە دەبێ"، منداڵانی ئیعتیاد لە هەلومەرجی جیاواز دا"، بنەماڵەو کۆڵەکەکانی"، بەرپرسایەتیی سزای منداڵان"، چاوخشاندنێك بەسەر بارودۆخی ژیانی منداڵانی ئیعتیاد لە وڵاتانی دیکە"، منداڵانی ئیعتیاد، تاوانبارانی بێ تاوان"و "ڕۆڵی کاربەدەستانی حکوومەت لە کڕینو فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان دا".



ئەو کتێبە ساڵی ١٣٧٥و لە ژێر ناوی "منداڵانی ئێعتیاد" لە لایەن چاپەمەنیی "روشنگران"و "مطالعات زنان" لە ئێران بڵاو بۆوە. بەڵام چاپی سێهەمی ئەم کتێبە کە چەند بەشێکی تازە لە بارەی گیروگرفتەکانی ئەمڕۆی ئیعتیادو بنەماڵەی لێ زیاد کرابوو، لە لایەن دەوڵەتی ئەحمەدی نژادەوە ڕێگای چاپو بڵاوبوونەوەی پێ نەدرا. خاتوو مێهر ئەنگیز کار لەم کتێبە دا دەڵێ: هەر سێ خولەك کەسێك لە ئێران تووشی ئیعتیاد بە ماددە هۆشبەرەکان دەبێ."

ایران امروز

## مرواریی دەریای وشە

ـ هێندێك جار زاریخۆ گرێدان باشترین ڕێگا چارەیە.
**(برایان رابینسۆن)**

ـ لە پێشدا لە هەوڵی باشکردنو گەشەی خۆتان دابن بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتیی کەسانی دیکە بدەن.
**(کاترین پاندر)**

ـ هیچ شتێك خەماویترو بێ کەڵکتر لە ژیانێکی بە دوور لە پێشکەوتن نیە.
**(ئانی کرکوود)**

ــ وره وەبەرنانی خەڵك ڕێگایەکی بنەڕەتییە بۆ پێکهێنانی پێوەندی لە گەڵ کەسانی دیکە.
**(ستیفان روت شانۆن)**

# چە پکێك گوڵ بۆ سەر جێگای بەتاڵی نووسەرێکی شەهیدی "کوردستان"

بەر لەماڵاوایی

**قادر وریا**



لە ٦ی ڕەزبەری ١٣٧٣دا، حیزبی دیموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵەیەکی بەنرخو خەباتکارێکی بەتوانایان لە دەست دا. عەبدوڵڵا شەریفی ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی کومیتەی شارستانی مەهاباد، شەوی ٦ لە سەر ٧ی ڕەزبەر لە کاتی چوون بۆ ئاوایی کاوڵان لە "دەراوی شەکراوێ" (ناوچەی گەورکایەتی مەهاباد) کەوتە بەر دەسڕێژی خۆفرۆشانو گیانی لێئەستێندرا.

عەبدوڵڵا شەریفی لەو سیما ناسراوانەی کادری ڕێبەریی حیزبی دیموکرات بوو کە تواناو لێهاتوویی خۆی لە مەیدانو سەنگەرە جۆراوجۆرەکاندا، بە باشی نیشان دابوو. ئەو وەك کادری سیاسیو تەشکیلاتیو وەك بەرپرسی کومیتەی شارستانەکانی مەهابادو سەردەشت، کار لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشو تێکۆشانو بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتیی سەدان کادرو پێشمەرگە لە هەلومەرجی سەختو پڕمەترسیی قۆناغی پارتیزانییدا، بە سەرکەوتنەوە ئەنجام دابوو. هەر وا کە بۆ کادرو پێشمەرگەکانی هاوڕێی، دۆستو هاوڕێو ڕێنوێن بوو، لە گەڵ کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی گوندەکانی کوردستان، مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایانی قوتابخانەکانو زۆر سیمای خۆشناوو نیشتمانپەروەر لە شارو گوندەکاندا، پێوەندییەکی دۆستانە بەهێزی بوو. ڕابردووی بە دوور لە لاوازیی سیاسیو نەسڵەمینەوە لە کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانو، پێشاندانی بەڕێوەبەرێتییەکی سەرکەوتوو لە کومیتەو ئۆرگانەکانی ژێر سەرپەرستیدا، کاك عەبدوڵڵای کردبوو بە چەند کەسایەتییەکی زۆر دیاری نێو حیزبی دیموکرات. بە تایبەتی کە لە تەنیشت کارنامەیەکی خاوێنو پڕ لە فیداکاریدا، ئاگایییەکی باشو ئازایەتییەکی شەخسیو سیاسیی تایبەت بە خۆی هەبوو. عەبدوڵڵا شەریفی پشت ئەستوور بەم پەرێزە خاوێنەی خۆیو خۆشەویستییەکی قووڵ کە لە نێو بەدەنەی حیزب دا بەرامبەر بە خۆی هەستی پێدەکرد، هەم توانی ببێتە ناوکی سەرەکیی بەربەرەکانیی نێوخۆیی بە دژی تاقمبازی، پاوانخوازیو ناوچەگەریی بە ئەنقەست پەرەپێدراوی نێو حیزب لە ساڵانی ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٣ی هەتاویدا هەم بە ئازایەتییەوە کەوتە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی شەڕکردنو دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە بە تایبەتی لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان کە لە دوای کۆنگرەی هەشتەمەوە ڕیزەکانی خۆیان جیاکردبۆوە. ئەو نەك هەر داوای ڕاگرتنی شەڕی داسەپاو بەسەر هاوڕێیانی پێشوودا، بەڵکوو خوازیاری لێك نزیکبوونەوەو یەکبوونەوە بوو. بە بۆنەی ئەم هەڵوێستانەشییەوە کەوتە بەر ڕقی سکرتێری گشتیی ئەو کاتو هاوقۆڵەکانیو، تەنانەت لە هێندێك حەقو ئیمتیاز کە مافی بێئەملاوئەولای خۆی بوون، بە بۆنەی سووربوون لە سەر ئەم هەڵوێستانەی بێبەش کرا.

بەڵام کاك عەبدوڵڵا نەك هەر لەسەردەمی تێکۆشاندا، بەڵکوو لە دوای مردنیشیەوە، لەگەڵ ستەمو ناهەقی بەرەوروو بوو. لە حاڵێك دا لە ٢ ساڵ پێش شەهید بوونیشیەوە لە نێو حیزبی دیموکراتو تەنانەت لە دەرەوەی حیزبەکەی بە ئاڵاهەڵگری یەکبوونەوەی حیزبی دیموکرات ناسرابوو، لە ڕێورەسمی پرسەکەیدا، سکرتێری ئەو کاتی حیزب کە بۆ یەکەم جار زمانی لە چاکەو ستایشی کاك عەبدوڵڵا شەریفیدا دەگەڕا، لە جیاتی قامك دانان لەسەر تایبەتمەندیی یەکیەتیو تەباییخواز بوونی ئەو شەهیدە، هەوڵیدا لە ناوو ناوبانگو خۆشەویستیو شەهیدبوونەکەی بۆ پەرەپێدانی ڕقو نەفرەت بە دژی هاوڕێیانی پێشوومان کەڵك وەربگرێ کە دیارە ئەم کەڵکوەرگرتنە ئامرازییە هەر ئەو کات وڵامی پێویستی پێدرایەوە. ئەمساڵیش لە "١٣"ساڵەی شەهید بوونی کاك عەبدوڵڵا شەریفیدا، تەلەڤیزیۆنی "تیشك" ڕاست هەمان بەش لە قسەکانی "١٣" ساڵ لەمەوبەری کاك مستەفا هیجری بڵاو کردەوە. ئەوەش لە حاڵێك دایە کە لە ماوەی ١٣ ساڵی ڕابردوودا نە کاك مستەفاو نە هیچ کام لە هاوقۆڵەکانی، جارێك لە جاران، نە بە دەمو نە بە نووسراوە، یادێکی بەخێری ئەو شەهیدە گەورەیان نەکردۆتەوە!

بەڵام دوور لە هەموو ئەم قسانە، عەبدوڵڵا شەریفی هەقی زۆری بە سەر نەتەوەکەیو حیزبەکەیەوە هەیە، چونکە گیانی خۆی لە پێناوی ئاواتو ئامانجەکانی ئەوان دا بەخشیو، هەر خزمەتێکی لە پێوەندی لەگەڵ ئەوان دا لە دەستی هات درێغی نەکرد. دیارە ئەو ڕۆڵە بەنرخەی نەتەوەکەمان هەقێکی تایبەتیشی بەسەر ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە هەیە. چونکە نزیك بە ٤ ساڵ هاوکاری نزیکی دەستەی نووسەرانی بووو کۆمەڵێك وتاری بەپێزی لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاو بۆتەوە. "کوردستان" ئەگەرچی چەند جاری دیکە یادی ئەو نووسەرە شەهیدەی خۆی کردۆتەوە، بەڵام بە ئەرکی خۆی دەزانێ لە داهاتووش دا لە یادکردنەوەی غافڵ نەبێو یادێکی ئەوتۆی بکاتەوە کە شایانی گەورەیی ئەو کەسایەتییە بەرزە بێ.

**یادی لە دڵمان دا هەروا سەوزو،**
**ژینی کورتو پڕ لە شانازیی هەروا سەرمەشقمان دەبێ.**